# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4 – 14ی بەفرانبار 2715 (750) دینار

## کۆسرەت ڕەسوڵ لێژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر نەجمەدین کەریم پێکدێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

بە فەرمانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە کە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دارایی یەکێتی تێدایە، لەسەر د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک، لەبارەی داهات و فرۆشتنی نەوتی کەرکووک پێکدەهێنرێ.

بەرپرسێکی باڵای یەکێتی کە ئاگاداری تەواوی بابەتەکەیە، هۆکاری دروستکردنی ئەو لێژنەیە بۆ (ڕووداو) دەخاتەڕوو "فەرمانی لێژنەکە دەرچووە و پێکهێنراوە، کارەکەشی لێکۆڵینەوەی جددییە لەسەر ناشەفافیەتی دۆسیەی نەوتی کەرکووک".

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، لەبارەی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر کە حکومەتی عێراق نەوتی کەرکووکی دەفرۆشت، بەردەوام لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆ داتاکان دەهاتن کە چەند فرۆشراوە و بە چەند فرۆشراوە، بەڵام لە مانگی شەشی پارساڵەوە کە پرۆسەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێ، هێشتا هیچ داتایەک بۆ ئەنجوومەن نەهاتووە". ڕێبوار تاڵەبانی ئاشکرای کرد کە "ڕێککەوتنی نەوتی لە نێوان پارێزگاری کەرکووک و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، داوامان لە پارێزگاری کەرکووک کردووە بۆمان روون بکاتەوە، بەڵام هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە".

« 3





### مەڕی کوردی مەترسی لەناوچوونی لەسەرە

8

**عەزیز وەیسی:**

### 140 کچی فارس نۆرەیان بۆ گرتووم

10

### سەرۆکی پێشووی زانکۆیەکی کوردستان دەدرێتە دادگا

2

**هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق بۆ (ڕووداو):**



# لایەنێکی کوردی بە عەبادییان گوتووە پارەی پێشمەرگە بۆ یەک حیزب دەچێت

ئەگەر نرخی نەوت بەوشێوەیە بمێنێتەوە لەمانگی نیسانەوە ناتوانین مووچەی فەرمانبەرانی عێراق بدەین

« 5

## مانگانە 875 هەزار دینار بۆ شەڕڤانەکانی دەنێرێت

**فەرماندەی یەبەشە بۆ (ڕووداو):**

# بەغدا بەڵێنی داوە تانک و تۆپمان بۆ بنێرێت




« 4

## رووسیا زیانی 385 هەزار دۆلاری لە فڕۆكەخانەی سلێمانی داوە

**رووداو- سلێمانی**

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند "لە ساڵی رابردوودا دەستیان بەسەر 124 بەڵگەنامەی ساختەدا گرتووە و 245 كەس لە وڵاتانی دەرەوە بۆ سلێمانی سنووردداش كراونەتەوە، 24 كەسیش لەسلێمانییەوە رەوانەی وڵاتەكانیان كراونەتەوە. تاهیر عەبدوڵڵا هەروەها گوتی "راگرتنی گەشتەكانی فڕۆكەخانەكە بەبیانووی تێپەڕینی مووشەكەكانی رووسیا بەسەر ئاسمانی كوردستاندا زیانی 385 هەزار و 890 دۆلاری بە فڕۆكەخانە گەیاند". هەروەها ئاشكرای كرد ژمارەی گەشتیارانی فڕۆكەخانەكە لە ساڵی رابردوودا گەیشتووەتە 574 هەزار و 654 كەس.



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4

# ئەمریكا فیرقەیەك بۆ سوننەكانی مووسڵ دروستدەكات



**ناسر نهێلی**
**رووداو- دهۆك**

ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بڕیاری داوە فیرقەیەك بۆ عەرەبی سوننەی مووسڵ دروست بكات. سوننەكان چاوەڕێی رەزامەندیی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەن و دەڵێن ئەگەر ئەو رەزامەندی لەسەر نەبێت رەتی دەكەنەوە.

جگە لە هێزی حەشدی نیشتیمانی كە هێزێكی سوننەیە و لەلایەن توركیاوە راهێنانیان پێدەكرێ، ئەمریكا بڕیاری داوە فیرقەیەكی سەربازی لە سوننەكانی پارێزگای نەینەوا دروست بكات.

سەرچاوەیەكی بەرپرس لە عەرەبە سوننەكانی پارێزگای نەینەوا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەمریكییەكان پێیان راگەیاندووین كە بە هەموو جۆرێك پشتگیریمان دەكەن و بەمزووانەش سەربازگەیەكمان لە نزیك مووسڵ بۆ دەكەنەوە. هەموو شتێك ئامادەیە، ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەكەین مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان رەزامەندی لەسەر دروستكردنی ئەو فیرقەیە بدات، چونكە ئەگەر بارزانی رازی نەبێت، ئێمەش رازی نابین".

دوای كۆنترۆڵكردنەوەی شاری رومادی لەلایەن هێزە عێراقییەكانەوە، ئێستا رزگاركردنی شاری مووسڵ بووەتە رۆژەڤ كە رۆژی 2014/6/10 كەوتە دەست چەكدارانی داعش، بەڵام رزگاركردنی ئەو شارە وادیارە بە سانایی نابێت، چونكە دوا پێگەی گرنگی چەكدارانی داعشە لە عێراق، ئەویش دوای رزگاركردنی تكریت و رومادی و ئەو شوێنانەی لە باشووری كوردستان داگیریان كردبوو.

هەفتەی رابردوو ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لەگەڵ بەرپرس و ئەندامانی ژووری ئۆپەراسیۆنی مووسڵ كۆبووەوە. لەو كۆبوونەوەیەدا باسی نیازی ئەمریكییەكان لە دروستكردنی ئەو فیرقە تازەیە كراوە كە ژمارەیان نزیكەی 25 هەزار سەرباز دەبێت.

ئەو سەرچاوەیە كە بڕیارە بەرپرسیارێتی لەو فیرقە نوێیە وەربگرێ و بەڵام نەیویست ناوی بڵاوبكرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "ئەو هێزەی ئێستا لە حەشدی نیشتیمانی و پۆلیسی مووسڵ بۆ هێرشكردنە سەر مووسڵ ئامادە كراوە كە ژمارەیان نزیكەی 10 هەزار سەرباز و پۆلیس دەبێت، رەنگە نەتوانن بە تەنیا مووسڵ رزگار بكەن، لەبەر ئەوە ئەمریكا دەیەوێت هێزێكی زیاتر بە چەك و تەقەمەنیی باشترەوە ئامادە بكات، بۆ ئەوەی پاڵپشتی هێزی حەشدی نیشتیمانی بكەن". گوتیشی "دروستكردنی ئەو هێزە تەنیا بۆ كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵ نییە، بەڵكو دوای كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵیش هەردەمێنن و پارێزگاری لە ناوچە كۆنترۆڵكراوەكان دەكەن".

نزیكەی ساڵێك و سێ مانگە لە هەردوو سەربازگەی باشیك و بەردان 9000 پۆلیس لەگەڵ 1200 سەرباز لەلایەن راهێنەرانی سوپای توركیاوە راهێنانیان پێدەكرێ. ئەو هێزەش لەلایەن ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی نەینەواوە سەرپەرشتی دەكرێت كە پەیوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ توركیا و هەرێمی كوردستان هەیە. ناوبراو لەسەر دۆسیەی كەوتنی مووسڵ، لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە متمانەی لێوەرگیرایەوە.

بەرەكات شەمۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت "دوای رزگاركردنی شاری رومادی، هەوڵەكان بۆ هێرشكردنە سەر شاری مووسڵ چڕبوونەتەوە. هەفتەی رابردوو بەرپرس و ئەندامانی ژووری ئۆپەراسیۆنی مووسڵ لە ناحیەی ئەلقوش كۆبوونەوە و باسیان لە چۆنیەتی خۆئامادەكردن بۆ هێرشكردنە سەر مووسڵ كرد".

ژووری ئۆپەراسیۆن كە بۆ هێرشكردنە سەر مووسڵ پێكهێنراوە، ئێستا لە شاری هەولێر كارەكانی بەڕێوەدەبات. لەو ژوورەدا نوێنەری هەرێمی كوردستان، ئەمریكا و عێراق هەیە. شەمۆ دەڵێت "بەرپرسی ئەو ژوورە عەرەبێكی سوننەیە، بەڵام كوردیش رۆڵێكی بەرچاوی لەو ژوورەدا هەیە، ئێستا هەموو هەوڵەكانی ژوورەكە بۆئەوەیە كە پێشمەرگەش بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵدا بكات".

**شەش سكاڵا لەسەرە و دووجار فەرمانی گرتنی دەرچووە**

# سەرۆكی پێشووی زانكۆیەكی كوردستان دەدرێتە دادگا

**عوبەید رەشافایی**
**رووداو- دهۆك**

بەتۆمەتی "گەندەڵی"، شەش سكاڵا لەسەر سەرۆكی پێشووی زانكۆی نەورۆز لە شاری دهۆك تۆماركراون. دادگاش تاوەكو ئێستا دووجار بڕیاری دەستگیركردنی بۆ دەركردووە.

زانكۆی نەورۆز كە زانكۆیەكی ئەهلییە، ساڵی 2004 لە دهۆك لەلایەن چەند وەبەرهێنەرێكەوە دامەزرا. وەزارەتی خوێندنی باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستانیش سەرپەرشتی زانكۆكە دەكات.

سەرچاوەیەك لە زانكۆی نەورۆز كە پێی باش نەبوو ناوی ئاشكرا بكرێت، باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی كێشەی سەرۆكی پێشووی زانكۆكە دەكات و دەڵێت "وەبەرهێنەرێك بەناوی (ئا، ب) كە پشكی هەیە لە زانكۆكە، بڕوای بە سەرۆكی پێشووی زانكۆكە نەبوو، گومانی هەبووە لە ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەك".

ئەو سەرچاوەیە گوتی "دوای گۆڕانكاری لە زانكۆ كە یەكەمجار بە گۆڕینی سەرۆكی زانكۆ دەستیپێكرد و دەستەیەكی ئەمینداری نوێ بۆ زانكۆ پێكهێنرا، دەستەكە بەدواداچوونی بۆ سەرجەم دۆسیەكانی زانكۆكە كرد".

لە مانگی نیسانی 2015 ئەمیندارێتی زانكۆكە سەرۆكێكی نوێی بۆ زانكۆی نەورۆز دەستنیشان كرد. دواتر بە فەرمانی دەستەی ئەمینداریی زانكۆ دەست بە لێكۆڵینەوە لە دۆسیەكانی زانكۆكە كرا.

د.ئامەد محەمەد ساڵح، سەرۆكی نوێی زانكۆی نەورۆز بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای لێكۆڵینەوە، ئێستا لەلایەن زانكۆوە شەش سكاڵا لەسەر هەندێك كەمتەرخەمی تۆماركراون، سكاڵاكانیش لە دادگای سێمێل و دهۆك تۆمار كراون".

بەگوێرەی سەرچاوەیەكی سەرۆكایەتی زانكۆی نەورۆز "ئەو كەیسانەی ئێستا لە دادگان، هەموویان لەسەر گەندەڵین و ئەوەی زیاتر زانكۆی تووڕە كردووە و پڕە لە كێشە، تەلاری كۆلیژی ئەندازیارییە".

سەرۆكی زانكۆی نەورۆز نایشارێتەوە كە زۆرترین كێشە و گرفت لە دروستكردنی ئەو تەلارەدا هەیە، لەوانەش كوالێتی تەلارەكە "هیچ قۆناغێكی دروستكردنی تەلارەكە پشكنینی بۆ نەكراوە، تەنانەت بە زارەكی نهۆمێكیان بۆ زیاد كردووە، كەشفی زیادەش بۆ نهۆمێك بە زارەكی كراوە، تەلارەكە كەموكوڕیی زۆری تێدایە، بۆیە ئێستا بە فەرمانی دادگا ئەو پارەیەی كە ماوە لەو باڵەخانەیەی خەرج دەكەین".

سەرۆكی زانكۆی نەورۆز هەروەها ئاشكرای كرد كە "بەڵێندەری جێبەجێكار كە كۆمپانیای mrc بووە، ئێستا هەڵاتووە".

دۆسیەیەكی دیكەی ئەو زانكۆیە خانوویەكی پلاستیكییە كە رووبەرەكەی 180 مەتر دووجایە و بە دیاری بۆ زانكۆ هاتووە، بەڵام سەرچاوەكەی زانكۆ دەڵێت "سەرۆكی پێشووی زانكۆ ئەو خانووەی بردووەتە نێو باخەكەی خۆی، بگرە وەسڵێكی دروستكردووە بە ناوی خانووەكە بە 37 هەزار دۆلار".

سەرۆكی زانكۆی نەورۆز لەو بارەیەوە گوتی "ئێستا بە بڕیاری دادگا ئەو خانووە لەناو باخەكەدایە، بەڵام هەر كاتێك ماوەی تانەدانی بڕیارەكە تەواو بوو بۆ زانكۆ دەگەڕێتەوە".

كەیسەكانی زانكۆی نەورۆز هەر ئەوەندە نین، بەڵكو وەكو سەرچاوەكەی زانكۆ باسی دەكات "دوو جار وەسڵی خەرجكردن بۆ دروستكردنی گۆڕەپانی زانكۆی نەورۆز نووسراوە كە زیاترە لە 30 ملیۆن دینار، ئەو كەیسەش لە دادگای سێمێلە". هەروەها گوتی "دوو كەیسی دیكە لە دادگابوون لە بەرژەوەندی زانكۆ تەواوبوون، ئەویش چەكێكی 60 ملیۆن دیناری و یەكێكی 30 ملیۆن دیناری بوو، ئەو دوو دۆسیەیە لە دادگای دهۆك یەكلایی بوونەتەوە".


بەگوێرەی زانیارییەكانی (رووداو)، لە مانگی تشرینی یەكەمی 2015ەوە دۆسیە لەسەر سەرۆكی پێشووی زانكۆی نەورۆز لە دادگای سێمێل كراوەتەوە، تاوەكو ئێستاش (ئ.ئ.س) سەرۆكی پێشووی زانكۆی نەورۆز نەچووەتە دادگا و دووجاریش فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە".

د.ئامەد محەمەد ساڵح نایشارێتەوە كە لەڕووی دارایی و كارگێڕییەوە زانكۆكەیان زۆر خراپ بووە، بەڵام دەڵێت "لە لەڕووی زانستییەوە بە شایەتی وەزارەتی خوێندی باڵا و خەڵك و قوتابیان لە زانكۆ ئەهلییە هەرە باشەكانی كوردستانە".

(رووداو) چەند جارێك پەیوەندی بە سەرۆكی پێشووی زانكۆ و پارێزەرەكەیەوە كرد، بەڵام ژمارەی هیچیان بەردەست نەبوو.




# ئەو پزیشكانەی گورچیلەی ژنەكەیان دەرهێنا سزا دەدرێن



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو لیژنەی لێكۆڵینەوەیەی لەلایەن تەندروستیی سلێمانییەوە بۆ دۆسیەی دەرهێنانی گورچیلەی ژنێك لە شاری سلێمانی پێكهات، كارەكانی تەواو كرد و داوا دەكات سزای دوو مانگ دوورخستنەوە لە كار بۆ پزیشكێك دەربكرێت و سزای ئاگاداركردنەوەش بۆ ئەو پزیشكە دەربچێت كە نەشتەرگەرییەكەی كردووە، بەڵام نەخۆشخانەكە سزا نادرێت.

رۆژی 2015/10/22 پرشنگ ئەوبەر، تەمەن 29 ساڵ كە دانیشتووی شارۆچكەی هەڵەبجەی تازەی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، لە نەخۆشخانەیەكی تایبەت لە سلێمانی لەرێگەی نەشتەرگەرییەوە منداڵی چوارەمی بوو، بەڵام دواتر دەركەوت لەگەڵ نەشتەرگەرییەكە گورچیلەیەكیشی دەرهێنراوە. دوای رووداوەكە فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی لیژنەیەكی لێكۆڵینەوەی پێكهێنا كە لە دادوەرێك و دوو پزیشك و پارێزەرێك پێكهاتبوون.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەكی بەرپرسەوە دەست (رووداو) كەوتوون، كارەكانی ئەو لیژنەیە لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی رابردووەوە تەواو بووە و بەو قەناعەتە گەیشتوون كە لە نەشتەرگەریی ئەو ژنەدا چەند هەڵەیەك كراوە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "هەڵەی یەكەمیان پەیوەندی بە خودی ژنەكەوە هەیە كە هەتا ئەو كاتەی سكی بووەتە حەوت مانگ، سەردانی پزیشكێكی كردووە، بەڵام لە كاتی منداڵبووندا خۆی رۆیشتووەتە ئەو نەخۆشخانەیە و بەتایبەتیش بۆ لای پزیشكی منداڵبوون. پزیشكەكەش بەبێ ئەوەی داوای پشكنین و سۆنەری پێشتری ئەو نەخۆشە بكات، یان داوا بكات پشكنینی نوێی بۆ بكرێت، دەستبەجێ گوتوویەتی نەشتەرگەریت بۆ دەكەین".

وەك ئەو سەرچاوەیە باسی كرد، كاتێك پزیشكەكە كۆتایی بە نەشتەرگەریی منداڵبوونەكە هێناوە، گرێیەكی بینیوە كە لە پشت منداڵدانی ژنەكەوە بووە و بڕیاری داوە دەریبهێنێ، سەرچاوەكە گوتی "لەو كاتەدا ژنەكە نیو بەنج بووە و پزیشكەكە گوتوویەتی ئەو گرێیەت بۆ لادەبەم، ژنەكە رازی نەبووە، بەڵام دواتر هەر ئەو پزیشكە پەیوەندی بە پزیشكی نەشتەرگەرییەوە كردووە بۆ لابردنی ئەو گرێیە، پاشان دەركەتووە گرێ نییە، بەڵكو گورچیلە بووە".

بەپێی زانیارییەكانی سەرچاوە تەندروستییەكەی (رووداو) "لیژنەكە دوای لێكۆڵینەوە سزای بۆ ئەو دوو پزیشكە داناوە و سزاكانیش بۆ داواكاری گشتی بەرزكراونەتەوە، داواكاری گشتی سزای پزیشكی نەشتەرگەرییەكەی پێ كەم بووە، بۆیە لیژنەكە پێداچوونەوەیان بە سزاكەدا كردووە، سزای پزیشكی منداڵبوونەكە دراوە بە دوورخستنەوەی بۆ ماوەی دوو مانگ لە پیشەكەی. سزای پزیشكی نەشتەرگەرییەكەش پێدەچێت ئاگاداركردنەوە بێت، ئەوەش لەبەرئەوەی داوای پشكنینەكانی نەكردووە".

سەبارەت بە سزای نەخۆشخانەكەش، ئەو سەرچاوەیە گوتی "نەخۆشخانەكە سزا نەدراوە، لەبەرئەوەی تاوانی نەبووە و ئەگەر ئەو ژنە لەو نەخۆشخانەیەش نەبووایە، پێدەچوو لە شوێنێكی دیكە نەشتەرگەرییەكەی بۆ بكرایە". هەروەها گوتیشی "ئەنجامەكە رەوانەی تەندروستی سلێمانی كراوەتەوە، بەڵام تاوەكو ئێستا فەرمانەكە دەرنەكراوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بكرێت".

(رووداو) سەردانی نەخۆشخانەكەی كرد و هەوڵی دا رای خاوەنەكەی وەربگرێت، بەڵام گوتی "هەتا بڕیاری كۆتایی لیژنەكە لەلایەن تەندروستییەوە دەرنەچێت لێدوان نادەین".

د.میران محەممەد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانیش ئامادە نەبوو لێدوان بدات.

رێبوار ئەحمەد، سەرۆكی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، دەنگۆیەكیان زانیوە سەبارەت بە سزادانی ئەو پزیشكانە، بەڵام بە فەرمی هیچیان بەدەست نەگەیشتووە و بەنیازن لەم هەفتەیەدا بۆ بەدواداچوون سەردانی تەندروستیی سلێمانی بكەن.

كەسوكاری ژنەكە بێئاگایی خۆیان لە كارەكانی لیژنەكە راگەیاند و ئەو سزایانەشیان بە "كەم" زانی كە لیژنەكە پێشنیازی كردووە.

سەفەر ئەوبەری، برای پرشنگ بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمەش تاوەكو ئێستا چاوەڕێی ئەنجامی لیژنەكەین و لە دادگاش سكاڵامان تۆمار كردووە، بەڵام ئاگاداری سزاكانی ئەو لیژنەیە نین. ئەگەر ئەو سزایانەی ئێوە دەیڵێن راست بن، سزای زۆر سووكن و رەتیاندەكەینەوە و پێمانوایە بۆ ماكیاژكردنی كاری پزیشكەكانە، چونكە ئەوە لە هەر وڵاتێكی دیكە بووایە، بڕوانامەكانیان لێوەردەگرتنەوە".

رووداو
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4

## پارتی و یەکێتی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی زیندوو دەکەنەوە

**رووداو- سلێمانی**

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی نۆ ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، هەردوولا بەنیازن ڕێککەوتننامەکە زیندوو بکەنەوە. (رووداو) زانیویەتی سەرکردایەتی یەکێتی قسەیان لەسەر پرۆژەیەک کردووە بەناوی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی دوو، کە لەلایەن مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئامادە کراوە و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدیش بینیویەتی. محەممەد حەمەسەعید، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "پارتی و یەکێتی باسی هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیان نەکردووە، بەڵام هەندێک گازندەی لەسەر بووە، ئێستاش دەتوانرێت ئەو ڕێککەوتننامەیە زیندوو بکرێتەوە".

لەسەر داهات و فرۆشتنی نەوتی کەرکووکە

# کۆسرەت ڕەسوڵ لێژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر نەجمەدین کەریم پێکدێنێ

### هێرۆ ئیبراهیم داوای هەڵوەشاندنەوەی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی گەرمیان دەکات

### مەحموود سەنگاوی، سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە گەرمیان: لادانی من لەو پۆستە لەدەستی هێرۆخان نییە

هیڤیدار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

بە فەرمانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە کە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دارایی یەکێتی تێدایە، لەسەر د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک، لەبارەی داهات و فرۆشتنی نەوتی کەرکووک پێکدەهێنرێ. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت: "یەکێتی حەقی خۆیەتی بزانێ داهاتی نەوتی کەرکووک چەندە و چۆن خەرج دەکرێ".

بەفەرمانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی و بەبێ ئاگاداریی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە سەرکردایەتی باڵێکی نێو یەکێتی دەکات، لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر د.نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لەسەر باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هەژمار دەکرێ، پێکهاتووە.

بەرپرسێکی باڵای یەکێتی کە ئاگاداری تەواوی بابەتەکەیە، هۆکاری دروستکردنی ئەو لێژنەیە بۆ (رووداو) دەخاتەڕوو "فەرمانی لێژنەکە دەرچووە و پێکهێنراوە، کارەکەشی لێکۆڵینەوەی جددییە لەسەر ناشەفافیەتی دۆسیەی نەوتی کەرکووک".

بەرپرسەکەی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، زانیاریی زیاتر لەسەر کاری لێژنەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لێژنەکە لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی نەوتی کەرکووک و دیارنەمانی داهاتی نەوت و چۆنیەتی فرۆشتنی نەوتی ئەو پارێزگایە دەکات".



بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو)، حاکم قادر حەمە جان، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و دلێری سەید مەجید، بەرپرسی دارایی یەکێتی ئەندامی لێژنەکەن.

حاکم قادر کە لەسەر باڵی جێگرانی سکرتێری گشتیی یەکێتی هەژمار دەکرێ، ڕەتی نەکردەوە کە لێژنەکە پێکهێنراوە، بەڵام ئامادەش نەبوو هیچ قسەیەک بکات و تەنیا گوتی "لەسەر ئەو بابەتە هیچ قسەیەک ناکەم".

ئێستا نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆڕییەوە دەڕوات و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا دەکرێ و دەفرۆشرێ. داهاتی ڕۆژانەی 150 هەزار بەرمیلی بۆ حکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە. داهاتی ڕۆژانەی زیاتر لە 300 هەزار بەرمیلیش بۆ هەرێمی کوردستانە، هەروەها بەشێکیش لەو نەوتە لە ڕێگەی تەنکەرەوە دەفرۆشرێ.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، لەبارەی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک بە (رووداو)ی گوت "پێشتر کە حکومەتی عێراق نەوتی کەرکووکی دەفرۆشت، بەردەوام لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆ داتاکان دەهاتن کە چەند فرۆشراوە و بە چەند فرۆشراوە، بەڵام لە مانگی شەشی پارساڵەوە کە پرۆسەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێ، هێشتا هیچ داتایەک بۆ ئەنجوومەن نەهاتووە".

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت ئاشکرای کرد کە "ڕێککەوتنی نەوتی لە نێوان پارێزگاری کەرکووک و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، داوامان لە پارێزگاری کەرکووک کردووە بۆمان ڕوون بکاتەوە، بەڵام هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە".

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی (کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح) مەسەلەی داهات و سامانی یەکێتییە کە جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی داوا لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەکەن، داهاتی یەکێتی بۆ هەموو یەکێتی بێ.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، هەفتەی ڕابردوو بە (رووداو)ی گوت "بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی کۆنگرە، دەبێ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی (کۆسرەت ڕەسوڵ) ڕۆڵی خۆی ببینێ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی نییە، ناتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ".

مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پاڵپشتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە داهاتی نەوتی کەرکووک دەربڕی و بە (رووداو)ی گوت "پاڵپشتی هەموو بڕیارێک دەکەین بۆ چاکسازی و پاکسازی". گوتیشی "یەکێتی حەقی خۆیەتی بزانێ و پرسیار بکات داهات و شێوازی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک چۆنە".

بەگوێرەی دوا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، لە کۆی 12 ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە پارێزگای کەرکووک هەشتیان کوردن کە شەشیان سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن. یەکێتی کەرکووک بە پێگەی سەرەکیی خۆی دەزانێ.

مەحموود سەنگاوی لەوبارەیەوە زیاتر قسە دەکات و دەڵێت "دەبێ وەڵامی ئەوە بدرێتەوە کە نەوتی کەرکووک چۆن دەفرۆشرێ و داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێ، چونکە ئەمە بۆ د.نەجمەدینیش باشە. کاک کۆسرەتیش مافی خۆیەتی پرسیار بکات و لێکۆڵینەوە بکات".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوایە ئەگەر "وەڵام نەبێ بۆ لێژنەکە، ئەوا خەڵک نەزەری خراپی دەبێت".

ئەمە یەکەم فەرمان نییە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بەبێ گەڕانەوە بۆ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەناوی یەکێتییەوە دەیدات. پێشتریش فەرمانێکی دیکەی دەرکردووە و نیگەرانیی هێرۆ ئیبراهیمی لێکەوتووەتەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی ئەو فەرمانە دەکات و دەڵێت "ئەوەی کێشەکانی نێوان باڵی جێگرانی تاڵەبانی و باڵی هێرۆخانی قووڵتر کردووەتەوە، فەرمانێکی کاک کۆسرەتە کە مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کردووەتە سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە دەڤەری گەرمیان".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەروەها گوتی "هێرۆخان داوای لە کاک کۆسرەت کردووە فەرمانی دانانی سەنگاوی وەکو سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە دەڤەری گەرمیان هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام کاک کۆسرەت نەچووەتە ژێر باری داواکەی و کێشەکە قووڵتر بووەتەوە".

مەحموود سەنگاوی لەوبارەیەوە دەڵێت "من بە بڕیاری جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی بوومەتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە دەڤەری گەرمیان. بۆیە لادانی من لەو پۆستە بە بڕیار و لەدەستی هێرۆخان نییە، با داواشی کردبێ، کاک کۆسرەت بڕیارەکەی دەرکردووە و هەر ئەویش بۆی هەیە ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە".

# 58 ڕاوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان پلەیان دەکرێتە بریکاری وەزیر

### پەرلەمانتارێکی گۆڕان: بەرزکردنەوەی پلەی ڕاوێژکاران لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە

### پەرلەمانتارێکی پارتی: لە غیابی سەرۆکدا جێگر دەسەڵاتی سەرۆکی هەیە

### پەرلەمانتارێکی یەکێتی: گۆڕینی ناونیشانی ئەو ڕاوێژکارانە بیدعەیەکی یاسایە

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

بەرزکردنەوەی پلەی ڕاوێژکارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانیش ئەو بڕیارە بە "بیدعەیەکی یاسایی" وەسف دەکات.

بە واژۆی د.جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، فەرمانێک بۆ بەرزکردنەوەی پلەی سەرجەم ڕاوێژکارەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ پلەی (ا) و بە پلەی بریکاری وەزیر دەرچووە، بەمەش ئێستا هەر 58 ڕاوێژکارەکەی پەرلەمان پلەیان بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی بریکاری وەزیر.

#### یەکێتی: دەبوو پەرلەمان سەرمەشقی چاکسازی بێت

گۆران ئازاد، بڕیاردەری لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ڕاوێژکار ناونیشانەکەی ڕاوێژکارە، بەڵام ناونانی هەندێکی دیکە بە ڕاوێژکاری پێشکەتوو نادادپەروەریی دروستکردبوو، بۆیە دەبوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناونیشانی هەمووانی بکردبایە بە ڕاوێژکار، نەک بچێت پۆستێکی دیکە لەنێو پەرلەمان زیاد بکات و ڕاوێژکار بە پلەی بریکار دروست بکات".

بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێ و چوار مانگە نەیتوانیوە مووچەی فەرمانبەرانی بدات، بۆیە حکومەت ناچار بوو چاکسازی ڕابگەیەنێت و یەکێک لە بڕیارەکانیشی ڕاگرتنی بەرزکردنەوەی پلە تایبەتەکان بوو کە ڕاوێژکارەکانیش بە پلە تایبەت هەژمار کراون.

گۆران ئازاد دەڵێت "هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی دارایی سەختدایە، پەرلەمان دەبوو سەرمەشقی چاکسازی بێت، نەک بچێت پلەی ڕاوێژکارەکان بەرز بکاتەوە لە کاتێکدا حکومەت بەهۆی قەیرانی دارایی ناتوانێت تەنانەت پلەی فەرمانبەرێکی ئاسایی بەرز بکاتەوە کە یاسا ئەو مافەی پێداوە، کەچی پەرلەمان بەپێچەوانەی چاکسازییەکان پلەی ڕاوێژکارەکانی گۆڕیوە".

گۆران ئازاد لەگەڵ فرسەت سۆفی کە پەرلەمانتارێکی پارتییە، ڕاپۆرتێکیان لەبارەی چاکسازی لە داوودەزگاکانی حکومەتدا ئامادە کردووە و بۆ حکومەتیان ناردووە.

فەرحان جەوهەر، پەرلەمانتاری سەر بە فراکسیۆنی پارتی ژمارەی ڕاوێژکارەکان بە زۆر و بارگرانی بەسەر بودجەی گشتییەوە دەزانێت و دەڵێ "لەبەر ململانێی پارتی و یەکێتی ژمارەیەکی زۆری ڕاوێژکار دامەزران. دوای هاتنی گۆڕانیش بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەیەکی کەمدا ئەوانیش ژمارەیەک زۆر ڕاوێژکاریان بۆ خۆیان دامەزراند، هەندێک کەس بوونەتە ڕاوێژکار بێ ئیشن و شایستەی ئەو پۆستە نین و مانگانە مووچەیەکی زۆر وەردەگرن".

فەرحان جەوهەر داوا دەکات کە ژمارەی ڕاوێژکارانی پەرلەمان ڕێکبخرێتەوە و پێیوایە قەیرانی دارایی دەرفەتێکە بۆ پێداچوونەوە بەو ڕاوێژکارانە کە وەک ئەو گوتی "بوونەتە بارگرانی لەسەر بودجەی گشتی".

#### گۆڕان: لە دەسەڵاتی جێگر نییە

بەهار مەحموود، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە "سەیر و نایاسایی" وەسف دەکات و دەڵێ "بەپێی ماددەی 17 لە پەیڕەوی ناوخۆ بابەتە دارایی و کارگێڕی و یاساییەکان لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە نەک جێگر، سەرۆکی پەرلەمان هیچ دەسەڵاتێکی بە جێگرەکەی نەداوە تا دوور لە یاسا پلەی ڕاوێژکار بەرز بکاتەوە".

بەهار مەحموود گوتی "ڕاوێژکار خۆی ناونیشانی وەزیفییە، چۆن دەکرێت ڕاوێژکار بکرێتە بریکاری وەزیر، ئەو بابەتە وەکو ئەوە وایە کەسێک دکتۆر بێت بە ناونیشانی ئەندازیار دابمەزرێ، شتی سەیر سەیر لە جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەبیستین".

بەڵام محەممەد عەلی، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن جێگرەکەیەوە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "لە غیابی سەرۆکی پەرلەماندا، جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکە و ئەویش دەسەڵاتەکان بەکاردەهێنێ".

سەبارەت بە گۆڕینی ناونیشانی پلەی ڕاوێژکارانیش، محەممەد عەلی گوتی "ئەمە کارێکی کارگێڕییە و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەتوانێت وەڵام بداتەوە".

#### "دەرچووی سێی ئامادەیی ڕاوێژکارە"

قارەمان قادر، سەرۆکی لیژنەی کاروباری پەرلەمان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "لە پەرلەمانی کوردستان کاری کارگێڕی و کاری ڕاوێژکاری تێکەڵ کراوە، ژمارەیەکی زۆر بەرپرسی ئیداری هەن پلەیان ڕاوێژکارە، بۆ نموونە سەرۆکی بەش هەیە ڕاوێژکارە، هەندێک لەوانەی بوونەتە ڕاوێژکار تەمەنیان نەگەیشتووەتە 40 ساڵ، ڕاوێژکار لە پەرلەمان هەیە دەرچووی سێ ئامادەیی و پیشەییە".

سەبارەت بە بڕیارەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش، قارەمان قادر گوتی "بڕیارەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان نایاساییە، چونکە ڕاوێژکار کاری ڕاوێژکاری دەکات ئیتر پلە (ا،ب) زیادن، جگە لەوە ئەو ڕاوێژکارانەی پلەکانیان کراوەتە بریکاری وەزیر سەرمووچە و دەرماڵە و مووچەی خانەنشینییان زیاد دەبێت، لەکاتێکدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە پلە بەرزکردنەوە ڕاوەستاوە".

#### 58 ڕاوێژکار بۆ 111 پەرلەمانتار

ژمارەی پەرلەمانتارانی کوردستان 111 پەرلەمانتارە، هەروەها پەرلەمان 650 فەرمانبەر و 58 ڕاوێژکاری هەیە و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک ڕاوێژکار خانەنشین کراون، لە خولی نوێی پەرلەمانی کوردستانیشدا 14 ڕاوێژکار دامەزران.

مووچەی بنەڕەتی ڕاوێژکاری ئاسایی دوو ملیۆن و 413 هەزار دینارە و ملیۆنێک دیناریش بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە، سێ ملیۆن دیناری دیکەش وەکو دەرماڵە بۆیان خەرج دەکرێت، بەمەش کۆی گشتی مووچەکەیان دەگاتە 6 ملیۆن و 413 هەزار دینار.

لە دوایین کۆبوونەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە ڕۆژی 2015/12/21 بەسترا، هەنگاوەکانی چاکسازی ڕاگەیەندرا کە لە یەکەم خاڵدا 50%ی دەرماڵەی ڕاوێژکار و سەرجەم پلە باڵاکان کەم دەکاتەوە.

ڕووداو
راپۆرت
ژمارە (390)   دووشەممە   2016/1/4



### سالح موسلیم: دەوڵەتی کوردستان ڕەتناکەینەوە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD رایگەیاند، دۆخی ئێستا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەبار نییە . دەشڵێت "ئەو شوێنەی تورکیا دەیەوێت ناوچە ئارامی تێدا دابمەزرێنێت، خاکی کوردستانە" . سالح موسلیم، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا پشتیوانی خۆی بۆ سووریایەکی دیموکرات راگەیاند و گوتی "دروستبوونی کیانێکی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕەتناکەینەوە، بەڵام بارودۆخ بۆ دروستبوونی ئەو کیانە لەبار نییە" .

# بەغدا بەڵێنی چەکی قورس بە یەبەشە دەدات

## مانگانە 875 هەزار دینار بۆ هەر شەڕڤانێکی یەبەشە دەنێرێت

**فەرماندەی یەبەشە:**

**حکومەتی عێراق ڕازی بووە تانک و تۆپ و زرێپۆشمان بۆ بنێرێ**



عوبەید ڕەشاڤایی
ڕووداو- دهۆک

فەرماندەی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال YBS رایگەیاند، لە دوای دابینکردنی مووچەی مانگانە و پێداویستیی لۆجستیکی بۆ شەڕڤانەکانیان لەلایەن بەغداوە، داوای چەکی قورسیشیان لە حکومەتی عێراق کردووە و ئەوانیش ڕازیبوون، بەڵام دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگرە لەوەی چەکی قورسیان بەدەست بگات.

سەعید حەسەن، فەرماندەی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال کە هێزێکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە مانگی تەممووزی رابردووەوە هێزەکەمان بە فەرمی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دانپێدانرەوە وەک بەشێک لە حەشدی شەعبی و ئێستا یەبەشە هێزێکی عێراقییە لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدا" .

### مانگانە چەند وەردەگرن؟

بەپێی قسەی سەعید حەسەن، حکومەتی عێراق بۆ هەر شەڕڤانێکی ئەو هێزە کە ژمارەیان 500 کەسە، مانگانەیەکی 875 هەزار دیناریی بڕیوەتەوە، کۆی ئەو پارەیەش دەکاتە 437 ملیۆن و 500 هەزار دینار، بەڵام یەبەشە تەنیا 500 هەزار دینار دەداتە هەر شەڕڤانێک.

سەعید حەسەن گوتی "ڕاستە ئێمە مانگانە مووچەی 500 شەڕڤان لە حکومەتی عێراق وەردەگرین کە هەر شەڕڤانێک مووچەی مانگانەی 875 هەزار دینارە لەگەڵ هەندێک هاوکاریی لۆجستیکی، بەڵام ئێمە ئەو مووچەیە نادەینە 500 شەڕڤان، چونکە ئێمە 1200 شەڕڤانمان هەیە . 500 هەزار دینار دەدەینە هەر شەڕڤانێک، ئەوەی دەمێنێتەوە پێداویستیی دیکەی شەڕڤانانی پێ دابیندەکەین" . گوتیشی "هەموو مانگێک مووچە لە کاتی خۆیدا وەردەگرین" .

### بەڵێنی چەکی قورس

یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال کە لەلای حەشدی شەعبی ناوەکەیان بە (یەکینەکانی پاراستنی شنگال-وحدات مقاومە سنجار) تۆمارکراوە . فەرماندەکەیان گەشبینە بەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا بەغدا چەکی قورسیشیان بۆ بنێرێ. ئەو گوتی "تا ئێستا چەند جارێک لەگەڵ حکومەتی عێراق دانیشتووین، ئەوان بەڵێنیان پێداوین چەکی قورسی وەکو تانک و زرێپۆش و تۆپمان بدەنێ و ڕازیش بوون ئەو چەکانە بنێرن، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگرە لە گەیشتنی ئەو چەکانە" .

یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال بە مافی ڕەوای خۆیانی دەزانن وەک هێزێکی عێراقی چەکی قورسیان هەبێ. فەرماندەکەی دەڵێت "چۆن حەشدی شەعبی هەموو چەکێکیان هەیە، ئێمەش دەمانەوێ بۆ پاراستنی خاکی شنگال چەکی قورسمان هەبێ. من گەشبینم لە ڕێگەیەکی دیکەوە ئەو چەکە قورسانەمان بەدەست دەگات، لەبەر ئەوەی شتێکی زۆر ئاسایی و یاساییە" .

### هێزەکە زیاتر دەکەن

ئێستا زیاتر لە 200 کەس لە کوردی ئێزدی و موسوڵمانی شنگال لە چوارچێوەی ئەو هێزەدان، بەڵام حکومەتی عێراق تەنیا مووچەی پێنچ سەد شەڕڤانیان بۆ خەرج دەکات، بۆیە فەرماندەی ئەو هێزە دەڵێت "بەڵێنمان پێدراوە ژمارەی مووچەی شەڕڤانانمان بۆ زیاد بکەن، لەبەرئەوەی ئێستا ئەوان لە 32 خاڵ لە شنگال و دەوروبەری لە ئەرکدان و زۆریان بەبێ مووچە دەوام دەکەن" .

لەسەر بارەگاکانی یەبەشە لە تەک ئاڵای تایبەت بەو هێزە، ئاڵای عێراقیش هەڵکراوە . سەعید حەسەن کە ماوەی 10 ساڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی دیموکراتی و ئازادیی ئێزدی (تەڤدا) بووە، پێیوایە شتێکی زۆر ئاساییە ئاڵای عێراق لەسەر بارەگانیان هەبێت و دەڵێت "خۆ ئێمە سەر بە وڵاتێکی بێگانە نین ، ئێمە عێراقین، بۆیە زۆر ئاساییە ئاڵای عێراق لەسەر بارەگاکانمان هەبێت" .


---

**مانگی رابردوو 61 هێرشی خۆکوژی کردووە**

# 10 % ی هێرشە خۆکوژییەکانی داعش بۆ سەر پێشمەرگە بووە

**فەرماندەیەکی پێشمەرگە:**

**سەت لە سەتی هێرشە خۆکوژییەکانی داعشمان تێکشکاندووە**




مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش)، هێرشە خۆکوژییەکانی چەکدارانی خۆی لە مانگی رابردوودا بڵاوکردەوە . بەپێی ئامارەکە کەمترین هێرشی خۆکوژییان بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بووە و زۆرترین هێرشیش بۆ سەر هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بووە .

### 10 %ی هێرشەکان بۆ سەر پێشمەرگە بووە

داعش درێژکراوەی گرووپە توندڕەوە چەکدارەکانی عێراقە، لەوانەش دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق کە ساڵی 2006 لەلایەن ئەبو موسعەب زەرقاوی دامەزرا . دوای ڕووداوەکانی سووریا زۆربەی ئەندامانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق چوونە سووریا و لەوێ لەگەڵ گرووپەکانی دیکە یەکیانگرت و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام- یان دامەزراند .

دوای داگیرکردنی شاری مووسڵ لە مانگی حوزەیرانی 2014، هەروەها شاری ڕەققە لە سووریا، ئەو ڕێکخراوە دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیی راگەیاند . داعش لە هێرشەکانیدا چەندین ڕێگای جیاواز بۆ تۆقاندنی بەرامبەرەکەی بەکاردێنێ، دیارترینیان کردەی خۆکوژی و شێوازی جیاجیای کوشتنی ئەو کەسانەی لە شەڕەکاندا دەستگیریان دەکات .

بەپێی ئینفۆگرافیکێک کە پێگەکانی داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان کردووەتەوە، 32%ی هێرشە خۆکوژییەکانی داعش لە مانگی رابردوودا بۆ سەر هێزە عێراقییەکان بووە، 29%ی هێرشە خۆکوژییەکان بۆ سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل لە ڕۆژئاوای کوردستان بووە . هەروەها 22%ی بۆ سەر هێزەکانی ڕژێمی سووریا و 7%ی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بووە و تەنیا 10%ی هێرشە خۆکوژییەکانی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە بووە .

هەر بەپێی ئینفۆگرافیکەکە، داعش لە مانگی رابردوودا 14 هێرشی خۆکوژی لە ئەنبار، 18 لە ڕەققە، 11 لە سەلاحەددین، 10 لە حومس و هەشت لە حەسەکە و شەشی لە نەینەوا کردووە . 57%ی ئەنجامدەرانی ئەو هێرشانە سوورین، 10%ی عێراقی بوونە و 33%ی هەڵگری ڕەگەنامەی وڵاتانی دیکە بوون .

چەکدارانی داعش ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕ و پلێت ئەستوور بۆ هێرشە خۆکوژییەکانیان بەکاردێنن، بەو هۆیەشەوە چەند جارێک زەفەریان بە بەرامبەرەکانیان بردووە، بەڵام دوای ئەوەی چەکی ئەنتی هێرشی خۆکوژی کە چەکی میلانە و دروستکراوی ئەڵمانیایە گەیشتە دەست هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان، ئێستا هێرشەکانیان بە دەگمەن ئامانجی خۆیان دەپێکن.

فەریق جەمال ئیمینکی، سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە، سەبارەت بە هێرشە خۆکوژییەکانی داعش بۆ سەر پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "پێشمەرگە سەرکەوتووانە پلان و هێرشە خۆکوژییەکانی داعشی پووچەڵ کردووەتەوە، زۆربەی هێرشە خۆکوژییەکانیان لەلایەن پێشمەرگە و فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە پێش نزیکبوونەوەیان تەقێندراونەتەوە" .

بەبڕوای فەریق جەمال، تاوەکو مووسڵ و تەلەعفەر بە دەستی داعشەوە بێت، مەترسی هێرشی خوکوژی هەر دەمێنێ. گوتیشی "لە کاتی ئۆپەراسیۆن و پێشڕەویی پێشمەرگەدا، یان کەشوهەوا خراپ بێت، مەترسیی هێرشی خۆکوژی زیاترە" .

هەر لەوبارەوە وەستا ڕەسوڵ، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە میحوەری باشووری کەرکووک دەڵێت، لە میحوەرەکەی ئەوان داعش نەیتوانیوە لەڕێی هێرشە خۆکوژییەکانەوە زەفەر بە پێشمەرگە ببات و گوتی "سەت لە سەت هێرشە خۆکوژییەکانی داعشمان تێکشکاندووە، ئەمساڵ لە کاتی پاککردنەوەی گوندەکانی سنووری داقوق و ناوچەکانی دیکە 8 هێرشی خۆکوژی کرایە سەر پێشمەرگە، بەڵام خۆشبەختانە پێشمەرگە لە دوورەوە سەرجەم ئۆتۆمبێلە بۆمبرێژکراوەکانی تێکشکاند" .

لە سەرەتای شەڕەکانەوە چەکی قەناس و هێرشی خۆکوژی زیانێکی زۆری بە پێشمەرگە گەیاند و شەهید و بریندارەکانیش زیاتر بەو دوو حاڵەتە بوو، بەڵام وەستا ڕەسوڵ دەڵێت "ئێستا پێشمەرگە لە جاران وریاترە" .

نەجات عەلی، بەرپرسی میحوەری مەخموور بە (ڕووداو)ی گوت، لە سەرەتاوە هێرشە خۆکوژییەکانی داعش کاریگەریی لەسەر پێشمەرگە هەبوو، بەڵام ئێستا کاریگەرییان نەماوە .

نەجات عەلی گوتی "پێشتر داعش تانکەری درع و هامەری بۆمبڕێژکراوی دژی پێشمەرگە بەکاردەهێنا، بەڵام بە گەیشتنی چەکی میلان پێشمەرگە توانی ئەو هێرشە خۆکوژیانە هەمووی تێکبشکێنێ. داعش تەنیا لە گوندی سوڵتان عەبدوڵڵا لە میحوەری مەخموور هەشت ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژی لەدژی پێشمەرگە بەکارهێنا، بەڵام هەر هەشت ئۆتۆمبێلەکە لەلایەن پێشمەرگە و هاوپەیمانانەوە تەقێندرانەوە" .

**هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق بۆ (رووداو):**

# لایەنێکی کوردی بە عەبادییان گوتووە پارەی پێشمەرگە بۆ یەک حیزب دەچێت



هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (رووداو) هۆشداری دەدات کە ئەگەر نرخی نەوت هەروا بە نزمی بمێنێتەوە، رەنگە نەتوانن لە مانگی نیسانی داهاتووەوە مووچەی فەرمانبەران بدەن. بەڵام دەڵێت چەند بژاردەیەکیان لەبەردەستە وەک وەرگرتنی قەرز، گرانکردنی کرێی خزمەتگوزاری، فرۆشتنی سەنەداتی سیادی و هەروەها دانی تەنیا بەشێک لە مووچەی فەرمانبەران.

سەبارەت بە نەناردنی بودجەی پێشمەرگەش کە بەغدا نایینێرێ، زێباری دەڵێت، حکومەتی عێراق ناڵێت بودجەی پێشمەرگە نانێرم، بەڵام کێشە ناوخۆییەکانی کوردستانی کردووەتە پاساو بۆ نەناردنی بودجە. گوتیشی "لایەنی کوردی هەبووە لە بەغدا بە عەبادیی گوتووە پارەی پێشمەرگە تەنیا بۆ یەک لایەن دەچێت".

هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
رووداو- هەولێر

## عەبادی بە بیانووی کێشەکانی ناوخۆی کوردستان پارەی پێشمەرگە نانێرێ

## ئەگەر نرخی نەوت بەم شێوەیە بمێنێتەوە، لە مانگی چوارەوە ناتوانین مووچە بدەین

**رووداو: لە رووی داراییەوە ساڵی 2016 دەبێت چاوەڕێی چی بکەین؟**

**هۆشیار زێباری:** ساڵی 2016 بۆ عێراق ساڵێکی قورس دەبێت، چونکە ساڵی 2015 ساڵێکی سەخت بوو. بەپێی پێشبینی ئێمە لە وەزارەتی دارایی، ئەمساڵ ساڵێکی قورستر دەبێت. بەڵام هەموو ساڵەکە نا. رەنگە لە مانگی نۆ و دەی ئەمساڵدا نرخی نەوت بەرز ببێتەوە. 90%ی ئابووریی عێراق پشت بە نەوت دەبەستێ، بۆیە ئێمە لە ئێستاوە حیسابی خۆمان کردووە کە چی بکەین.

ئێمە ساڵی رابردوو سەرکەوتوو بووین لە پێدانی مووچە، بەڵام ئەمساڵ بەپێی ئەو تەقدیراتەی لەبەردەستمە، ئەگەر بارودۆخەکە هەروا بەردەوام بێت، رەنگە مانگی چوار پەنچەر ببین و نەتوانین مووچە بدەین. ئەمە واقیعێکە و دەبێت خەڵک بیزانێت.

**رووداو: کە دەڵێی نرخی نەوت بەرز ببێتەوە، ئەوە تەنیا شیمانەیە؟ بۆ نموونە ئۆپیک دەڵێت تاوەکو 2016 نرخی نەوت ناگاتە 60 دۆلار؟**

**هۆشیار زێباری:** زۆر لایەن هەن تەقدیرانی نرخی نەوت دەکەن، کۆمپانیای تایبەتمەند بە نرخی نەوت، کۆمپانیای یاسایی، بانکە گەورە جیهانییەکان. مەسەلەی نرخی نەوت بەندە بە خواست و خستنەڕوو، خستنەڕوو زیاد بێت، نرخ کەم دەبێت. دەڵێن رەنگە لە پایزی ئەمساڵدا رێژەی خستنەڕووی نەوت کەم ببێت، ئەوەش کاریگەریی لەسەر نرخی نەوت دەبێت. ئەوەی بەسەر نرخی نەوت هات، بە پلەی یەک پەیوەندی بەو بارودۆخە هەیە کە بەسەر ئابووریی چیندا هات. بەڵام نەوت وەکو کاڵایەکی ستراتیژی، قیمەتی خۆی هەردەمێنێ. پشتریش نەوت گەیشتووەتە ئەو نرخە، بەڵام دواتر بەرز بووەتەوە. بەڵام لەو زەمانەدا کەس ناتوانێ، عێراقیش ناتوانێ لەسەر سیاسەتی رابردووی بەردەوام بێت. چونکە مەحاڵە تەنیا لەسەر داهاتی نەوت بژیت، نرخی بەرمیلێک نەوت لە 120 دۆلارەوە بووە 30 دۆلار، ئەگەر تەنیا پشت بە نەوت ببەستی، هەموو شتێکت پەکی دەکەوێت، رەنگە وەختێک بێت نەتوانی مووچەش بدەی. بۆیە دەبێت بیر لە هەمەجۆریی سەرچاوەی ئابووری بکرێتەوە.

**رووداو: ئەگەر نرخی نەوت هەر روو لە دابەزین بێت، بەدیلی نەوت چییە؟**

**هۆشیار زێباری:** چەند بەدیلێک هەن، یەکێکیان ئەوەیە کە هەندێک قەرز بە سوودی کەم لە دەزگا نێودەوڵەتییەکان وەربگری. ئەو کارەمان کردووە، بۆ نموونە لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی یارمەتیمان وەرگرتووە. پێش چەند رۆژێک بڕی ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلارمان لە بانکی نێودەوڵەتی وەرگرت. داخڵی بەرنامەیەک بووین کە چاودێریی ئێمە بکەن چۆن سیاسەتی دارایی و ئابووری بەڕێوە دەبەین، ئەگەر سەرکەوتوو بین، رەنگە یارمەتی زیاترمان بدەن. هەروەها بەنیازین سەنەداتی سیادی بفرۆشین، چونکە لەو رووەوە باری عێراق ئەمساڵ لە پار باشترە. ساڵی رابردوو ئێمە بە پێخاوسی کەوتینە ناو، شارەزا نەبووین. سوودەکەی زۆر بوو.

بژارەیەکی دیکەش ئەوەیە کە چۆن نرخی دینار بەرز بکەینەوە. بژارەیەکیش هەرچەندە مەترسیدارە و رەنگە کاردانەوەی لێ بکەوێتەوە، بەڵام بیرمان لەوە کردووەتەوە هەموو مووچە نەدەین و هەندێکی لەلای خۆمان وەکو قەرز بمێنێتەوە، سەنەدێکی پێ بدەین کە پارە هەبوو دەیدەین. بژارەی دیکەشمان ئەوەیە نەوت بفرۆشین و پێشەکی پارەکە وەربگرین. هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی ئاو و کارەبا و سووتەمەنیش براژەیەکی دیکەیە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو بژارەیە ئاسان نییە، هەر حکومەتێک بیکات، دەبێت چاوەڕێی کاردانەوەی خەڵک بێت. بڕیاری ئابووری بە ئێشن، بەڵام دەڵێن هەر بڕیارێکی ئابووری بە ئێش نەبێت بڕیار نییە. لە کۆی 36 ملیۆن دانیشتووی عێراق، 7 ملیۆنیان مووچەخۆرن، مانگانە 4 ملیار دۆلار مووچە دەدەین.

> عێراق 30 ملیار دۆلار قەرزدارە
>
> مانگانە 4 ملیار دۆلار دەدەینە مووچە
>
> عێراق 7 ملیۆن مووچەخۆری هەیە
>
> رۆڵی کورد لە بەغدا لاواز بووە

**رووداو: لە بودجەی عێراق ترلیۆنێک و 200 ملیار دۆلار بۆ حەشدی شەعبی دانراوە، بۆچی هیچ بۆ پێشمەرگە دانەنراوە؟**

**هۆشیار زێباری:** ئەوە دوو ساڵە بودجەی عێراق لە کاتی خۆیدا ئامادە دەکرێت، لە مێژووی عێراقدا ئەمە نەبووە. ئێمە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەتیش قسەمان کردووە کە هەوڵ دەدەین پشکی هەرێمی کوردستان وەکو ساڵی رابردوو جێگیر بکرێ، وەکو براژەیەک. ئەگەر ئێوە ئەو رێککەوتنەتان پێ باش بوو ئەوە ئامادەیە. ئەگەرنا با رێککەوتنێکی دیکە بکەین. وەکو ئەرکێک ئێمە پشکی هەرێمی کوردستان دەپارێزین. ئەگەر هەرێمی کوردستان لەرێگەی سۆمۆوە نەوت هەناردە بکات، لە نەفەقاتی فیعلی بودجەی دەدرێتێ، چونکە عێراق پارەی نەماوە.

سەبارەت بە بودجەی پێشمەرگەش ئەوە لە بودجەدا هەیە. بودجەی پێشمەرگە لە خودی بەرنامەی سیاسی دامەزراندنی ئەو حکومەتەدا هەیە. بودجەی پێشمەرگە لەسەر حیسابی هێزی وشکانیی عێراق دانراوە، ئەو بودجەیەمان بۆ ماوەی شەش مانگ دابین کرد، ئەویش بەپێی رێککەوتنی نەوتیی نێوان هەولێر و بەغدا، بەڵام بەداخەوە دواتر راگیرا. ئێستاش کە لەگەڵ حکومەت باسی دەکەین، دەڵێن ئامادەین ئەو بودجەیە بدەین.

**رووداو: ئەوە روون نییە، پارە لەبەر دەستی تۆدایە و نایینێری، یان عەبادی نامێڵێت؟**

**هۆشیار زێباری:** هیچیان نییە. پارە هەیە. من پێش چەند رۆژێک لە ئەنجوومەنی وەزیران باسم لەوە کرد کە ئێوە هەتا ئێستا مووچەی پێشمەرگەتان نەناردووە. ئەوان گوتیان ئێمە بڕیارمان نەداوە نەینێرین، بەڵام کێشەی ناوخۆییان هەیە. ئێمە گوتمان نابێت ئەوە بکەنە پاساو بۆ نەناردنی بودجەی پێشمەرگە. مەبەستم ئەوەیە هیچ بڕیارێک نییە بۆ نەناردنی بودجەی پێشمەرگە، بەڵام عەبادی کە خۆی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، دەبێت ئەو بڕیاری لێ بدات.

**رووداو: بابەتەکە هێشتا روون نییە، حەشد بڕیار لە بودجەکەی دراوە و وەریدەگرێ، بۆچی بودجەی پێشمەرگە نادرێ؟**

**هۆشیار زێباری:** کاکە حکومەت، حکومەتی حەشدە، حکومەتی شیعەیە و ئەوان زۆرینەن، تۆ تەنیا 3-4 وەزیرت هەیە. مووچەی پێشمەرگە حکومەت نایینێرێ کە سەرۆکەکەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە. بودجەی پێشمەرگە لەلای من نییە تا نەینێرم، بودجەی پێشمەرگە لەسەر میزانیەی وەزارەتی بەرگریی عێراقە.

**رووداو: چەند دەبێت بودجەی پێشمەرگە نەنێردراوە؟**

**هۆشیار زێباری:** لە مانگی شەشی ساڵی رابردووەوە پارە بۆ پێشمەرگە نەنێردراوە.

**رووداو: هیچ لایەنێکی کوردی لەو بارەیەوە قسەیان کردووە؟**

**هۆشیار زێباری:** بەداخەوە مەوقیفی کورد لە بەغدا یەک نییە. رۆڵی کورد لە بەغدا لاواز بووە، بەڵام لە مەسەلەی بودجەدا یەک هەڵوێست بوون. بەڵێ لایەن هەبووە قسەی گەیاندووەتە عەبادی کە ئەو پارەیەی دەچێت بۆ پێشمەرگە تەنیا لایەنێک سوودی لێ وەردەگرێ. ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان کە عەبادی پارەی پێشمەرگە نانێرێ.

**رووداو: ئێستا عێراق چەند قەرزدارە، چونکە ساڵانە قەرز دەداتەوە، بۆ نموونە قەرزی یانەی پاریس؟**

**هۆشیار زێباری:** قەرزەکان زۆرن، ساڵانە رێژەیەک لەو قەرزانە دەدەینەوە. ئەوەش ئیعتیباری دەوڵەتی عێراقی بەرز کردووەتەوە.

**رووداو: راستە دەڵێن ئەگەر تاوەکو 2017 عێراق قەرزی یانەی پاریس نەداتەوە، ئەوە قەرزەکە دەبێتە 50 ملیار دۆلار؟**

**هۆشیار زێباری:** نەخێر وا نییە. ئێمە لەوکاتەی رێککەوتننامەی یانەی پاریسمان واژۆ کرد، گوتمان 80%ی قەرزەکانی سەر عێراق بکوژێننەوە، عێراق 20%ەکەی دەدات، بەڵام بە قیست. قەرزی ناوخۆ و دەرەکیمان کردووە. ئێستا بە قەرزی ناوخۆ و دەرەکی 30 ملیار دۆلار قەرزدارین. ئەم قەرزەش بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە زۆر کەمە.

**رووداو: لە هەموو عێراقدا ئەوانەی پاسەوانی سنوورن، لە هەرێمی کوردستان تەنیا لیوای سێ هەیە لە مانگی 8ی 2014ەوە دەرماڵەیان بۆ خەرج نەکراوە. ئەوە لەبەر ئەوەیە کە کوردن؟**

**هۆشیار زێباری:** نەخێر. دەبێ هەندێک شت بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا بێ. راستە کاتێک باسی بودجەکەی دەکەی لە بەغدا نایەت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە حکومەتی عێراق هیچ پابەندبوونێکی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان نییە. نەفەقاتی حاکیمە هەیە، دەرمان، نەوت، بەنزین، خۆراک، حکومەتی عێراق هەموو ئەوانە بۆ کوردستانیش خەرج دەکات. هەندێک دەزگای سیادی لە عێراق هەیە، بۆ نموونە پاسەوانی سنوور، رەگەزنامە، مافی جوتیاران، مووچەی ئەوانە بەردەوام دێت. سەبارەت بە پاسەوانی سنووریش ئەوانە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، ئێمە مانگانە بودجەی تەشغیلی وەزارەتی ناوخۆمان خەرج کردووە.

**رووداو: مادام باسی شتە سیادییەکانت کرد، بۆ نموونە بەنداو لە عێراق سیادییە، تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەک بۆ هیچ بەنداوێک لە هەرێمی کوردستان خەرج کراوە؟**

**هۆشیار زێباری:** وا بزانم خەرج کراوە. لەو ملیار و 200 ملیۆن دۆلارەی لە بانکی نێودەوڵەتی قەرزمان کرد، 200 ملیۆن دۆلاری بۆ بەنداوی مووسڵە.

**رووداو: دەروازە سنوورییەکانیش سیادین، بۆچی خەرجی و مووچەی دەروازە سنوورییەکان لەسەر بەغدا نییە؟**

**هۆشیار زێباری:** چونکە هەرێمی کوردستان داهاتی ئەو دەروازە سنووریانە نانێرێ بۆ بەغدا.

**رووداو: بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەدرێ؟ هیچ تایبەتمەندییەک بۆ هەڵەبجە هەیە کە پارێزگایەکی نوێیە؟**

**هۆشیار زێباری:** دەدرێ، بەڵام هەمووی نا. کاتێک تەرشیدی نەفەقاتمان کرد، لە هەموو بوارەکانی بودجە یەکێک لەو خاڵانە گەشەپێدانی پارێزگاکان بوو. بەڵام تایبەتمەندییەکمان دایە شاری کەرکووک. سەبارەت بە هەڵەبجەش ساڵی رابردوو لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی حیسابمان بۆ کرد، ئەمساڵ لە بودجە شتێکی بۆ دابین کراوە.

**رووداو: ئێستا کۆی گشتی داهاتی مانگانەی عێراق چەندە؟**

**هۆشیار زێباری:** بودجەی عێراق 105 تریلیۆن دینارە. ئیراداتی فیعلی 80 تریلیۆن دینارە، کورتهێنانیش 25 تریلیۆن دینارە. لەگەڵ سندووقی دراوی نێودەوڵەتیش رێککەوتووین کە دەبێت خەرجی و ئیرادات وەکو یەک بێت. ئێمە ئەمساڵ لە تاقیکردنەوەداین.

**رووداو: بانکی ناوەندیی عێراق چەند پارە و ئاڵتوونی یەدەگی تێدایە؟**

**هۆشیار زێباری:** پێشتر 70 ملیار دۆلار بوو، ئێستا دابەزیوە بۆ 59 ملیار دۆلار، بەڵام ئەوە ناتوانین دەستکاری بکەین، هەرچەندە بۆ ئەمساڵ وەکو دوایین وەسیلەی دەربازبوونی عێراق لە قەیران، بانکی ناوەندی دەتوانێت بە حەوت ملیار دۆلار پاڵپشتی حکومەت بکات.

**رووداو: ئێوە دەمێکە لە بەغدان، کێ پابەند نییە بە رێککەوتننامەی نێوان هەولێر و بەغدا؟**

**هۆشیار زێباری:** هەردووکیان. مەسەلەی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا تەنیا بودجە نییە. کۆمەڵێک پەیوەندی بازرگانی و ئەمنی لە نێوانیاندا هەیە. کۆمەڵێک پەیوەندی هەیە هەردوولا پێویستیان پێیەتی. ئەم وڵاتە وڵاتێکی فیدراڵییە، هەندێک کەس کە پێشتر لە حکومەت بوون یان ئێستا لە حکومەتن، ئیستیعابی ئەوە ناکەن. بەڵام من وای دەبینم لە ئایندەدا عێراق زیاتر بەرەو فیدراڵی هەنگاو دەنێت. ئێستاش پەیوەندی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە. جەنابی کاک مەسعود ئەوە چەند جارێکە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات. نامە لە نێوانیان ئاڵوگۆڕ دەکرێت، وەفد هەیە.

> مانگی ئەیلولی داهاتوو نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە
>
> بەغدا لەمانگی حوزەیرانەوە مووچەی پێشمەرگەی نەناردووە
>
> حکومەتی ئێستای عێراق لەوەی رابردوو باشترە
>
> یەدەگی عێراق دابەزیوە بۆ 59 ملیار دۆلار

**رووداو: بڕیار بوو وەفدێکی هەرێمی کوردستان بچێتە بەغدا، بۆچی نەچوون؟**

**هۆشیار زێباری:** راستییەکەی نازانم. من خۆم نێوەندگیر بووم کە ئەو وەفدە بچێتە بەغدا، رەمەزامەندیشم وەرگرت و کاتیش دیاری کرا، جارێک بەغدا هۆکار بوو، جارێک لایەنەکەی دیکە.

**رووداو: پێت باشە وەفدی هەرێمی کوردستان بچێتە بەغدا؟**

**هۆشیار زێباری:** زۆر باشە. هیچ شتێک لە دانوستاندن باشتر نییە.

**رووداو: دەڵێن رەنگە هەرێمێکی دیکەی فیدراڵی بۆ سوننەکان لە عێراق دروست ببێ، ئایا دروست دەبێ؟**

**هۆشیار زێباری:** بەپێی دەستوور مافی خۆیانە. ئەوە لەسەر سەرکردەکانی سوننە دەمێنێتەوە کە ئایا پێیان باشە ببنە هەرێمێکی وەکو هەرێمێکی کوردستان. من وای دەبینم لە ئایندەدا عێراق بەرەو فیدراڵی دەچێت.

**رووداو: کەواتە چاوەڕێی هەرێمێکی دیکەی فیدراڵی بین، نەک سەربەخۆیی؟**

**هۆشیار زێباری:** بە قەناعەتی منیش وایە، چونکە عێراق وەکو دەوڵەتێک زۆر هۆکاری سیاسی و ئابووری و هەرێمی هەیە کە پشتگیرییەکی بەهێزی لە دەرەوە هەبێ.

**رووداو: نزیکەی 10 ساڵ وەزیری دەرەوەی عێراق بووی، ئاسۆی دەوڵەتی کوردی تا کوێیە، زووە یان هێشتا ماویەتی؟**

**هۆشیار زێباری:** لەسەر ئەوە دەمێنێتەوە کە تەقدیری زروف چۆنە. کورد مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە، ئەوە لە دیباجەی دەستووریشدا هاتووە. دەڵێت گەلانی عێراق پێکەوە دەمێننەوە تا ئەو کاتەی پابەندن بە دەستوور، بەڵام ئەگەر دەستوور پێشێل کرا، هەموو هەڵێک هەیە. ئێستا من دەڵێم ئەم حکومەتە لە حکومەتی رابردوو باشترە. بوار هەیە لەگەڵی بگەینە هەندێک رێککەوتن. ئەو حکومەتە زیاتر بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت. تەقدیری بارودۆخی کوردستان دەکات. تەقدیری کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و خۆی ناکاتە تەرەف.

**رووداو: بەڵام لە مەسەلەی بودجەی کوردستاندا عەبادی ئەگەر لە مالیکی زیاتری بە کوردستان نەکردبێ کەمتری نەکردووە، بۆچی عەبادی لەو باشترە؟**

**هۆشیار زێباری:** من نەهاتووم لێرە پاساو بۆ حکومەتی عەبادی بهێنمەوە، بەڵام ئەو حکومەتە نیەتی دژایەتی کوردی نییە.

لە حکومەتی پێشتر باشترە. بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی شەشی ساڵی رابردووەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوت دەفرۆشێ، هیچ کێشەی بۆ دروست نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دونیایەک کەموکوڕییان هەیە.

**رووداو: کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاد نەکردووە؟**

**هۆشیار زێباری:** نەخێر، چونکە ئالیەتێکی چارەسەرکردن هەبوو، ئێستاش بەردەوامە.

**رووداو: کەسایەتی عەبادی بەلای تۆوە چۆنە؟**

**هۆشیار زێباری:** عەبادی بۆ مامەڵە لەگەڵ کردن زەحمەتە، بەڵام هاوکارە، زۆرجار لە هەندێک بڕیار راڕایە. بەڵام ئێستا هەموو لایەک پشتگیری دەکات لە نێوخۆ و دەرەوە. دەڵێن ئەمە هەلێکە بۆ عێراق، بەڵکو لە شەڕی تیرۆر رزگاری بکەن و حکومەت بەرەو چاکسازی بڕوات، نەک حکومەتێکی تایفی بێت، یان سەر بە ئێران بێت. بۆیە بواری پشتگیریکردنی زۆرترە لە حکومەتی رابردوو.

**رووداو: جگە لەو رێککەوتنەی کە پێشتر کراوە، پێت باشە هەولێر و بەغدا رێککەوتنێکی نوێ بکەن؟**

**هۆشیار زێباری:** بە قەناعەتی من باشە.

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4

## ئەردۆغان: باجی پارچەکردنی تورکیا دەدەن



ڕووداو – ئەنقەرە

ڕەجەب تەیب ئەردۆغات، سەرۆککۆماری تورکیا بە ئاماژەکردن بە گوتەکانی هاوسەرۆکەکانی پارتی دیموکراتی گەلان HDP کە داوای خۆسەری دیموکراتیکیان کردبوو، ڕایگەیاند "ئەوانەی باسی پارچەکردنی خاکی تورکیا دەکەن، باجی ئەمە دەدەن". دوای بانگەشەکردن بۆ ڕاگەیاندی خۆسەری دیموکراتیک لە باکووری کوردستان لەلایەن هەدەپەوە، ژمارەیەک بەرپرسی تورکیا داوای داخستنی هەدەپەیان کرد. ئەردۆغان سەبارەت بە داخستنی HDP گوتی: "نابێت باس لە داخستنی هیچ پارتێک بکرێت، بەڵکو دەبێت ئەو کەسانەی تاوانیان ئەنجامداوە، سزابدرێن".

## تاوانێکی بکەر نادیار ئاشکرا دەبێت

# دەیانویست تاوانی سووتاندنی 9 ئەندامی خێزانێک بخەنە ئەستۆی پەکەکە

ڕووداو – هەولێر

دەیانویست تاوانێکی بکەر نادیار کە کوشتنی نۆ کەسی یەک خێزان بوو لە شارۆچکەیەکی باکووری کوردستان، بخەنە ئەستۆی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام دوای 21 ساڵ ئاشکرا بوو تاوانەکە لەلایەن یەکەیەکی سوپای تورکیاوە ئەنجام دراوە و ئێستا دادگا داوای سزادانی بکەرانی دەکات.

ئەو تاوانە کە لەساڵی 1993 کراوە و تاوەکو ساڵی رابردووش بکەرەکەی نادیار بوو، لە شارۆچکەی ئاڵتنئۆڤای سەر بە شاری مووش ڕوویدا، خێزانی محەممەد ناسر ئۆغوت کە لە 10 کەس پێکهاتبوون، نۆ کەسیان لە شەڕی نێوان گەریلا و سوپای تورکیادا سووتان، بەڵام ئەوکات تاوانەکە خرایە ئەستۆی گەریلاکانی پەکەکە و دۆسیەکە داخرا.

لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا لە باکووری تورکیا، لە پاڵ سوپای تورکیا و جەردەواناندا، چەندین یەکەی تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە پێکهاتن، ئەوکات چەندین تاوانی گەورە دژی هاووڵاتیانی سڤیل ڕوویاندا، بەڵام زۆربەی تاوانەکان بکەرەکانیان بە "نادیار" لە قەڵەم دەدرا. تەنانەت ئەگەر بکەرەکەشی لەلای خەڵکی ناوچەکە ناسراویش با.

لەو ساڵانەی دواییدا، بە تایبەتی دوای دەستپێکردنی پرۆسەی چارەسەری، بە هەوڵی پارێزەرانی کورد و لەسەرووی هەموشیانەوە پارێزەر تاهیر ئەلچی، سەرۆکی پێشووی ژووری پارێزەران کە خۆشی بووە قوربانیی تاوانی بکەر نادیار، چەندین دۆسیەی ئەو تاوانانە هەڵدرانەوەو بەڵگە و زانیاریی نوێیان لەبارەوە بڵاوکرایەوە.

گرووپێک لە پارێزەران کە ئەلچی یەکێک بوو لەوانە و کەسوکاری قوربانیان، دەربارەی تاوانی ساڵانی نەوەتەکان چەندین دۆسیەیان لە داگاکان کردەوە. هەفتەنامەی (ڕووداو) یەکێک لەو دۆسیانە بڵاودەکاتەوە کە پێشتر وا بڵاوکرابووەوە گوایە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کردوویانە.

لە ڕۆژی سێی تشرینی دووەمی ساڵی 1993دا لە گوندی (هاس) سەر بەشارۆچکەی ئاڵتنئۆڤا لە مووش، لە شەڕێکدا ئەفسەرێک بەناوی مستەفا ئۆچار کە فەرماندەی سەربازگەی جەندرمە بوو، لەگەڵ گەریلایەکی پەکەکە کوژران. لە هەمان ڕۆژدا بۆ ڕاوەدوونانی گەریلاکانی پەکەکە ئۆپەراسیۆنێک ئەنجامدرا، لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکەدا ئاگر لە ماڵی محەممەد ناسر ئۆغوت بەربوو، بەو هۆیەشەوە خۆی و ژنە دووگیانەکەی و 7 منداڵی کە تەمەنیان لەنێوان 3 — 13 ساڵاندا بوو، بوونە خۆڵەمێش. داواکاری ئەوکاتی مووش بە بیانووی ئەوەی پەکەکە ئاگری لەو ماڵە بەرداوە، دۆسیەکەی داخست.

دوای تێپەڕبوونی 20 ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، تاکە ئەندامی خێزانی ئۆغوت (ئایسەڵ ئۆغوت) سەردانی داواکاری گشتی شارۆچکەی (قورقوت)ی کرد و گوتی کە ماڵەکەیان لەلایەن سەربازانەوە سووتێندراوە. کچە تاقانەکەی بنەماڵەی ئۆغوت لە یاداشتەکەیدا بۆ دادگای قورقوت دەڵێ "دوای ئەوەی سەربازەکان لە شەڕ گەڕانەوە، لە مەیدانی گوند هەموو خەڵکەکەیان کۆکردەوە و پێیانگوتن: ئەمشەو گوندەکەتان دەسووتێنین".




ئەیسەڵ ئۆغوت لە یاداشتەکەیدا دەڵێ، شەوی ڕووداوەکە ئەو لەلای ماڵی خزمێکی بووە "لە پەنجەرەوە بینیم، زرێپۆشێک لەبەردەم پەنجەرەی ماڵەکەمان وەستا. لە ناکاو ئاگر ماڵەکەمانی داپۆشی. هاتینە دەرەوە، هاواری فریاکەوتنمان کرد، بەڵام سەربازەکان ڕێگایان پێنەدان، کەوتنە گیانی ڕەمزیی ئامۆزام. هاتینە ماڵەوە لەگەڵ ئەو خەریک بووین. وامانزانی هەموویان لە ماڵەوە هێناونەتە دەرەوە، دواتر ئاگریان تێبەرداوە".

دوای ئەوەی داواکاری گشتی لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەفسەر حەنەفی ئاکیلدز دەستپێکرد، ئەفسەری ناوبراو گوتی کە ئەو ڕۆژی دواتر بە ڕووداوەکەی زانیوە. هەروەها گومانلێکراو شەرەفەدین ئوز، بەڕێوەبەری هۆبەی هێزی تایبەت و گومانلێکراوەکانی دیکە بە دەستەواژەی "نەمانبینیوە" و "ئاگامان لێی نییە" وەڵامی داواکاری گشتییان دایەوە. هەر ئەوکات هەموو بەڵگە، زانیاری و تۆمارەکان دەربارەی ئەو ڕووداوە لەلایەن جەندرمەوە لەنێوبران.

بەڵام شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکە لە دانیشتنەکانی دادگادا لە ڕۆژی 17ی ئەیلولی 2013 و 12ی تشرینی دووەمی 2014 سەبارەت بەو دۆسیەیە گوتیان: "لەو کاتەی ئاگر لە ماڵی ئۆغوت بەرزبووەوە، ویستمان بە هانایانەوە بچین، بەڵام ڕێگایان پێنەدان. سەرەڕای ئەوەی منداڵەکان لە پەنجەرەوە لە ترسان هاواریان دەکرد، ڕێگایان نەدا لە ماڵ بێنە دەرەوە".

شایەتێکی نهێنیش لەبەردەم دادگای ناوبراو لە دانیشتنی ڕۆژی 12ی تشرینی دووەمدا گوتی "دوای ئەوەی سەربازەکان لە ماڵی ئۆغوت دوور دەکەونەوە، باڵەخانەی شارەوانی دەدەنە بەر گوللە و دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیس دەسووتێنن".

داواکاری گشتی لە یاداشتێکیدا بۆ فەرماندەی جەندرمەی مووش داوای ناوی ئەو سەربازانەی کردووە کە بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کردبوو، بەڵام بەر لەوەی یاداشتەکە بگاتە شوێنی خۆی، لەنێوبراوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، داواکاری گشتیی مووش لە ساڵی 2014دا کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە هێناوە، داوای لە دادگا کردووە سێ ئەفسەری جەندرمە و ئەندامێکی تیمی تایبەت و 9 سەرباز بە حەپسی تا هەتایی، سزا بدرێن.

ئەو دۆسیەیە لە مووش ڕەوانەی دادگای سزای قورسی قرقەڵا کراوە. لە دانیشتنی حوزەیرانی ڕابردوودا داواکاری گشتی داوای کرد ئەو تاوانبارانە بە 180 — 230 ساڵ حوکم بدرێن. چاوەڕێ دەکرێت لە 22ی مانگی داهاتوودا دادگا دوا بڕیاری خۆی لەبارەی دۆسیەکە بدات.

## 164 هەزار قوتابی ناتوانن بچنە قوتابخانە

# "پشووی تیرۆر" پرۆسەی خوێندن لە باکووری کوردستان پەکدەخات



### سەرۆکی ڕێکخراوێکی مامۆستایان: داخستنی قوتابخانەکان دەرفەتێکە بۆ دروستبوونی شەڕڤانی نوێ بۆ پەکەکە

ڕووداو — هەولێر

بەهۆی شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە کە سەنتەری چەند شار و شارۆچکەیەکی باکووری کوردستانی گرتووەتەوە، پرۆسەی پەروەردە پەکی کەوتووە و بەو هۆیەشەوە زیاتر لە 150 هەزار قوتابی ناتوانن بچنە قوتابخانەکانیان. زۆربەی مامۆستاکانیش بەهۆی ئەوەی گیانیان پارێزراو نەبوو، بەبیانووی سازکردنی سەمینار ڕەوانەی شارەکانیان کرانەوە.

مستەفا تاشلی، مامۆستایە لە قوتابخانەیەکی شارۆچکەی سلۆپی، سەرەڕای بەردەوامیی شەڕ لە شارۆچکەکە، بەڵام ئەو شارۆچکەکەی بەجێنەهێشتووە. مستەفا وەنەبێت نەترسێ، ئەگەری هەیە لە ناکاو ببێتە قوربانیی شەڕە تەقەی نێوان گەنجانی کورد و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا.

تاشلی یەکێکە لە ئەندامانی سوپای مامۆستایانی بێکار لە سلۆپی. سێ ساڵە لەو شارۆچکەیە مامۆستای ماتماتیکە. لەبەر ئەوەی قوتابخانەکەی داخراوە و لە قوتابییەکانی جیاکراوەتەوە، دڵتەنگە.

تاشلی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ڕووداوەکانی ئێرە زۆر کاریان تێکردووین، لە ترسی گوللە و بۆمب، چەندین ڕۆژ لە ژێرزەمیندا ژیانمان بەسەر بردووە".

ئەو مامۆستایە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت "هەندێک شوێنی ستراتیژی لە سلۆپی لە دەستی پەکەکەدایە. لەبەرئەوەی قەدەغەی هاتوچۆ هەیە، زانیاری وردمان دەست ناکەوێت. هەندێکجار تەلەفۆن کار ناکات. زانیاری ئەوە هەیە کە سوپا هەندێک لە قوتابخانەکانی کردووەتە بارەگای خۆی. ئەو خێزانانەی باری ئابووریيان باشە منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانەکانی مێرسین و عەنتاب دەکەن. لەوێ لە قوتابخانەی تایبەت درێژە بە خوێندن دەدەن. خێزانە هەژارەکانیش لە خەمی خۆپاراستندان. ئەوان زیاتر بەرەو لای خزمەکانیان لە دێهاتەکان کۆچ دەکەن.

ژمارەی دانیشتووانی سلۆپی 90 هەزار کەسە، بەڵام نزیکەی 50%ی دانیشتووانی بەهۆی شەڕەوە شارەکەیان چۆڵ کردووە.

مامۆستا مستەفا دەڵێت "70%ی مامۆستایانی سلۆپی لە ڕۆژئاوای تورکیاوە هاتوون. زۆربەیان شڵەژاون بەو شەڕە. ترسیان هەیە ببنە ئامانجی هێرشەکان. هەندێکیان کە ڕۆیشتن، گوتیان جارێکی دیکە ناگەڕێینەوە".

### "پشووی تیرۆر"

لە باکووری کوردستان، بەهۆی بەرفراوانبوونی سنووری شەڕ و پێکدادان، پرۆسەی پەروەردە ئیفلیج بووە. لە هەندێک شار نزیکەی 40 ڕۆژە دەرگای قوتابخانەکان داخراوە. زیاتر لە مانگێکە هاتوچۆ لە جزیرە قەدەغەکراوە، لە نوسەیبین 37 ڕۆژ، لە سلۆپی 20 ڕۆژ، لە کەربۆران 9 ڕۆژ، لە سووری ئامەد 37 ڕۆژە قەدەغە و دەرچوونی هاووڵاتیان لە ماڵەوە پەیڕەو دەکرێ. لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەر قەدەغەیەکی هاتوچۆش گورزێک بەر پرۆسەی پەروەردە دەکەوێت.

بە گوێرەی وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانیی تورکیا تەنیا لە ڕۆژانی جەژن، بارینی بەفر و بۆنە نیشتمانییەکان دەرگای قوتابخانە دادەخرێت، بەڵام دوای پەیڕەوکردنی قەدەغەی هاتوچۆ، دەستەواژەی "پشووی تیرۆر"یش کەوتە ناو ئەدەبیاتی ئەو وەزارەتەوە.

بە فەرمانی وەزارەتی پەروەدەی نیشتمانیی تورکیا، لە ڕۆژی 13ی کانوونی یەکەمی ڕابردوودا لە جەزیرە 1298 مامۆستا، لە سلۆپی 1701 مامۆستا بە بیانووی سازکردنی سەمینار داوایان لێکرا بگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان، بەمەش زۆربەی مامۆستایان ئەو دوو شارۆچکەیەیان بەجێهێشت.

لە شارۆچکەی کەربۆران و نوسەیبینی سەر بەماردین و سووری ئامەد بارودۆخەکە بەهەمانشێوەی جەزیرە و سلۆپیە. بە گوێرەی ئاماری وەزارەتی پەروەردەی تورکیا، ژمارەی قوتابیان لە جەزیرە و سلۆپی 87 هەزار قوتابییە. ژمارەی تەواوی قوتابیانیش لەو شارۆچکانەی پرۆسەی پەروەردەیان تێدا پەکخراوە 164 هەزار قوتابییە. ژمارەی مامۆستایانیش لەو ناوچانەی شەڕیان تێدایە بە زیاتر لە 4000 مامۆستا دەخەملێنرێت.

### "دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان" نەماوە

پشوودان بە مامۆستایان "دەرفەتی یەکسان" بۆ قوتابیان لەبار دەبات. ئەمساڵ لە نوسەیبین تاقیکردنەوەی پەڕینەوە لە خوێندنی سەرەتایی بۆ خوێندنی ناوەندی نەکرا، بەهۆی شەڕ و قەدەغەی هاتوچۆوە 2554 قوتابی لەو تاقیکردنەوەیە بێبەش کران. هەرچەندە وەزارەتی پەروەردەی تورکیا ڕایگەیاندووە کە ئەو تاقیکردنەوەیە بۆ ئەو قوتابیانە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ کاتێکی بۆ دیاری نەکردووە. قوتابیانی ئامادەییش بە ڕادەی قوتابیانی سەرەتایی بێبەش کراون.

لە تورکیا ڕۆژی 13ی ئادار تاقیکردنەوەی خولی یەکەم بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان دەست پێدەکات. ئەو قوتابیانەی لەهەندێک شارۆچکە بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆوە نەچوونەتە قوتابخانە چۆن دەتوانن سەرکەوتووبن؟

مامۆستایەکی خەڵکی ئامەد کە لەیەکێک لە ئامادەییەکانی نوسەیبین مامۆستایە، بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ دەرفەتێکی یەکسان لە ئارادا نەماوە، قوتابیانی ناوچەکەمان لە زۆر شت بێبەش بوون، ئەوەی وەزارەت لەبارەی لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی قوتابیانی ناوچەکە دەیڵێ تەنیا قسەیەکە و بە فەرمی نەکراوە".

هێشتا دیار نییە کەی دەرگای قوتابخانەکان دەکرێتەوە. بانگهێشتکردنی مامۆستایان بۆ سیمینار تەنیا بۆ سێ ڕۆژ بوو. سەرەڕای ئەوەی ماوەی دیاریکراو تێپەڕیوە، هێشتا دیارنییە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لەو ناوچانە کەی دەستپێدەکاتەوە.

وەزارەتی پەروەردەی تورکیا دەسەڵاتی دەستپێکردنەوەی خوێندنی داوەتە والییەکان. والی شەڕناخ ماوەی سەمیناری مامۆستایانی بەبێ دیاریکردنی وادەکە درێژکردەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەربارەی بارودۆخی پەروەردە بە (ڕووداو)ی گوت "بەگوێرەی ڕێنماییەکان دەبووایە سەمینار تەنیا سێ ڕۆژ بێت، دوای تەواوبوونی ئەو سێ ڕۆژە، قسەم لەگەڵ والی کرد، والی پێیگوتم تا ئەو کاتەی شەڕ تەواو دەبێت، قوتابخانەکان ناکرێنەوە. لە پشووی 15 ڕۆژە و پشووی هاوین درێژە بە خوێندن دەدەین".

### دەرفەتێکی نوێ بۆدروستکردنی شەڕڤان

جانسەل گوڤەن، سەرۆکی گشتی سەندیکای پەروەردەی ئانادۆڵو، پێیوایە لەوکاتەی بەرەنگاربوونەوەی چەکداری درێژەی هەیە، پێویستە ژیانی سڤیل پارێزراو بێ.

گۆڤەن بە (ڕووداو)ی گوت "هێشتا لە جەزیرە، سلۆپی، نوسەیبین و هەندێک گەڕەکی ئامەد قەدەغەی هاتوچۆ هەیە. داوا دەکەین بەر لە هەموو شتێک ژیانی منداڵەکانمان، مافی خوێندنی قوتابیانمان پارێزراو بێ".

عوسمان بەهجەت سەرۆکی ڕێکخراوی ئاکتیف ئەیتم — سەن بە (ڕووداو) دەڵێت "کێشانەوەی مامۆستایان لەناوچەکە، هەڵواسینی مافی پەروەردەی منداڵان بەواتای ڕۆن خستنە سەر نانی تیرۆر دێت. دەرفەت ڕەخساندنێکی نوێیە بۆ سەرچاوەی پەیداکردنی شەڕڤانی نوێ بۆ پەکەکە".

ڕووداو
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4

# جەنگی نوێ قوربانیانی جەنگی کۆنی لەبیر بردووەتەوە


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ئارینا مورادی
ڕووداو- قوشتەپە

لەگەڵ هاتنی بەلێشاوی ئاوارە و لێقەوماوانی شەڕی سووریا و عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، قوربانیانی شەڕێکی دیکەی فەرامۆشکراو کە نزیکەی سێ دەیە پێشتر ماڵ و حاڵیان لێ تێکچوو، ئێستا زیاتر لە جاران هەست بە بێنازی و پەراوێزی دەکەن.

ئەم ئاوارانە 27 ساڵ لەمەوبەر، دوای کۆتایی شەڕی عێراق و ئێران، لە کەمپێکی پەنابەران لە نزیک ڕومادی نیشتەجێ کران، بەڵام دوای تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی پارێزگاکە لە ناوەڕاستی دوو هەزارەکان، لە کەمپی کاوە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ کرانەوە.

ئێستا کە شەڕی گەرمتر و ئاوارەی تازەتر لە گۆڕێدان، ئیدی وا پێدەچێ شوێنێکیان لەناو یادەوەریدا بۆ نەمابێت و خەڵک سەرقاڵی لێقەوماوی دیکەن.

ملیۆن و نیوێک ئاوارەی عێراق و سووریا لە هەرێمی کوردستانن. بە گوێرەی کۆمیسیۆنی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کەمپی کاوە سەرووی هەزار کەسێکی لەخۆگرتووە کە هەر هەموویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئاوارە بوون.

بەڵام ڕاستییەکەی، ئەم کەمپە دۆزەخییە دەبووایە کاتی بێت و هەر لە سەرەتاوە بڕیار وا نەبوو ئەم خەڵکە زۆر لەوێ بمێننەوە. لانیکەم نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پەیامەی ئەوکات بڵاوی کردەوە، وا دەڵێت و باسی ئەوە دەکات ئەم خەڵکە کە ژمارەیان نزیکەی 2000 کەس دەبێت، بۆ ماوەیەکی کورت لە کەمپی ئەڵتاشی نزیک ڕومادییەوە دەچنە کەمپی کاوە.

ئەمە لە مانگی ئۆکتۆبەری 2005دا بوو، لەو کاتەوە ئیدی زۆرینەی دانیشتووانی کەمپ هیوایان بە ژیانێکی جیاواز لەوەی تێیدان نەماوە.

محەممەد عەلی کە 10 منداڵی هەیە و 47 ساڵی تەمەنە و لە خانوویەکی دووژووریدا دەژی، باسی ئەو خانووانە دەکات کە 10 ساڵ بەر لە ئێستا بە کۆمەکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاوارەکان بینایان کردوون. محەممەد دەڵێت "یەکێک لە هاوڕێکانم جارێک گوتی، ئەو خانووە بچووکانەیان بۆ ئێمە دروست کردووە و ئەو گۆڕستانەی تەنیشتیشمان بۆ کاتێکە کە دەمرین و لەوێ دەماننێژن."

بە گوێرەی یاسای باری کەسیی عێراق، هەر ئاوارەیەک دوای 10 ساڵ مانەوە لە عێراق بۆی هەیە داوای ناسنامەی عێراقی بکات، بەڵام بە گوێرەی لێدوانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ (ڕووداو)، ئەم مافە بە تەواوی لە ئاوارەکانی ئێران زەوت کراوە.

محەممەد دەڵێت نەتەوە یەکگرتووەکان پێیگوتوون، کاتێک دەتوانن عێراق بەرەو وڵاتێکی دیکە جێبهێڵن کە عێراق پێشتر ناسنامەی پێ بەخشیبن، بەڵام ئەوە بۆ ئەوان هەر ڕووی نەدا.

## بەچی دەژین؟

سەرلەبەیانیان کە هێشتا خێر و شەڕ بەش نەکراوە، مێردمنداڵ و پیری ئەو کەمپە ڕێی هەولێر دەگرنەبەر و بە پاس خۆیان دەگەیەننە مەیدانی کرێکاران و ئەوەی بەختی هەبێت، ئەو ڕۆژە بژێوێک بۆ خۆی و ماڵەوەی دەستەبەر دەکات.

زۆر لە گەنج و منداڵەکانی کەمپەکە وازیان لە خوێندن هێناوە. ئێستا بە پاککردنەوەی جادەکانی شار پارە بۆ ژیاندنی خێزانەکانیان دەستەبەر دەکەن.

محەممەد کە خۆی ئەندامی ئەو لیژنەیە بووە بە نوێنەرایەتیی کەمپی کاوە گفتوگۆی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا کردووە، دەڵێت "ئێمە نزیکەی 50 قوتابی سەرەتایی کوڕانمان هەیە. تەنیا پێنجیان ڕەنگە بگەنە دواناوەندی."

ئەم پاککەرەوانە ڕۆژانە نزیکەی هەشت کاژێر کار دەکەن و نزیکەی 300 دۆلار وەردەگرن کە هەندێکی لە خۆراک و هاتوچۆ خەرج دەکەن. جا بۆ ئەوەی دەرەقەتی خەرجیی ماڵەوەیان بێن، بەشێکیان ناچارن دوو دان ئیش بکەن.

محەممەد دەڵێت کوڕەکەی بە زەحمەتییەکی زۆر گەیشتە قۆناغی پەیمانگە لە شەقڵاوە، بەڵام جارێکیان کە پارەی کرێی پاسی بۆ گەڕانەوە پێ نەبوو، دوو هەفتە مایەوە. بۆیە ئەوەندە تووڕە و نائومێد بوو کە هەر یەکسەر وازی لە دەرس هێنا و بوو بە پاککەرەوە. ئێستایش هەر ئەو ئیشە دەکات.

ئەم ئاوارانە دەڵێن چونکە ژیان لە کوردستان بەگشتی گران کەوتووە، بۆیە زۆربەیان لە شەو و ڕۆژێکدا 13 کاژێر کار دەکەن.

محەممەد قادر، 29 ساڵ، بە دەموچاوی شەکەتەوە دەڵێت "ئەگەر دوو شەفت ئیش نەکەیت و شەو و ڕۆژ لەسەر کار نەمێنیتەوە، ڕەنگە خێزانت برسی بمێننەوە."

زەینەب جاسم، دایکی شەش منداڵە و نەخۆشیی خەمۆکی یەخەی بەرنادات. ئەو دەڵێت "هیچ وشەیەک نییە بتوانێت نەهامەتیی ژیانی منتان بۆ باس بکات. هەر خۆت سەیرێکی ناو ئەم ماڵە بکە هەموو شتێکت بۆ دەردەکەوێت."

زەینەب کە تەمەنی 40 ساڵە و لە ژوورێکی تاریکدا دانیشتووە، دەڵێت "من هەموو کاتێک نەخۆشم، جاری وا هەیە هەر ناتوانم هەڵبستمەوە. ناتوانم ماڵەکە خاوێن بکەمەوە و ئاگام لە منداڵەکانم بێت. من و مێردەکەم کێشەی گەورەمان هەیە کە دەستت کورت بوو، کێشەت زۆر دەبن."

شیرین خورشید، کە جیا بووەتەوە و لەگەڵ کچێکی 16 ساڵی خۆیدا دەژییێت، دەڵێت یارمەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان جاری وا هەیە کە دێت، بە یەکسانی دابەش ناکرێت. کچە شانزدە ساڵانییەکەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و پارەی داو و دەرمانیان نییە. ئەو دەڵێت "کچەکەم ماڵەوەی بەجێهێشت و بووە پێشمەرگە، چونکە لە هەمووومان بێزار بوو. ئەو نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەرییە".

ئاوارەکانی کەمپەکە چاویان لەو کەمە یارمەتییەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر کەمپەکانیدا دابەشی دەکات، ئەویش زۆرجار بەهۆی نوێنەرانی کەمپەکە گرفتی تێدەکەوێ.

شەهریار ڕۆستەم کە پێشتر نوێنەرایەتیی کەمپەکەی دەکرد، دەڵێت سێ ساڵێک دەبێت هیچ پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان نەماوە.

ئەو دەڵێت "پێشتر لیژنەیەکی نوێنەرایەتیمان هەبوو کە ئەو ئەرکەی بۆ ئاوارەکان لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام ئێستا هیچ هەڵبژاردنێک لە گۆڕێ نییە و ئاهوو مستەفاش پێشتر نوێنەرایەتی دەکردین و ئێستا خۆی سەپاندووە و حوکم بەسەر کەمپەکەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە هەمووان دەسەڵاتی ڕەت دەکەنەوە."

محەممەد کە خۆیشی پێشتر ئەرکی نوێنەرایەتی لە ئەستۆ بووە، دەڵێت "ئەگەر ئێمە ئاوارەین، کەواتە دەبێ بەپێی پەیماننامەی جنێڤ مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت. ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو مافەکانمان ناداتێ، با نیوەمان بداتێ."

لە لێدوانێکی نووسراودا بۆ (ڕووداو)، کلۆ کۆڤس کە بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، دەڵێت ئەوان زوو زوو سەردانی کەمپەکە دەکەن. ئەو دەڵێت: "نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو سەردانی کەمپی کاوە دەکات و لەگەڵ ئاوارەکان دادەنیشێ." ئەو هەروەها دەڵێت هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ دانیشتووانی کەمپ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر شکستی هێنا.

کۆڤس نووسیویەتی "دانیشتووە جیاوازەکانی کەمپەکە نەیانتوانی لەسەر ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی ئەنجوومەنەکە ڕێکبکەون و هەر ئەوەش گفتوگۆکانی ڕاگرت".

## تەنیا سێ گەڕەکی بۆ گەڕانەوە دەستدەدات

# کاروانێکی دیکەی ئاوارەکان دەگەڕێنەوە گولاڵە




نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

"لە هیچەوە دەست پێدەکەینەوە، بەڵام هیوادارین هیچ هێزێکی عێراقی نەگەڕێتەوە ناوچەکە"، دواجار ئەحمەد سەفەر، ژیانی ژێر خێمەکانی جێهێشت و گەڕایەوە بۆ گوندەکەی لە نزیک گولاڵە، بەڵام دوورخستنەوەی شوێنەوارەکانی جەنگ و هەستاندنەوە سەرپێی کەلاوەکان، کاتی زۆری دەوێ "ئەگەر خۆمان خانووەکان چاک بکەینەوە، دەبێ قوتابخانە و نەخۆشخانە و کارەبا و ڕێگاوبانەکانمان بۆ چاک بکەنەوە" ئەحمەد وایگوت.

گوندەکەی ئەحمەد سەفەر، ناوی سەید ئەحمەدە لە نزیک شارۆچکەی گولاڵە، ئەو ناوی لەنێو ئەو لیستەدا بوو کە گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. بەڵام وەک خۆی دەڵێ بەو شێوەیە ناتوانن درێژە بە مانەوە بدەن ئەگەر خزمەتگوزارییان بۆ دابین نەکەن "ئێستا پێشمەرگە و ئاسایش دەمانپارێزن و سوپاس بۆ خوا لە ڕووی ئەمنییەوە خراپ نین، بەڵام ناشمانەوێ هێزی دیکە و سوپای عێراق بێنەوە ئێرە، ژیانی تاڵمان لەگەڵیان هەیە، کە داعش هات عێراقییەکان ئێمەیان جێهێشت و تەنیا پێشمەرگە لەگەڵمان مایەوە".

155 خێزان لە ئاوارەکانی گولاڵە و گوندەکانی دەوروبەری لەسەر خواستی خۆیان گەڕاونەتەوە. سەمیر عەدنان، یەکێکە لەوانە و ئێستا بیرلەوە دەکاتەوە کەی ژیان وەک نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەری لێدێتەوە، کاتێک داعش گولاڵەی وێران نەکردبوو "نەخۆشخانەکەمان لەلایەن داعشەوە تاڵان کراوە و کارەبای گولاڵە خراپ بووە و محەویلەکان دزراون، ئەو گەڕەکەی ئێمەی بۆ گەڕاوینەتەوە تەواو وێران نییە، بەڵام خزمەتگوزاری لەو گەڕەکە سفرە".

سەمیر لە هەرلایەک بچێتەوە گەڕەکەکەی دەبێت چەندین تاسە و چاڵ و چۆڵی سەر شەقامەکان ببڕێ و بە بەردەم چەندین خانووی ڕووخاو و دووکان و بازاڕی سووتێنراودا بڕوات. ئەو دەڵێت "حەشد هەموو دووکان و بازاڕەکانی گولاڵەی سووتاندووە، دەبێ چاک بکرێنەوە بۆ ئەوەی دەست بە ژیان بکرێتەوە".

ڕۆژی 2014/8/10 هێزی پێشمەرگە لە گولاڵە پاشەکشەی کرد و داعش بە تەواوی دەستی بەسەردا گرت. شەڕێکی دوور و درێژ دەستی پێکرد و پێشمەرگە پاش بەخشینی 144 شەهید و زیاتر لە 300 بریندار، ڕۆژی 2014/11/23 پاش 15 کاژێر شەڕکردن، هاوشان لەگەڵ حەشدی شەعبی چوونە نێو شارۆچکەکەوە. لەوکاتەوە بەهۆی کاریگەریی وێرانکارییەکان و ناکۆکیی نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی لەسەر بەڕێوەبردنی، خەڵک نەیانتوانی بگەڕێنەوە.

یەعقوب یوسف، بەڕێوەبەری ناحیەی گولاڵە دەڵێ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کاروانێکی دیکەی ئاوارەکان لەسەر خواستی خۆیان دەگەڕێنەوە "ڕاستە خزمەتگوزارییان پێویستە و ئەوەش کێشەیەکە، بەڵام هەوڵ دەدرێ بۆیان دابین بکرێ"، گوتیشی "ئەوانەی دەگەڕێنەوە زۆرتر لە نێو بازاڕ و ئەو گەڕەکانەن کە زۆر وێران نەبوون".

نزیکەی 90%ی دووکان و بازاڕەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی کەلوپەل و پێداویستییەکانی نێوی بڕاون. بەڕێوەبەری ناحیەکە لەو بارەیەوە هەواڵی خۆشی پێ نییە "دەبێ خۆیان دووکانە وێرانبووەکان چاک بکەنەوە".

بایی زیاتر لە 100 ملیار دینار زیان بە شارۆچکەکە گەیشتووە، زۆرینەی فەرمانگە حکومییەکان بەپێوە نەماون. لەبارودۆخێکی وادا، دەستکەوتی گەڕانەوەی ئاوارەکان تەنیا ڕزگار بوونە لە ناهەموارییەکانی ژیانی نێو خێمە و کەمپەکان.

فەرماندەی لیوای سێی پیادەی پێشمەرگە لە ناوچەی گەرمەسێر، باسی شێوازی گەڕاندنەوەی ئاوارەکان دەکات و پێیوایە ڕێوشوێنە ئەمنییەکان زۆر باشن بۆ ئەوەی جارێکەی دیکە خەڵکانی نزیک لە داعش و گرووپە توندڕۆکان خۆیان نەخزێننەوە نێو شارۆچکەکە "وردبینی زۆر دەکرێ بۆ ئەوانەی دەگەڕێنەوە، دەبێ نووسراوی پشتگیری و ڕێگەپێدانی بەڕێوەبەری ناحیەیان پێبێت کە وردەکاریی زۆری تێدایە".

نەجمەدین عومەر، فەرماندەی لیوای سێی پیادەی پێشمەرگە گوتیشی ئەگەر خێزانێک کەسێکی خێزانەکەی لەناو داعش بووبێ یان کوژرابێ لەنێویان یان بە پارە یارمەتی دابن، ناوی هەموویان لای ئاسایش هەیە و ڕێگەی گەڕانەوەیان پێنادرێ.

لە ساڵی 1975ەوە کورد لە گولاڵە گوشاری لەسەرە و ئامانجەکەش کەمکردنەوەی ڕێژەکەیەتی. ڕووبەری ناحیەکە 484 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و 57 گوندی هەیە، دانیشتووانەکەی بە گوندەکانی دەوروبەرییەوە نزیکەی 90 هەزار کەسە و 57 عەشیرەتی تێدا دەژی کە 53یان عەرەبن. ساڵی 1970 ڕێژەی کورد 47% بووە و ساڵی 2003 بووەتە 58%، بەڵام لە ساڵی 2008 ڕێژەی کورد لەوێ بۆ 22% کەمبووەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، تەنیا سێ گەڕەک لەنێو شارۆچکەی گولاڵە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان دەستدەدەن، ئەوانیش گەڕەکی نێوبازاڕ و ئازادی و لۆکەیە. نەجمەدین عومەر، فەرماندەی لیوای سێی پیادەی هێزی پێشمەرگە ڕەتیدەکاتەوە ئێستا کیشەی ئەمنی لەسەر دانیشتووانی گولاڵە و دەوروبەری هەبێت و دەڵێت "ئێمە لە چواردەوری جەلەولاین و ئاسایش لەناو جەلەولایە و ئەوانەشی دەگەڕێنەوە بە فلتەری ئاسایشدا دەگەڕێنەوە".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4

## ڕێژەی بێکاری دیاری دەکرێت



**ڕووداو- سلێمانی**

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێژەی بێکاری بۆ ساڵی 2015 لە کوردستان دیاری دەکەن. پڕۆژەکە لە ڕۆژی 9ی ئەم مانگە دەستپێدەکات و 15 ڕۆژ دەخایەنێ. مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بێکاری لە کوردستان دەست بەو پڕۆسەیە دەکەین بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە 15 ساڵ تا 65 ساڵە و ویستویانە کار بکەن و دەستیان نەکەوتووە، ئەوانەشی کاریان کردووە بزانرێت لە ماوەی هەفتەیەکدا 35 کاژێر کاریان کردووە یان نا.

### دوو جۆریان لەناوچوون

# مەڕی کوردی مەترسی لەناوچوونی لەسەرە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەددین کە چەند توێژینەوەیەکی لەسەر مەڕی کوردی کردووە، دەڵێت مەڕی کوردی کە پێنج جۆری هەیە، دوویان لەنێوچوون و سێیەکەی دیکەش مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

لە عێراقدا سێ جۆر مەڕی ناسراو هەن (عەواسی، عەرابی و کوردی ) کە یەکەمیان 60%ی مەڕی عێراق پێکدێنێ و لە ناوەڕاستی عێراق بەخێودەکرێت، دووەم و سێیەمیشیان هەریەکەیان 20%ی مەڕی عێراق پێکدێنن. مەڕی عەرابی لە خوارووی عێراق و مەڕی کوردیش زیاتر لە باشووری کوردستان بەخێودەکرێ.

بەپێی ئامارێک کە لە ساڵی 2011دا کراوە، 7 ملیۆن و 722 هەزار و 372 مەڕ لە عێراقدا هەبووە کە 20%یان مەڕی کوردی بوونە.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "مەڕی کوردی کە لە عێراق ناوەکەی تەعریب کراوە و بە کەڕڕادی ناوەبرێت، هەموویان بەیەک جۆر دانراون، بەڵام لە بنەڕەتدا 5 جۆرن (کوردی، جافی، حەمدانی، دزەیی و هەرکی) هەریەکەشیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە".

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی د.یوسف بەرزنجی هەردوو جۆر مەڕی (دزەیی و هەرکی) لەناوچوون، بەڵام جۆرەکانی (کوردی ، حەمدانی و جافی) بەڕێژەی جیاواز ماون.

د.یوسف بەرزنجی کە ماستەر و دکتۆراکەی لەسەر تایبەتمەندییەکانی مەڕی کوردییە، دەڵێت "بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کورد خاوەن مەڕی تایبەتە و جۆرەکانیشی سەربەخۆن، لەڕێگەی توێژینەوەیەکەوە بەراوردی DNAی مەڕی (کوردی، جافی و حەمدانی)مان لەگەڵ مەڕی عەواسیی عێراقی کرد، بۆمان دەرکەوت هەرسێ جۆرەکە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ مەڕی عەواسی هەیە و لەگەڵ یەکدیش تایبەتمەندییان جیاوازە".

د.یوسف، ئەنجامی توێژینەوەکانی لە کۆنفرانسی زانکۆکانی عێراق لەساڵی 2013 لەسلێمانی دەخاتەڕوو، بەڵام هەندێ لە پسپۆڕانی عەرەب گومان لە ئەنجامەکەی دەکەن، ئەویش بۆ ئەوەی ئەو گومانانە نەهێڵێ، ئەنجامەکە بۆ گۆڤاری بەناوبانگی ئەمەریکی (Journal of life sciences) دەنێرێت.

بەرزنجی گوتی"گۆڤارە ئەمریکییەکە دوای لێکۆڵینەوە، توێژینەوەکەیان پەسەند کرد و وەک خۆی بڵاویان کردەوە. بۆ بەدواداچوونیش ڕاوێژکارێکی وەزیری کشتوکاڵی پێشووی ئوستراليا هاتە کوردستان".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 3 ملیۆن و 112 هەزار و 867 سەر مەڕ لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام هەموویان مەڕی کوردی نین.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەهۆی وشکەساڵی ساڵانی پێشتر و لێشاوی هاتنی مەڕی عەرەبی لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق بۆ کوردستان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ مەڕی کوردی ، لەو باوەڕەدا نیم ئێستا 20%ی مەڕی کوردی لە عێراق مابێت".

### حەمدانی باشترینە

مەڕی حەمدانی زیاتر لە ناوچە دەشتاییەکانی وەک دەشتی هەولێر و مووسڵ بەخێودەکرێت. مەڕی جافی لە سلێمانی و مەڕی کوردیش لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی و کوردستان و کەرکووک و مووسڵ بەخێودەکرێت.

د.یوسف دەڵێت "لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە، باشترین جۆری مەڕ لە کوردستان و عێراق مەڕی حەمدانییە، چونکە قەبارە و کێشی لە هەموو مەڕەکانی دیکە زیاترە، کێشی بەرخەکەی لە تەمەنی سێ مانگیدا دەگاتە 22 کیلۆ، لەتەمەنی شەش مانگی دەبێتە 40 کیلۆ و کە دەبێتە مەڕێکی پێگەیشتوو کێشەکەی دەبێتە 60-70 کیلۆ، نێرەکەشی (بەران) دەگاتە نزیکەی 90 کیلۆ. شیریشی لە هەموو مەڕەکانی دیکە زیاترە".

ئەو پرۆفیسۆرە کە 40 نموونەی DNAی مەڕی کوردی بۆ توێژینەوەکەی وەرگرتووە، باسی تایبەتمەندییەکی دیکەی حەمدانی دەکات و دەڵێت "تەنیا مەڕی حەمدانی خاوەن سیفەتی بۆماوەیی (بۆهێڵ)ی تایبەتە کە بەسروشتی 18%یان دووانەیان دەبێت". هەروەها دەڵێت "ئەم بۆهێڵەی لە مەڕی حەمدانیدا هەیە، لە مەڕی تورکی و ئێرانی و عێراقیدا نییە، بۆیە ئەگەر پەرەی پێبدەین دەتوانین دەستکەوتێکی ئابووریی گرنگ بەدەست بهێنین، چونکە ئەمە جۆرە بازدانێکە تەنیا لە بۆهێڵی مەڕی حەمدانیی کوردیدا ڕوویداوە".

لە جیهاندا 863 جۆر مەڕ هەن کە سەرجەمیان لەلایەن ڕێکخراوی فاوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی توێژینەوە تۆمارکراون، لەنێوشیاندا مەڕی کوردی هەیە، بەڵام بەیەک جۆر تۆمارکراوە و ناوەکەش بەکەڕڕادی هاتووە.

د.یوسف بە گرنگی دەزانێت کە توێژینەوەی زۆرتر لەبارەی مەڕی کوردی بکرێ بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کورد خاوەنی مەڕی تایبەت بەخۆیەتی و جۆر و تایبەتمەندییەکانیشی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا تۆمار بکرێ.

لەبارەی سوودی ئەو کارەش دەڵێت "بەتۆمارکردنی مەڕی کوردی بە تایبەتمەندییەکانییەوە، لەلایەک کورد ناوی دەچێتە نێو لیستەکە و لەوانەیە زۆر دەوڵەت بەهۆی باشیی تایبەتمەندیی مەڕەکان ئامادە بن توێژینەوەمان لەگەڵ بکەن، لەلایەکی دیکەش کاتێک مەڕی کوردی مەترسی لەناوچوونی لەسەربوو، داوای هاوکاریی نێودەوڵەتی بکەین".

لە ڕێگەی توێژینەوەکانەوە، د.یوسف بۆی دەرکەوتووە 99.8%ی مەڕی کوردی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەخێودەکرێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ژمارەیان لەکەمبوونەوەدایە. ناوبراو ئەمە بە هەڵەیەکی کوشندە وەسف دەکات و دەڵێت" ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، لە هیچ وڵاتێکی دونیا شتی وا نییە، چونکە لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی بەربڵاودا لەوانەیە ئێمە جۆرێک لە مەڕی کوردی لەدەست بدەین".

هەروەها دەڵێت "ئەگەر حکومەت فریاری مەڕی کوردی بەتایبەت حەمدانی و جاف نەکەوێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەوانیش وەک مەڕی هەرکی و دزەیی لەناودەچن".

### تورکیا مەڕی حەمدانی بردووە

بە بڕوای ئەو پرۆفیسۆرە، ئەگەر حکومەت مەڕی حەمدانی نەپارێزێت، لە ئایندەدا ئەو جۆرە مەڕە دەبێتە مەڕێکی تورکی.

د.یوسف بەرزنجی دەڵێت "ئاگادارین تورکیا مەڕی حەمدانی بردووە و لەزانکۆکانیدا توێژینەوەی لەسەر دەکات و خەریکی زیادکردنیەتی، بۆیە ئەگەر ئەوان لە توێژینەوە و زیادکردنی پێش ئێمە بکەون و زووتر تایبەتمەندییەکانی لە تۆمارە نێودەوڵەتییەکاندا تۆمار بکەن، مەڕی حەمدانی دەبێتە موڵکی ئەوان".

حاجی قادر عوسمان، 70 ساڵ، ئاژەڵدارێکی گوندی سۆربەشی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە، پتر لە 2000 مەڕی کوردیی هەیە. ئەو ئاژەڵدارە دەڵێت "مەڕی کوردی زیاتر لە مەڕی عەرەبی ئالیکی دەوێت و بەهۆی گرانیی نرخی ئالیک و تەلبەندکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانەوە پاوان و لەوەڕگا کەم بووە، بۆیە خەڵک زۆر حەزی لە بەخێوکردنی مەڕی کوردی نییە". بەگوتەی حاجی قادر، مەڕی کوردی لەکەمبوونەوەدایە، حکومەتیش هۆکارەکەیەتی. ئەو گوتی "حکومەت هاوکاریی ئاژەڵداران ناکات و ڕێگەشی بەبازرگانەکان داوە بەلێشاو مەڕی عەرەبی بهێنن، ئەوەش وای کردووە نرخی ئاژەڵ دابەزێ، بۆیە خەڵک لەبەخێوکردنی مەڕی کوردی دوور کەوتوونەتەوە، مەڕی کوردی زۆر کەم بووەتەوە".

**تایبەتمەندییەکانی مەڕی حەمدانی:**

1 - قەبارەی گەورەیە و کێشەکەی نزیکەی 70 کیلۆیە.
2 - کوێچکەی درێژە. تەنیا 2%یان کوێچکە کورتن (کەڕە)ن.
3 - بن سنگ و قاچەکانی خوری پێوە نییە و ڕەنگی قاوەیی تۆخە.
4 - زۆربەیان دوو گورنگی گۆشتیان لەژێر ملدایە
5 - قەپۆزیان کەمێک قەوسە
6 - 18%یان دووانەیان دەبێت
7 - تەنیا 1%ی بەرانی حەمدانی قۆچێکی بچووکیان هەیە




ژمارەی مەڕ لەسەر ئاستی پارێزگاکان
کۆی گشتی 3.112.867



### مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لێدەکرێت

# ڕۆژانە 2000 ئاژەڵ لە سووریاوە بەقاچاخ دەهێنرێنە هەولێر

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت، چەندین جار بەنووسراو حکومەتیان لە مەترسییەکانی بەقاچاخ هێنانی ئاژەڵی سووری بۆ هەرێمی کوردستان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام لێشاوی هاوردەکردنی ئاژەڵی سووری بۆ کوردستان بەردەوامە و ڕۆژانە 2000 ئاژەڵ لە سووریاوە بە قاچاخ دەهێنرێتە هەولێر.

ئاژەڵی سووری لە خاڵی سنووریی پێشخابوورەوە دەهێنرێتە کوردستان و لەوێشەوە ڕەوانەی شارەکانی خوارووی عێراق دەکرێ. ئەو جۆرە بازرگانییە دوو ساڵ لەمەوبەر بە بیانووی ڕێگەدان بە هێنانی ئاژەڵی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەستی پێکرد و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی بنکەکانی کەرەنتین و گۆڕەپانی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی پارێزگاکانەوە دەستمان کەوتووە، ڕۆژانە بە هەزاران ئاژەڵی بچووک بەتایبەت مەڕ و کاوڕ بە قاچاخ لەڕێگەی پێشخابوورەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت و دوای مانەوەیان بۆ ماوەیەک لە خانەکانی مەیدانی ئاژەڵانی هەولێر، زۆربەیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێن".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی ئەو ئاژەڵانە بە مەترسی دەزانێت و دەڵێت ئەگەری هەیە نەخۆشی لە نێو ئاژەڵانی کوردستان بڵاوبکەنەوە. ڕەمەزان گوتی "ئێمە لەڕووی هونەری و تەندروستییەوە بەرپرسیارین لە پاراستنی ئاژەڵی خۆماڵی، بۆیە تا ئێستا چەندین نووسراومان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە و پێمانگوتوون بەقاچاخ هاوردەکردنی ئاژەڵ بەدەر لە ڕێنماییەکان، مەترسیدارە و پێویستە ڕێگەی پێنەدرێ".

بەهۆی ئەوەی بەرهەمی ساڵانەی ئاژەڵەکانی کوردستان لەگەڵ پێداویستیی خەڵک بۆ گۆشت یەک ناگرێتەوە، مانگانە لێژنەی پارێزگاکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێگە بە هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو و گۆشتی بەستوو بەگوێرەی پێویستی ناوخۆ دەدەن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کەرەنتینەکانی ڤێترنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ، لە سەرەتای ئەمساڵەوە 87 هەزار و 296 ئاژەڵی زیندوو هاوردە کراوە، بەڵام بەدەر لە ڕێنمایی، ڕۆژانە دوو هەزار ئاژەڵی سووری هاوردە دەکرێت.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت هاوردەکردنی ئاژەڵ بە قاچاخ زیانێکی زۆر بە ئاژەڵی ناوخۆ دەگەیەنێ "چونکە ڕەنگە ببنە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشیی مەترسیدار، جگە لەوەش نرخی ئاژەڵی بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزاندووە، ئەوەش وا دەکات ئاژەڵداران لە ئاژەڵداری دوور بکەونەوە".

بەگوێرەی ڕێنماییەکان دەبێت ئاژەڵی هاوردەکراو بۆ ماوەی 21 ڕۆژ لەژێر چاودێری دابنرێ، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەڵگری هیچ ڤایرۆس و نەخۆشییەک نییە، هەروەها پێویستە کارتی تەندروستی و بەڵگەنامەی وڵاتی هەناردەکاری لەگەڵدا بێت، ئینجا ڕێگەی فرۆشتنی پێدەدرێ.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "بەهۆی ئاڵۆزییەکانی سووریاوە، پێموانییە ئەو ئاژەڵانە لە شوێنی خۆیان کوتانیان بۆ کرابێت، بۆیە مەترسی بڵاوبوونەوەی دەیان نەخۆشی مەترسیداریان لێدەکرێت".

پێشتر بەڕێوەبەرایەتی ڤێترنەریی هەولێر بنکەیەکی کەرەنتینەی لە بازگەی کانی قرژاڵە هەبوو، پشکنینی بۆ هەر ئاژەڵێک دەکرد کە لە دهۆکەوە دەهێنرایە هەولێر، بەڵام ئێستا بەهۆی گواستنەوەی بازگەکە، ئەم بنکەیە چالاکییەکی ئەوتۆی نەماوە.

دکتۆر مامەند محەممەد، بەڕێوەبەری ڤێترنەریی هەولێر، دەڵێت "بەهۆی نەبوونی شوێن تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە بنکەکەی بازگەی کانی قرژاڵە بگوازینەوە، بۆیە بەشێکی زۆر کەم لەو ئاژەڵانەی لەدهۆکەوە هاوردەی هەولێر دەکرێن بەم بنکەیەدا تێپەڕ دەبن، بەڵام لە ماوەی سەرەتای مانگی تەمموزی ڕابردوو تاوەکو سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو 54 هەزار سەر ئاژەڵ بەو بنکەیەدا تێپەڕیون، ئەم ژمارەیەش بەگوێرەی زانیارییەکان نزیکەی 25%ی ئەو ئاژەڵانەن کە هاوردە دەکرێن، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆژانە 1500 تاوەکو 2000 هەزار سەر ئاژەڵی بچووک هاوردەی هەولێر دەکرێت و لە هەولێریشەوە بەڕێگەی کەرکووکدا دەبرێنە شارەکانی دیکەی عێراق".

هەروەها گوتی "ئەو ئاژەڵانەی لە سووریاوە دەهێنرێن، لە بنکەی پێشخابوور پشکنینێکی فیزیاییان بۆ دەکرێت، بەڵام کەرەنتین ناکرێت و لەسەر داواکاری و بەنووسراوی فەرمی هاوردە ناکرێن، بۆیە بەپێی یاسا بە قاچاخ هەژمار دەکرێن".

وەک بەرپرسانی تەندروستی ئاژەڵ دەڵێن، مەترسیی ئەو ئاژەڵە هاوردەکراوانە لەوەدایە ماوەیەک لەمەیدانی فرۆشتنی ئاژەڵان لەهەولێر دەهێڵدرێنەوە، بەهۆی تێکەڵبوونیشیان لەگەڵ مێگەلی ئاژەڵی خۆماڵی لە خانەکاندا، مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییان لێدەکرێت.

دکتۆر مامەند دەڵێت "پێشتر بەهۆی ئەو ئاژەڵانەوە نەخۆشییەکی نوێ بەناوی ( lumpy skin disease) دانکەی ڕەشەوڵاخ بڵاوبووەوە کە پێشتر لەکوردستان نەبوو".

بازرگانانی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ دەڵێن ڕۆژانە دەیان ترێلە ئاژەڵی سووری لە ڕێگەی پێشخابوورەوە دەگاتە هەولێر.

مەعسوم سوارە ئیبراهیم، بازرگانێکی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ گوتی "ڕۆژانە بەلێشاو ئاژەڵی سووری دەهێندرێنە هەولێر، پاشان ڕەوانە دەکرێن بۆ شارەکانی عێراق. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاگادارە و بۆ هەر جووتێک ئاژەڵ 15 دۆلار گومرگ وەردەگرێت".

گوتیشی "ڕۆژانە لانیکەم دوو هەزار سەر ئاژەڵ دەگاتە هەولێر، هەندێ ڕۆژیش زیاترە".

ئەو بازرگانە پێیوایە هاوردەکردنی ئەو ئاژەڵە سووریانە قازانجی هەبووە نەک زیان. ئەو دەڵێت "هاوردەکردنی ئەم ئاژەڵانە، ئاژەڵی ناوخۆی لەفەوتان پاراستووە، چونکە وەک بەرهەمی ئاژەڵی ناوخۆ پێداویستی خەڵک بۆ گۆشتی سوور پڕ ناکاتەوە، بۆیە ئەگەر هاوردەکردنی ئەم ئاژەڵانە نەبووایە، ئێستا زۆربەی ئاژەڵی خۆماڵی سەردەبڕدران".

### ئاژەڵی هاوردەکراو بەنووسراوی فەرمی لە ساڵی 2015

| پارێزگا | ڕەشەوڵاخ | مەڕ و بزن | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 524 | 715 | 1239 |
| سلێمانی | 19.961 | 4.275 | 24.236 |
| دهۆک | 12.223 | 2000 | 14.223 |
| گەرمیان | 2000 | - | 2000 |
| کۆی گشتی | 34.708 | 6.990 | 87.296 |



تاراوگە
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4



## داهاتی قاچاخچییەکان ملیارێک دۆلار بووە

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

بەرپرسـانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ڕایانگەیاندووە کە داهاتی ئەو قاچاخچیانەی پەنابەران بۆ وڵاتانی ئەورووپا دەگوازنەوە، لە ساڵی 2015دا نزیکەی ملیارێک دۆلار بووە. ڕێکخراوەکە ژمارەی ئەو پەنابەرانەشی ئاشکرا کرد کە لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاست و دەریای ئیجەوە خۆیان گەیاندووەتە وڵاتانی ئەورووپا زیاتر لە ملیۆن و نیوێک کۆچبەر بووە. هەروەها نزیکەی 3700 کۆچبەریش لە ئاوەکاندا خنکاون. سەبارەت بە ناسنانەی ئەو کۆچبەرانەش، ڕێکخراوەکە ئاشکرای کردووە کە نیوەیان سووری بوون، 20%یان ئەفغانی و 7%یشیان عێراقی بوون.

## ڕووداو لە کەمپەکانی سویسرا

# کۆچبەرانی کورد لە سویسرا ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنن

**ڕووداو– سویسرا**

لـە ڕوانگەی زۆربەی کۆچبەرانەوە، سویسـرا وڵاتێکـی ئارامـە و پێیانوایە ئـەو کۆچبەرانەی گەیشـتوونەتە ئـەوێ چانسـیان هەیـە، بەڵام ژمارەیەکـی زۆر لـە کۆچبەرانـی کـورد لەنێـو کەمپەکانی سویسـرا هەست بە نائارامی دەکەن و بەدوای ژیانێکی دیکەدا دەگەڕێن.

لوقمـان ڕەمۆ، خەڵکی ڕۆژئاوای کوردسـتان کـە خاوەنـی 5 منداڵـە، دوای بڕینی ڕێگایەکی درێـژ لەگـەڵ ناخۆشـیی ڕێگـە و بێویژدانیـی قاچاخچییەکان، لەدوا وێستگەیدا لە ئەڵمانیاوە ڕووی لە سویسرا کرد. ئەو لە خەیاڵی خۆیدا وای دانابوو کە سویسرا باشترین وڵاتە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی، بەڵام ئێستا هەست بە نائارامییەکی زۆر دەکات و دەڵێـت "ژیانێکـی قـورس بـەڕێ دەکەیـن، لە کەمپێکدا فڕێدراوین کە پێناچێ بۆ مرۆڤ دروستکرابێ".

لوقمـان ڕەمۆ، شـەڕڤان بـووە و لە چەندین شەڕدا لە ڕۆژئاوای کوردستان بەشداریی کردووە و دواجـار لەبەر پاراسـتنی خێزانەکـەی ڕووی لـە دەرەوەی وڵات کـردووە. ئـەو دەڵێت "ئێمە ئـاوارەی جەنگێکیـن لەگەڵ هێزێک کـە دژ بە هەموو جیهانە، بۆیە لەسـەر وڵاتانی ئەورووپییە بمانپارێزن و ژیانمان پێ ببەخشـن". دەشڵێت: "هەسـت بەوە دەکەین بارگرانی لەسـەر وڵاتانی ئەورووپا هەیە، ڕێز لەوەش دەگرین، بەڵام کاتێک ئێمە لەخـۆ دەگرن، مانای ئـەوە نییە خێرمان پێ دەکەن".

بەپێی ڕێساکانی وەرگرتنی پەنابەر، سویسرا لە قۆناغی دووەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دوای بڕینـی دوو قۆنـاغ بـۆ بەدەسـتهێنانی مافی پەنابەرێتی، کۆچبـەران دەخاتە کەمپێک کە شـوێنی 40 – 50 خێزانـی تێدا دەبێتەوە. کەمپەکە دەکەوێتە نێـو گوندەکانی دەوروبەری جنێـڤ و نزیکەی 250 کیلۆمەتر لە سـەنتەری شارەوە دوورە.

لوقمـان دەڵێت "بـۆ ئێمە ژیان لـەم کەمپە ئەستەمە و هەست دەکەین وەک ئاژەڵ حیسابمان بۆ کراوە، ئێمە زۆر دوورین لە سویسـرییەکان". گوتیشـی "لێـرە خزمەتگوزارییـەکان زۆر سنووردارن".

ڕووداو سـەردانی یەکێک لەو کەمپانەی کرد، لـەوێ بۆ هەر حـەوت خێزان تەنیـا گەرماوێک هەیـە، کەمپەکـەش تەنیـا یەک چێشـتخانەی تێدابوو.

کۆچبەرەکانی وەکو لوقمان قۆناغی دووەمی کۆچبەرییـان بڕیوەو ژیانیان لەوانە باشـترە کە لە قۆناغی یەکەمدان. کۆچبەرانی قۆناغی دووەم هەفتانـە 60 -70 فرانک (50 دۆلار) وەردەگرن. ئەوان خاوەن ناسنامەیەکن کە بۆ نزیکەی 6 مانگ کاری پێدەکرێت و پێیدەگوترێت (ئاوس فایس) و پیتی Nی لەسـەرە و بە یەکێک لە ناسـنامە سـەرەتاییەکانی پەنابـەر دادەنرێـت. لوقمـان خۆشحاڵ نییە بەم شتانە و دەڵێت "پێویستمان بە ژیانێکە کە لە ئاستی مرۆڤدا بێت".

ئەو کەمپەی فریال مووسـای تێدا دەژی، لە چوار نهۆم پێکهاتووە و هیچ ئەسانسۆرێکی نییە، فریال بۆ ئامادەکردنی چایەک لە چێشـتخانەی کەمپەکـە، دەبـێ هەموو جارێ چـوار نهۆم بە قادرمەدا بێتە خوارەوە.

فریـال کـە خەڵکی ڕۆژئـاوای کوردسـتانە، دەڵێـت "بە حەوت خێـزان تەنیا دوو تەوالێت و یەک حەمامـمـان هەیە، بە 40 خێزان تەنیا دوو تەباخمان هەیە، لە سـێ فڕنـی کەمپەکە تەنیا یەکێکیان کار دەکات".

فریـال باس لـەوە دەکات کە ئـاوارەکان بە گشتی لە کەمپەکانی سویسرا ژیانیان باش نییە و خـۆی گوتەنی "ئاوارەبوونمـان ناکاتە ئەوەی قابیلی ئەم ژیانە بین. دەخوازم ژیانمان کەمێک باشتر بکەن".

بەپێـی گوتەکانی فریال موسـا، هەموو ئەم خەڵکانـە کە لـە کولتـووری جیـا و نەتەوەی جیاوە هاتوون، تەنیا یەک چێشتخانەیان هەیە و گوتیشی: "خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی سفرن. منداڵەکانمان برسـییانە و بە ئەستەم دەتوانین تێریان بکەین".

هەنـار خەڵکـی ئەفغانسـتانە و لـە هەمان ئـەو نهۆمەیـە کە خێزانەکـەی فریالـی لێیە و دەڵێـت "ڕاهاتـن بەو ژیانـە تۆزێک قورسـە". ئەوان خۆشـحاڵن بـە ژیان لەگـەڵ کۆچبەرانی کـورد و دەڵێـت "مامەڵەی ئەوان لـە عەرەب و ئەفریقییەکان خۆشترە". فریال دەڵێت "جیاوازیی کولتـووری ئەوەنـدەی تر ناخۆشـە و ڕێگرە لە سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکان".

سویسـرا جیاواز لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپی، لـە ڕەوشـی پەنابـەران دەڕوانێـت و بـەر لـە دروسـتبوونی قەیرانـی کۆچبـەران و کۆچی بە لێشـاو، سیاسـەتی فراوانبوونـی کۆچکردنـی ڕاگەیاند، بەڵام ئەو سیاسەتە لەوکاتەوە تا ئێستا لەلایەن پارتی گەل دژایەتی دەکرێت و پێیانوایە وڵات بەرەو فەوزا دەبات.

ئێستا زیاتر لە 33 هەزار کۆچبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو وڵاتەن و چاوەڕێن مافی پەنابەری وەربگرن. هاریسۆن جۆنس لە ڕێکخراوی (SPP) تایبـەت بـە پەنابـەران بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئەگەری هەیە زۆربەیان مافی پەنابەرێتی کاتی، یان مرۆیی وەربگرن".

(F&B) لـە جۆرەکانـی مافـی پەنابەرێتی سـەرەکین لە سویسـرا کە ڕەنگـە کۆچبەرانی ئێستا لە حاڵەتی قبوڵیان وەریبگرن. جۆری (F) زیاتر سیاسی و پلە نایابەکانی مرۆییە و (B)یش زیاتر مافێکی کاتیی مانەوەیە و کەمتر سوودمەند دەبێت لە خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان.

بـۆ حاڵەتـی یەکەمیـش (F) لـە جـۆرە مرۆییەکەی، بەهەمان شـێوە کەمتر سوودمەند دەبێت لە خزمەتگوزاری و ئەو پێداویسـتییانەی دەوڵـەت دابینـی دەکات". جۆنـس گوتی: "بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە سویسرا زۆر باشە، بەڵام لە ئاست ژیانی مرۆڤ نییە".

ئەوانەی مافی پەنابەرێتی مرۆیی وەردەگرن، مانگانـە 1000 – 1500 فرانک وەردەگرن، واتە کەمتـر لـە 1000 یـۆرۆ. بەڵام جۆنـس دەڵێت "ژیانی مرۆڤێکی ئاسـایی مانگانە پێویستی بە نزیکەی 3000 یۆرۆ هەیە".

دامـەزراوەی فیدراڵیـی کـۆچ (ODM) فەرمانگەی باڵای کاروباری پەنابەرانی سویسـرا تاوەکو ئێستا بە فەرمیی ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ وەرگرتنی ئەو کۆچبەرانـە ڕانەگەیاندووە، بەڵام بە گوتەی جۆنس، سویسـرا ئامادەکاری دەکات بۆ پێدانی مافی پەنابەری بە 3 هەزار کۆچبەری سووری و عێراقی.



# کورد لە 2015دا کەسایەتی و پاڵەوانی سوێد بوون

**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

سـاڵی ڕابـردوو پێشـهات و ڕووداوی زۆر لە سـوێد ڕوویاندا و کوردی نیشـتەجێی ئەو وڵاتەش مۆری خۆیان لە بەشێک لەو ڕووداوانە دا. 2015 سـاڵێکی جیـاواز بـوو بۆ کورد لە سوێد، چەندین کورد وەکو کەسایەتی ساڵ و پاڵەوانی ئەو وڵاتە دەستنیشان کران.

### کورد لە کەسایەتییەکانی ساڵ بوون

سـامان سـاڵح و ئەرکان ئەسـعەد و ئۆز نوژەن، سـاڵی ڕابردوو بوونە سێ کەسایەتی دیاری سـوێد، هەر یەکەیـان لە بوارێک وەک باشترین کەسایەتییەکانی ساڵ ناسێنران.

سـاڵی ڕابردوو ڕادیۆی سـوێد کەسایەتی ساڵی لەو وڵاتە دەستنیشان کرد و 59 کەس کە لە بوارە جیاجیاکاندا ڕۆڵیان هەبووە، وەکو کەسـایەتی ساڵ دەستنیشـان کران، ئەرکان ئەسعەدیش یەکێک بوو لەوانە.

ئـەرکان کـە بـە بنەچـە خەڵکی شـاری کەرکووکـی باشـووری کوردسـتانە، ئێسـتا نووسـەرێکی دیاری سـوێدە و بەرهەمەکانی پڕفرۆشترینن. بەهۆی ئەو پاشخانە بەهێزەی لـە بـواری نووسـین و پێگەیاندنـی گەنجان هەیەتی، بەرنامـەی (sommarpratare) ی ڕادیۆی سوێد وەک یەکێک لە کەسایەتییەکانی ساڵ هەڵیبژارد، لە هەمان ئەو لیستەدا سەرۆک وەزیرانی پێشووی سـوێد و دەیان نووسەر و زانا و کەسایەتیی بەهێز هەبوون.

ئـۆز نـۆژەن، کۆمیدیـکار و مێدیـاکاری ناسـراوی سـوید کـە بە ڕەچەڵـەک خەڵکی باکووری کوردستانە، بەهۆی کارە کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانی لەلایەن ڕۆژنامـەی ناوداری سـوێدی ئافتونبلادێـت، وەک یەکێـک لـە کەسـایەتییە سـەرکەوتووەکانی سـاڵ دەستنیشان کرا.

دامەزراوەی سـتالێت بۆ چالاکی کولتووری کوردێکـی بـە نوێنـەری خۆی بـۆ چالاکییە کولتوورییەکانی بۆ سـاڵی 2015 دەستنیشان کرد، ئەویش میوزەکژەنی کورد سامان ساڵح بوو. سـاڵح بە ڕەچەڵەک خەڵکی باشـووری کوردستانە و ساڵانێکە لە سوێد نیشتەجێیە.

ڕۆژ عەباس، نووسەر و لێکۆڵینڤان لە سوید لەبارەی دەستنیشانکردنی ئەو کوردانە وەکو کەسـایەتی سـاڵ بە (ڕووداو)ی گوت "وێڕای چالاکیـی کورد لە سـاڵانی ڕابـردوودا، بەڵام یەکەمجارە سـێ کورد لەیەک ساڵ لەو ئاستە بەرزە بناسرێن".

لەڕووی سیاسی و بەشداریش لە ناوەندەکانی بڕیار، بـە بەراورد بە سـاڵانی ڕابردوو، کورد بەشـدارییەکی کارای هەبـووە و پێگەیەکـی بەهێزی لە ناوەندەکانی بڕیاردا پەیدا کرد، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا.

لـە هەریەک لە دانیمارک و سویسـرا، دوو کورد بوونە ئەندامی پارلەمان. بۆ یەکەمجاریش لـە پەرلەمانـی سـوید، کچە کوردێـک وەک گەنجترین پەرلەمانتـار بووە ئەندامی لیژنەی یاسا و دەستوور. لاوێن ڕێدار کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی باشووری کوردستانە و لە سوید دەژی، بە (ڕووداو)ی گوت "یەکەمجارە کوردێک ببێتە ئەندامـی ئەم لیژنەیە و ئەمەش پەیوەندی بە پاشخانی دراسیی خۆمەوە هەیە".

لـە هەڵبژاردنەکانـی مانگـی نیسـانی ڕابردووشـدا لە فینلاند، بۆ یەکەمجار 7 کورد بوونە بەربژێری هەڵبژاردن، هەرچەندە هیچیان دەرنەچـوون، بـەڵام مێژوویەکـی نوێیان لەو وڵاتـە تۆمار کرد کـە بۆ یەکەمجـار ژمارەی کاندیـدای کورد گەیشـتنە 7 کەس، هەر بەم هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە کورد بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی فینلاند بەشدارییان لەو هەڵبژاردنەدا کرد.

### کورد لە کۆمپانیا و دەزگا جیهانییەکاندا

هـەر لە سـاڵی 2015 و بـۆ یەکەمینجار گەنجێکـی کـورد پۆسـتێکی بـەرزی لـە کۆمپانیایەکـی جیهانـی پێـدرا. ئومێـد کوردستانی کە بەرەچەڵەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانە، مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوو وەکو بەڕێوەبەری گشتیی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دیـاری کـرا. چیرۆکـی سـەرکەوتنی ئومێد کوردستانی، لە بەرزکردنەوەی داهاتی گەورە کۆمپانیای گووگڵەوە دەستپێدەکات.

هەر سـاڵی ڕابردوو ئۆکتای ئەرسـلان کە گەنجێکـی کـوردی تەمـەن 31 سـاڵە و بە ڕەچەڵـەک خەڵکی باکووری کوردسـتانە، لە بەشـی ئەندازیاری ئۆتۆنۆمیی دەزگای ناسای ئەمریکی پۆستی وەرگرت. ئۆکتای ئەندازیاری تەکنۆلۆژییـە و شـارەزایە لـە ڕۆبۆتیـک و ئەندازیاریی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان.

### پاڵەوانەکانی ساڵ


هەردوو دەزگای ڕاگەیاندنی سـوێد کەناڵی (4)ی سوید و ڕۆژنامەی ئافتونبلادێت، ساڵانە خولی قارەمانی ساڵ ساز دەکەن و قارەمانی سـاڵ هەڵدەبژێرن. بۆ ئەمسـاڵیش کوردێکی باکووری کوردسـتان بەناوی سـاڵح چەتین، وەک قارەمانی ساڵ هەڵبژێردرا.

هەڵبژاردنـی چەتیـن پەیوەنـدی بـە ڕووداوێکی کۆنەوە هەیە کە تێیدا کەسـێک خەریـک بـوو بسـووتێت و گیان لەدەسـت بدات، بەڵام ساڵح چەتین ڕزگاری کردووە.

لـە دیاتریـن ڕووداویشـدا، لاڤیـن ئەسـکەندەری تەمەن 20 ساڵان لە هێرشی ڕەگەزپەرسـتێکدا بۆ سـەر قوتابخانەیەکی سـەرەتایی لـە شـاری ترۆلێهاتیـن کوژرا. لاڤیـن لەپێنـاوی ڕزگارکردنـی گیانـی منداڵەکانـی نێـو قوتابخانەکـە بەرگریـی کـرد و وەک پاڵەوانێکـی نێـو ڕووداوەکـە، سـینگی خۆی دایە بەر دەسـتڕێژی گوللەی تەقەکەرەکـە و توانی گیانی چەندین منداڵ ڕزگار بـکات. ڕێکخـراوی (KYEO) بڕیاری دا لـە مەراسـیمێکی گـەورەدا لاڤیـن وەکو کەسایەتیی ساڵ، بناسێنێ.

ساڤا نیوتن لە ڕێکخراوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "چیرۆکی پاڵەوانێتی ئەو گەنجە کوردە لە مێژووی سوێددا وێنەی نەبووە". گوتیشی: "لەگـەڵ بایەخـی میدیاکان بـۆ ڕووداوەکە، بـەڵام نەتوانرا وێنەی ڕاسـتەقینەی لاڤین و ڕووداوەکە نیشان بدرێت".

بەبـڕوای ڕۆژ عەبـاس کـە نووسـەر و لێکۆڵینڤانێکـی کـوردە لە سـوێد، دەکرێ سـاڵی 2015 بـە سـاڵی کـوردی تاراوگـە بناسـێنرێ "کـورد یەکێکـە لـە نەتـەوە کاراکانـی وڵاتانی ئەورووپا بە بەراورد لەگەڵ تاراوگەنشینانی دیکە". گوتیشی "ناساندنی ئەم کەسـایەتییانە و خەڵاتکردنیان لە بوارە جیاجیاکانـی کولتوور و سیاسـەت، کارایی ئەم نەتەوەیە نیشان دەدات".


ئەرکان ئەسعەد


ئۆز نوژەن


لاڤین ئەسکەندەر


ساڵح چەتین


سامان ساڵح



### ماهیر نیگەرانە

**ڕووداو- هەولێر**

ماهیر حەمەدەمین، هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەڵێت ساڵی 2015 بێبەرهەمترین ساڵی هونەری بووە و نیگەرانیشە لەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هیچ بەرنامەی بۆ ئەم کێشەیە نەبووە. ماهیر حەمەدەمین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی ئەم بارودۆخەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە، ساڵی 2015 کەمترین بەرهەمی هونەری پێشکەشکراوە، بۆیە زیانمەندی یەکەم هونەرمەندان بوون. بۆیە دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری پلانی بۆ دۆخی شەڕ و هەموو دۆخەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هەبێت، بەڵام بەداخەوە پێ ناچێت هیچ پلانێکیان هەبێت، بۆ کەمکردنەوەی ئەم کاریگەریە لەسەر هونەرمەندان. خۆ ناکرێت ژیان بە جارێک بوەستێ".

## عەزیز وەیسی بۆ (ڕووداو):

# 140 کچی فارس نۆرەیان بۆ گرتووم



عەزیز وەیسی گۆرانیبێژی میللی دەڵێت ئێستا لەلایەن گۆرانیبێژە فارسەکانەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ و چەند هونەرمەندێکی فارس داوایان لێکردووە دوێتی لەگەڵ بکەن. هەروەها دەڵێت کچانی فارس حەز دەکەن لە کلیپەکانیدا دەربکەون و ئێستا 140 کچ کە هەندێکیان ئەکتەرن، داوایان لێکردووە کە بەشداری لە کلیپەکانیدا بکەن. عەزیز وەیسی خەڵکی جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە تارانی پایتەختی ئێران نیشتەجێیە. وەیسی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی دوا کار و پرۆژەی خۆی دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو - سلێمانی

> ئێستا خێزانە فارسەکان بۆ ئاهەنگەکانیان بانگهێشتم دەکەن

> گۆرانیبێژە فارسەکان دەیانەوێ بەهۆی منەوە دەربکەون

> تەلەفزیۆنەکان لەبەر بەرنامەی چوار قۆڵی و پێنج قۆڵی ئاگایان لە ئێمە نەماوە

> سەری ساڵ دوو ئاهەنگم لە عەنکاوە ڕەتکردەوە چونکە پارەکەیان کەم بوو

**ڕووداو: نوێترین بەرهەمت دوو کلیپ بوو، دەکرێت باسێکیان بکەیت؟**

**عەزیز وەیسی:** بەرهەمی یەکەمیان هۆنراوەی فۆلکلۆر و ئاوازی ناوچەی جوانڕۆ بوو، پێشتر بە دەنگی فەتحوڵڵا ئەمینی و جیهانبەخش غەفوری بڵاوکراونەتەوە، من پێم باش بوو بە موزیکێکی نوێوە تۆماری بکەمەوە. گۆرانیی دووەمیشیان بەشێکی هەورامییە و بەشێکیشی فارسییە کە لەگەڵ هاوڕێیەکم بەناوی موحسین ئەمیری پێکەوە کلیپمان کردووە. موزیسیان کاوە قادریش جێپەنجەی لە بەرهەمەکانمدا دیارە، سوپاسی دەکەم.

**ڕووداو: ماوەیەکە لەگەڵ گۆرانیبێژانی فارس دەردەکەوی، ئەو پەیوەندییە چۆن دروست بوو؟**

**عەزیز وەیسی:** لەبەرئەوەی لە کەناڵی pmcی فارسی دەرکەوتووم، ئێستا گۆرانیبێژە فارسەکان دەمناسن، بەشانازییەوە ئێستا گۆرانی کوردی وای لێهاتووە خێزانە فارسەکان بانگهێشتمان دەکەن بۆ ئەوەی گۆرانیی کوردییان بۆ بڵێین. ئەو گۆرانیبێژە فارسانەش خۆیان پەیوەندیم پێوە دەکەن و دەیانەوێت بەهۆی منەوە دەربکەون. لەگەڵ هەر یەکێکیان گۆرانی بڵێم 7 هەزار تاوەکو 10 هەزار دۆلاریان لێ وەردەگرم. جگە لەوەی تێچووی گۆرانی و کلیپەکەش لە ئەستۆی ئەوانە. لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا کامیار کە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی فارسە، قسەی لەگەڵ کردووم بۆ ئەوەی پێکەوە بڕۆینە دوبەی بۆ کارێکی کوردی- فارسی.

**ڕووداو: لە کەیەوە وای لێهاتووە فارسەکان داوا لە ئێوە بکەن بۆ کاری هاوبەش؟**

**عەزیز وەیسی:** یەکەمجار کە گۆرانی سەوزەڵێم لەگەڵ گۆرانیبێژێکی فارسدا گوت، دوای ئەوە داوایان کرد. ئێستا نزیکەی 140 کچی فارس کە هەندێکیشیان ئەکتەرن، لەڕێی فەیسبووکەوە داوایان لێکردووم لە کلیپەکانمدا ڕۆڵ ببینن.

**ڕووداو: ئەوەی پەیوەندی بە ئاستی هونەری کوردی هەیە، یاخود پەیوەندی بە ناوبانگی خۆتەوە هەیە؟**

**عەزیز وەیسی:** نەخێر ئەوە پەیوەندی بە دەوڵەمەندیی هونەری کوردییەوە هەیە، ئێستا زۆر لە گۆرانیبێژە فارسەکان گۆرانی کوردی دەڵێن بۆ ئەوەی جێی خۆیان لەنێو کورددا بکەنەوە. بۆ نموونە کچێکی دەنگخۆشی فارس هەیە کە گۆرانی فارسی و ئینگلیزییشی گوتووە. وا دوو مانگە پرۆڤەی لەگەڵ دەکەم بۆ ئەوەی بە کوردی گۆرانی بڵێت.

> لەگەڵ هەر گۆرانیبێژێکی فارس دەربکەم 10 هەزار دۆلاری لێوەردەگرم

**ڕووداو: ئەو هونەرمەندە فارسانە، داوایان لە تۆ نەکردووە لەگەڵ هونەرمەندی دیکەی کورد دەربکەون؟**

**عەزیز وەیسی:** بەڵێ پێیان خۆشە بۆ هونەرمەندانی دیکەی کوردیش ڕۆڵ ببینن. هەر گۆرانیبێژێک ویستی، با بێتە تاران و پەیوەندیم پێوە بکات.

**ڕووداو: نزیکەی ساڵێکە بێدەنگیت، بۆچی؟**

**عەزیز وەیسی:** لەبەر ئەو شەڕە نەخوازراوەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، چونکە من گۆرانی بۆ جەماوەرەکەم دەڵێم، بەڵام کاتێک ئەوان خەمبار بن ئیدی گۆرانی بۆ کێ بڵێم؟ ئێستا شکور بۆ خوا خەریکە هەموو شوێنەکان بە تەواوی ئازاد دەکرێنەوە و دەرفەت بۆ گوتنی گۆرانی دەڕەخسێتەوە.

**ڕووداو: بەرهەمی نوێت هەیە؟**

**عەزیز وەیسی:** 24 گۆرانیم بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەیە، هیوادارم کۆمپانیاکان هاوکاریمان بکەن بۆ بڵاوکردنەوەیان، جگە لەوەش 54 هۆنراوە و ئاوازم ئامادەیە. هەر گۆرانیبێژێک حەز دەکات ئامادەم پێی بدەم و ئاساییە ناوی منیشی نەخەنە سەر.

**ڕووداو: دەڵێن زۆر دڵت سافە، ئەوە نیشانەی دڵسافیتە کە ئاواز و هۆنراوە دەدەیتە هونەرمەندانی دیکە؟**

**عەزیز وەیسی:** سروشتی خۆم وایە ڕقم لە هیچ کەس و هیچ هونەرمەندێک نییە و هونەرمەندانیش هەموویان هاتوونەتە ماڵەکەم لە تاران، ئێمە ئەگەر قەدری یەکتر نەگرین، خەڵک چۆن قەدرمان دەگرن.

**ڕووداو: ئێستا کەمتر لە جاران سەردانی باشووری کوردستان دەکەی، بۆچی؟**

**عەزیز وەیسی:** ئێستاش سەردانی باشووری کوردستان دەکەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئاهەنگ ناکەم، بۆیە خەڵک وا دەزانن ئێستا کەمتر دێم. 20 ڕۆژ لەمەوبەر بۆ ئاهەنگێک لە باشووری کوردستان بووم. من و کوردستان وەکو ماسی و ئاو واین بەبێ یەکدی هەڵناکەین.

**ڕووداو: بۆ سەری ساڵ لە کوێ ئاهەنگت گێڕا؟**

**عەزیز وەیسی:** بۆ ساڵی نوێ بۆ دەرەوە بانگهێشت کرام، بەڵام ڤیزاکەم ئامادە نەبوو. لە عەنکاوە بۆ دوو ئاهەنگ بانگهێشت کرام، بەڵام بۆ هەردووکیان 7 هەزار دۆلاریان پێدام و منیش ڕەتمکردنەوە.

**ڕووداو: کەواتە نرخی ئاهەنگەکانت چەندن وا ئەو دوو ئاهەنگەت ڕەتکردەوە؟**

**عەزیز وەیسی:** لە شارەکانی بۆکان و سەقز و تاران بە 8 هەزار و 500 تا 9 هەزار دۆلارن. لە دەرەوەش بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو سوێد ئاهەنگێک بە 70 هەزار کرۆن دەکەم.

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە لە میدیا دووری، هۆکاری چییە؟**

**عەزیز وەیسی:** (بەپێکەنینەوە) بۆچی بەرنامەکانی سێقۆڵی و چوارقۆڵی و پێنجقۆڵی دەرفەت دەدەن؟ تەلەفزیۆنە هونەرییەکانیش ماوەیەکی کەمە کلیپ بڵاودەکەنەوە. جگە لەوەش بەهۆی ئەو شەڕە نەخوازراوەوە بەرهەمی نوێمان نەبوو، تا قسەی تازە بکەین.

**ڕووداو: هاوژینەکەت لەسەر کلیپەکانت کە زۆرتر کچیان تێدایە، دڵگران نابێ؟**

**عەزیز وەیسی:** پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت "لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، ژنێکی قارەمان هەیە". ژنەکەم زۆر هاوکاریم دەکات و سوپاسی دەکەم. جاری وا هەیە کە لە جوانڕۆم، خەڵکێکی زۆر دەمناسن و دێنە لام، خۆی پێم دەڵێ بڕۆ بۆ تاران کەمێک پشوو بدە.

**ڕووداو: لە مانگێکدا چەند ڕۆژ لە ماڵەوەیت؟**

**عەزیز وەیسی:** نزیکەی 10 ڕۆژ.

**ڕووداو: سەروەت و سامانت چەندە؟**

**عەزیز وەیسی:** سەروەتەکەم ئەو خەڵکە باشەیە و پێویستم بە هەر شتێک بێت بۆم دابین دەکەن. ماڵێکم لە تاران، یەکێک لە جوانڕۆ و یەکێکیشم لە ڕامسەر هەیە. بەوەی دەستم دەکەوێت، سوپاس بۆ خودا ژیانم زۆر خۆشە.

## هێڤی موراد بۆ (ڕووداو):

# هاوژینەکەم زۆر پاڵپشتیم دەکات



**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

پێنج ساڵە گۆرانی دەڵێت، بەڵام جگە لە غەمگینی هیچ شادییەک لە ئاوازەکانیدا بەدی ناکەی، چونکە ئەو شەڕ و نەهامەتییەی بەرۆکی ڕۆژئاوای کوردستانی گرتووە، ڕەنگدانەوەی لەسەر کارەکانی هەبووە.

هێڤی موراد، لەدایکبووی ڕۆژئاوای کوردستانە و ئێستا لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە. ساڵی 2010 دوای ئەوەی بەشی میوزیکی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان تەواوکرد، دەستی بە گوتنی گۆرانی کرد.

هەر کارێکی هونەری پەیامێکی گرنگی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، پەیامی هێڤی زۆر جیاوازە و دەخوازێت بە جیهان بڵێت کچی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکە هونەرمەندی دەستڕەنگین و دەنگخۆشی هەیە "هەموو ئامانج و مەبەستی من ئەوە بووە بە دونیا بڵێم کچی کوردیش شانبەشانی کچانی دیکەی جیهان کاری هونەری دەکەن و خەم و ئازار و خۆشییەکانیان لە ڕێی هونەرەوە دەردەبڕن".

پێدەچێ هێڤی چانسی هەبووبێ کە مێردێکی هونەرمەندی بە قسمەت بووە و پشتگیری تەواوی دەکات. هێڤی دەڵێت "زۆر کەس هەبوون هاوکاریی منیان کرد، لەوانە مامۆستاکانم و باوکم و کەسوکارم. هەموویان هەوڵیان دەدا لەڕووی هونەرییەوە بە تەواوی پێبگەم، چونکە دەیانزانی بەهرەی هونەریم هەیە، بەڵام ئەوەی زۆر هاوکاریی کردم و تا ئێستاش بەردەوامە، هاوژینەکەمە کە خۆیشی هونەرمەند و گۆرانیبێژە".

"ئەرێ پسمام" ئەو گۆرانییە سەردەمانێک دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێو خەڵکدا هەبوو، هۆکارێکیش بوو بۆ دەرکەوتن و ناسینی زیاتری هێڤی. ئەو گۆرانییە لە بنەڕەتدا لەلایەن هونەرمەندی کۆچکردوو ئەردەوان زاخۆیی گوتراوە. هێڤی چیرۆکی گوتنەوەی ئەم گۆرانییە باس دەکات و دەڵێت "زۆر شەیدا و هۆگری دەنگ و گۆرانییەکانی هونەرمەند ئەردەوان زاخۆییم، گۆرانی ئەرێ پسمامیش یەکێکە لەو گۆرانیانەی کە زۆر گوێم لێدەگرت و حەزم کرد بیڵێمەوە، بۆیە بە کلیپیش لە قامیشلۆ تۆمار و بڵاومان کردەوە و یەکێک بوو لە گۆرانییە سەرکەوتووەکان بەلای جەماوەرەوە".

هەر گۆرانیبێژێک ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ گۆرانیگوتن، هێڤی لەوبارەیەوە دەڵێت "خۆم زۆرتر لە ستایلی خاودا دەبینمەوە و هەست دەکەم تێیدا سەرکەوتووم، بۆیە ئەم ستایلەم هەڵبژاردووە کاری لەسەر بکەم".

دوای مردنی فەریناز خوسرەوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێڤی گۆرانییەکی لەسەر ئەو کچە گوت. هێڤی لەو بارەیەوە دەڵێت "مردنی ئەو کچە دڵی هەموومانی هەژاند، ئەو خۆی تەسلیمی زۆرداران نەکرد و مردنێکی شەرەفمەندانەی هەڵبژارد، بۆیە وەک وەفا و خۆشەویستییەک بۆ ئەو کچە، گۆرانییەکم پێشکەش کرد".

هێڤی لەگەڵ هاوژینەکەی چەندین گۆرانییان بەهاوبەشی گوتووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا جگە لە هاوژینەکەی دەخوازێت لەگەڵ چ هونەرمەندێک دوێت بکات؟ هێڤی دەڵێت "تاوەکو ئێستا بیرم لە دوێت لەگەڵ هیچ کەسێک نەکردووتەوە، بەڵام ئەگەر هونەرمەندێکی باش و گۆرانییەکی باش هەبێت ئامادەم دوێت بکەم".

بەشێک لە هونەرمەندان حەز بە دەنگی خۆیان ناکەن، بۆیە بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانی هونەرمەندانی دیکە دەگرن، هێڤیش حەز دەکات بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانی شەیدا و هەڤاڵ ئیبراهیم بگرێت.

ئەگەر هێڤی موراد گۆرانی بە عەرەبی بڵێت ئایا دەوڵەمەند و بەناوبانگ دەبوو، هێڤی دەڵێت "هەرگیز بیرم لەوە نەکردووتەوە گۆرانی بە زمانی عەرەبی بڵێم، چونکە ڕێگری یەکجار زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی من کچێکی ڕۆژئاواییم هیچ کەناڵێکی عەرەبی پشتگیریم ناکەن".

هەموو گۆرانییەکانی هێڤی بە شێوەزاری کرمانجییە، بەڵام هیچ گۆرانییەکی بە شێوەزاری سۆرانی نییە، هێڤی دەڵێت "زۆر حەز دەکەم بە سۆرانی گۆرانی بڵێم، چەند جارێک هەوڵمداوە خۆم فێری سۆرانی بکەم، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر هاوکاری بکرێم ئامادەم چەند گۆرانییەک لە ئەلبوومی داهاتووم بە سۆرانی بێت".

هێڤی پێیوایە جوانی بۆ گۆرانیبێژان پێویستە، بەڵام لەهەموویان گرنگتر دەنگخۆشییە، چونکە ئەوە دەنگە کە دواجار لە هزری خەڵکیدا دەمێنێتەوە.

ئەو هەروەها دەڵێت "مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی هەر هونەرمەندێک ئەوەیە کە دەبێ دەنگێکی خۆشی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە هونەر بگات و بەشێوەی ئەکادیمی بواری میوزیکی خوێندبێت".

هێڤی بۆ ئەمساڵ پلانی هەیە ئەلبوومێک بڵاوبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڤیدیۆ کلیپێک بڵاودەکاتەوە. هێڤی دەڵێت "ئێستا خۆم ئامادە دەکەم بۆ تۆمارکردنی دوو گۆرانی کە بەنیازم لە نەورۆزی داهاتوودا بڵاویان بکەمەوە. گۆرانییەکانیش لەسەر شەهیدان و نەورۆز دەبێت، هەروەها گۆرانییەکی فۆلکلۆری بە شێوەزاری سۆرانیش لەسەر نەورۆز دەڵێم".

> بیرم لەوە نەکردووەتەوە بە عەرەبی گۆرانی بڵێم

> خۆم لە ستایلی خاودا دەبینمەوە



حەکیم داود

## نەوەی رووداو

تۆڕی میدیایی رووداو وەک هەمیشە پێشەنگ دەبێت لە راگەیاندنی شێوازێکی نوێی خزمەتگوزاری لە بواری میدیاییدا، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە و خێراترین رێگا بگات بە بینەر و وەرگرەکانی.

نەوەی رووداو (RUDAW GENERTAION) نەوەیەکی نوێی نێو (تۆڕی میدیایی رووداو) دەبێت، بۆ گەیاندنی زانیاری ڤیدیۆیی و وێنە لەرێگەی چەندین پلاتفۆرمی سۆشیاڵ میدیاوە.

RG بەشێوازێکی نوێ کە پشت بە خێرایی لە گەیاندنی زانیاری، گرافیک و کورتبڕی، لەرێگەی پلاتفۆرمەکانی وەک "فەیسبووک، توویتەر، ئینستاگرام، تەلەگرام، یوتیوب" دەبەستێ و گرتەی ڤیدیۆیی کورت و زانیاری چڕ دەبەخشێتە بینەرەکانی.

هەنگاوە نوێیەکەی رووداو وەک لە ناوەکەیدا دیارە بۆ نەوەی نوێیە، ئەو نەوەیەی لەرێگەی شاشەی مۆبایلەکەیەوە جیهانی لەبەردەست دەبێت.

ئەگەر هاتنەکایەی تەلەڤزیۆن و رادیۆ، دواتریش ئینتەرنێت مەترسییەکی جددی بووبێت لەسەر میدیای خوێنراو (رۆژنامە و گۆڤار)، ئەوا ئەمرۆ سۆشیاڵ میدیا و مۆبایلە زیرەکەکان لە یەکەم 15 ساڵی سەدەی بیست و یەکەمدا گەورەترین مەترسین بۆ سەر تەلەڤزیۆن و میدیای بینراو.

دەرکەوتنی تەلەڤزیۆن لە ساڵانی 1950 وایکرد رۆژنامە بیر لە داهاتووی خۆی بکاتەوە. هەرچەندە بەشێک لە شرۆڤەکاران، بە ئێستاشەوە پێیانوایە تەلەڤزیۆن جێگەی رۆژنامە ناگرێتەوە، بەڵام فرۆشی ئەو دوو کاڵایە دەریدەخات تەلەڤزیۆن یارییەکەی زۆر بە ئاسانی و بە ئەنجامێکی گەورە بردەوە، چونکە چیدی خەڵکی بۆ زانینی نوێترین هەواڵ، پێویستی نەدەکرد رۆژنامە بکڕن، بەڵکو تیڤییەکان بەردەوام هەواڵی پێدەگەیاندن.

سەرکەوتنی تەلەڤزیۆن تاوەکو ئەو کاتە بەردەوام بوو کە تەقینەوە گەورەکە لە سەرەتای ساڵانی 1990 روویدا و ئینتەرنێت هاتە گۆڕەپانەکە، ئیدی ئەوە ئەو کاتە بوو کە تیڤی بەشێک لە سەنگی خۆی لەدەستدا.

جیاواز لە تیڤی، ئینتەرنێت هەڕەشە بوو بۆ سەر هەم میدیای خوێنراو، هەمیش بۆ سەر میدیایی بینرا و بیستراو، بۆیە لە سەرەتای سەدەی نوێوە بە پێشکەوتنێکی خێرا و بەردەوام دەیەوێت بازاڕی هەموو شێوازەکانی دیکەی میدیا نەهێڵێت.

پێشکەوتنی بەردەوامی میدیایی، هاوشانی پێشکەوتنە سەرنجڕاکێشەکانی تەکنۆلۆژیا، وایکردووە رۆژنامەنووسان بتوانن بەشێوازی نوێ و باشتر زانیارییەکان بگەیەنن بە بینەر و فانەکانیان.

زۆرینەی خەڵکی و بەتایبەت نەوەی نوێ، لەرێگەی مۆبایلە زیرەکەکانەوە چاودێری جیهان و دەوروبەری خۆیان دەکەن، ئەوان دەیانەوێت بە کەمترین کات و باشترین شێوە ئەوەی دەیانەوێت لەسەر شاشەی مۆبایلەکان دەستیان بکەوێت، بۆیە دوورن لە تەلەڤزیۆن و میدیا خوێندراوەکان.

هیچ کەس ناتوانێت پێشبینی داهاتوو بە وردی بکات، بەڵام زۆرینەی راکان لەوەدا کۆدەبنەوە کە چەند دەیەی داهاتووی ئەم سەدەیە، سەردەمی سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی دەبێت، ئەوەش نەوەیەکی نوێیە کە پێویستی بە "نەوەی رووداو"ە بۆ ئەوەی بە باشترین و خێراترین شێوە دەستی بگات بە زانیارییەکان.

RGی لە کەمترین ماوەدا، کە لانی زۆر لە خولەکێک تێناپەڕێت، زانیارییەکان لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، ئابووری و کولتوور و ستایل دەگەیەنێتە وەرگرەکان لە سۆشیال میدیا، بۆ ئەوەی بەشێوازێکی چێژبەخشتر و باشتر زانیارییە ناوخۆیی و جیهانییەکان بداتە وەرگرەکانی. لێرەوە مژدەتان دەدەینێ کە تۆڕی میدیایی رووداو بەم نزیکانە خزمەتگوزاریی RG دەخاتە کار.

تەرزە عەبدوڵڵا پەیامنێری رووداو لە سلێمانی:

# دەمەوێ ببمە پێشکەشکارێکی بەنێوبانگ

## دەمەوێت هاوژینەکەم سێ سیفەتی تێدا بێت

*هێندە سلێمانی خۆشدەوێت ناتوانێت بۆ پیشەکەشی لێی دووربکەوێتەوە. خەونی گەورەشی ئەوەیە ببێتە پێشکەشکارێکی بەنێوبانگ تاوەکو بەو هۆیەوە پارەیەکی زۆر کۆبکاتەوە و کاری خێرخوازی پێ بکات. تەرزە عەبدوڵڵا، پەیامنێری تەلەفزیۆنی رووداو لە سلێمانی، تەمەنی 29 ساڵە و بەهۆی راگەیاندنەوە دەستبەرداری خوێندنەکەی بووە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) زیاتر لەبارەی ژیانی خۆیەوە قسە دەکات.*

*رووداو - سلێمانی*




**رووداو: بۆچی لە خوێندن بەردەوام نەبوویت و وازت هێنا؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** لە پۆلی یەکی ناوەندییەوە حەزم لە ئیشی راگەیاندن بوو. سەرەتا لە رادیۆی ئازادیی حیزبی شیوعی کوردستان لە سلێمانی وەکو بێژەری هەواڵ دەستبەکاربووم، جگە لەوەش بەرنامەیەکی پەروەردەییم هەبوو بۆ منداڵان. زۆر هەوڵم دا لە خوێندنیش بەردەوام بم، بەڵام حەزم لێی نەبوو. پاشان چوومە رۆژنامەی رێگای کوردستان، لەوێ بابەتی کۆمەڵایەتیم ئامادە دەکرد، پاشان سەنگەرم گواستەوە بۆ رۆژنامەی هاووڵاتی، نزیکەی شەش ساڵ لە رۆژنامەی هاوڵاتی بەهەمانشێوە ئیشی کۆمەڵایەتیم دەکرد. پێموایە یەکەم رۆژنامەنووسیش بووم راپۆرتم لەسەر خەتەنەکردنی مێینە کرد کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو.

**رووداو: چۆن بوو لەو تەمەنە کەمەوە هاتیتە نێو راگەیاندن؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** پێدەچێ هۆکارەکەی ئەوە بێت کە منداڵ بووم زۆر لاسایی بێژەر و پێشکەشکارەکانم دەکردەوە. پێش ئەوەی وازیش لە خوێندن بهێنم دەمگوت ئەگەر خوێندنەکەشم تەواو بکەم هەر دەبم بە میدیاکار، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ببمە پەیامنێر، چونکە حەزم لێی نەبوو.

**رووداو: ئەی بۆچی لە رووداو نەبوویتە پێشکەشکار یان بێژەر؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** پاشان گرێبەستم بۆ پێشکەشکاری کرد، چونکە حەزم لە بێژەریی یاخود پێشکەشکاریی بوو بۆ بەرنامەی هونەری یان کۆمەڵایەتی، بەڵام حەزم لە هەواڵ و بەرنامەی سیاسی نییە، رووداویش لە بوارەکانی هونەری و کۆمەڵایەتی دەرفەتی نەبوو، جگە لەوەی ئێمە لە سلێمانی بووین و بەرنامەیەکی لەو شێوەیەی تێدا نەدەکرا، تەنها بەرنامەی چیرۆکی سەرکەوتنم بۆ ماوەی ساڵێک پێشکەش کرد و بینەری باشیشی هەبوو.

**رووداو: ئەی چۆن بوو رووداوت هەڵبژارد؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** هاتنم بۆ تۆڕی میدیایی رووداو بەڕێکەوت بوو، کاتێک دەیانگوت تەلەفزیۆنێکی پرۆفیشناڵ دەکرێتەوە، لەگەڵ هاوڕێیەکم هاتین و ئەو حەزی دەکرد ئیش بکات و چاوپێکەوتنیشمان کرد، بەڵام زۆر بە خەیاڵمدا نەدەهات وەربگیرێم یاخود وەرنەگیرێم، ئیتر بۆ شەوەکەی پەیوەندیم پێوە کرایەوە و گوتیان سیڤییەکەتمان بەدڵە و لە چاوپێکەوتنەکەش دەرچووی، بەڵام هاوڕێکەم وەرنەگیرا.

**رووداو: پێتخۆشە لە رووداو هەروەکو پەیامنێر کار بکەیت؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** راستییەکەی پێیان گوتووم بۆ ئەوەی بڕۆمە شاری هەولێر بۆ بەرنامە، بەڵام حەز ناکەم لە سلێمانی دوور بکەمەوە و ناتوانم دایک و باوکم و هاوڕێکانم جێبهێڵم.

**رووداو: لە کاری پەیامنێری ئاسوودەیت؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** یەکەمجار کە گوتیان پەیامنێری بکە، پێم خۆش بوو لەبەرئەوەی پێشتر دوو ئەزموونی دیکەم هەبوو، ئێستاش زۆر ئاسوودەم، بەڵام خەونم ئەوەیە ببمە پێشکەشکارێکی بەناوبانگ بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببم و بتوانم خزمەتی منداڵانی بێسەرپەرشت و پیاوانی بە تەمەن بکەم.

**رووداو: پێشتر کاری هونەریشت کردووە، یەکەم کارت چی بوو، بەشداریت لە چەند کاردا کردووە؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** یەکەم کارم بەشداری بوو لە کلیپێکی هونەرمەند تارا رەسوڵ کە باسی کاتی رژێمی بەعسی دەکرد. پاشان داوام لێکرا بۆ فیلم، بەڵام لەبەرئەوەی حەزم لە راگەیاندن بوو، نەمدەویست تێکەڵی ئەو کارانە ببم. دواتر بەشداریم لە درامای ئاکامی نهێنییەکانی هونەرمەند سالار سوڵتان کرد کە رۆڵی کچێکی منداڵکارم دەبینی کاتێک بەزۆر دەیدەنە پیاوێکی بە تەمەن. دواتریش لە درامای گەردەلوول رۆڵم بینی.

**رووداو: بۆچی لە کاری هونەری بەردەوام نەبوویت؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** ئێستاش پێم دەڵێن، بەڵام راگەیاندن کاتی بۆ نەهێشتوومەتەوە، دەبێت لە نێوان کاری راگەیاندن و هونەریدا یەکێکیان هەڵبژێری. بۆ ئەو قۆناغە زیاتر حەزم لە کاری راگەیاندنە.

**رووداو: خۆشەویستت هەیە؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** لە تۆڕی کۆمەڵایەتی و شوێنی دیکەشەوە داوای خۆشەویستیم لێکراوە، بەڵام تا ئێستا شاسواری خەونەکانم نەدۆزیوەتەوە، چونکە ئەو کەسەی دەبێتە هاوژینم دەبێت سێ سیفەتی تێدا بێت: رێزم بگرێت و خۆم و پیشەکەشمی خۆشبوێت، ئەگەر میدیاکاریش نەبێت کێشە نییە، بەڵام لە پیشەکەمەوە نزیک بێت.

**رووداو: دەڵێن تەرزە زۆر کراوەیە، هەر ئەوە نییە کە وای کردووە خەڵک زۆر لێت بێنە پێش و داوای پەیوەندیت لێ بکەن؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** لەبەرئەوەی کەسێکی کۆمەڵایەتیم، بۆیە حەزم لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و هونەرییە. کاتێک کەسێک قسەم لەگەڵ دەکات کە پێشتر بەشێوەیەکی دیکە لێم تێگەیشتووە، بۆچوونی سەت لە سەت دەگۆڕێ و دەڵێن سادە و رووخۆشیت.

**رووداو: لە راگەیاندن چ کارێک زۆر نیگەرانی کردووی؟**

**تەرزە عەبدوڵڵا:** ئەو راپۆرتەی لەسەر هاوس پارتی کردم لە هەفتەنامەی رووداو زۆر نیگەرانی کردم، بەداخەوە میدیاکارەکان لە هاووڵاتیان زیاتر قسەی نەشیاویان بەرامبەرم کرد، بێ ئەوەی خوێندبێتیانەوە بە هەڵە تێگەیشتبوون، پەیوەندییان پێوە دەکردم و دەیانگوت ئەو شوێنە لەکوێیە، وایاندەزانی دژی سلێمانی کارم کردووە. لە کاتێکدا خۆم لەبەر سلێمانی ناتوانم بڕۆمە هەولێر، پاشان ئەو راپۆرتەش بۆچوونی چەند گەنجێک بوو کە حاڵەتێکی ئاساییە لە ماڵێکدا کۆدەبنەوە. راپۆرتەکە بەهیچ شێوەیەک بۆچوونی منی تێدا نەبوو.

**تائێستا شاسواری خەونەکانم نەدۆزیوەتەوە**

**حەزم لێیە ببمە خێرخواز**

**حەزم لە هەواڵ و بەرنامەی سیاسی نییە**


## FM 102.7 - 102.9 پرۆگرامەکانی رادیۆی رووداو

**مژار:** پێشکەشکار: سروە هەورامی
کات: شەممە تاوەکو پێنجشەممە، کاژێر 11:00.
پرۆگرامێکی گفتوگۆئامێزە سەبارەت بە مژارە گەرمەکانی کوردستان و جیهان.

**گفتوگۆی رۆژنامەنووس:** دووشەممە، کاژێر 17:05
پێشکەشکاران: ئاکۆ محەممەد و رێبوار کەریم وەلی
باسی دیارترین پرس و رووداوەکانی هەفتە دەکات

**لەبەغداوە:** پێشکەشکار: سروە هەورامی
کات: پێنجشەممە، کاژێر 16:05
گەرمترین مژاری هەفتەی عێراق و ناوچەکە لەگەڵ میوانەکانیدا شرۆڤە دەکات.

**چاڤی سێیەم پێشکەشکار:** حوسێن عومەر
کات: شەممە، کاژێر 17:05.
باسی گرنگترین مژارەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات

**یاریگای رووداو:** کات: شەممە، کاژێر 16:05
پێشکەشکاران: رێبوار محەممەد و ئیحسان تاهیر و سەفین تەها.
شرۆڤەی یاری و پاڵەوانییەتییە وەرزشییەکانی ناوخۆ و جیهان دەکات.

**گوتوبێژ:** پێشکەشکار: دڵدار هەرکی
کات: پێنجشەممە، کاژێر 17:05
گرنگی بە مژارە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا دەدات

**دەنگی کۆبانی:** پێشکەشکار: عومەر کالۆ
کات: یەکشەممە کاژێر 16:05
باسی رووداوەکانی شاری کۆبانێ و دەوروبەری دەکات.

**رووداوی رۆژهەڵات:** پێشکەشکار: ناسر پیرۆتی
کات: سێشەممە، کاژێر 17:05
باسی رووداو و رۆژەڤی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات

**یادەوەری:** پێشکەشکار: شوان مەنمی
کات: هەینی کاژێر 11:05
باس لە بیرەوەریی کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان دەکات.

**بەکاتی سلێمانی:** پێشکەشکار: سامان بەشارەتی
کات: یەکشەممە کاژێر 17:05.
گەرمترین رۆژەڤی هەفتەیەکی سلێمانی شەنوکەو دەکات

**هەتوان** پێشکەشکار: زێڕین کامەران
کات: چوارشەممە، کاژێر 16:05
بەرنامەیەکی راستەوخۆیە و هەر جارێک پرسێکی تەندروستی دەوروژێنێ

**رۆنان:** پێشکەشکار: فەرهاد چۆمانی
کات: هەینی، کاژێر 16:00
بایەخ بە بابەتە ئەدەبییەکان و نوێترین بەرهەمی نووسەران دەدات.

**ب دەمژمێرا ئامەد:** پێشکەشکار: ماشەڵڵا دەکاک
کات: دووشەممە، کاژێر 16:05
باسی مژارەکانی شاری ئامەد و باکوری کوردستان دەکات.

**زێڕی رەش:** پێشکەشکار: بیلال سەعید
کات: چوارشەممە، کاژێر 17:05
گرنگی دەدات بە پرسە پەیوەندیدارەکانی کەرتی نەوت و گاز و سامانی سروشتی.

فریکوێنسی رووداو میوزیک
FM 107.7


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی گراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا کراوەیە
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND


seasons
world cuisine
divan
erbil
CHOPIN
Piano Bar
DECEMBER 31st
EXTRAVAGANT BUFFET & BUBBLY TOAST AT MIDNIGHT
95 $ Plus Soft Drinks
125 $ + Alcoholic Beverages + Midnight bubbly toast
JANUARY 1st
New Year Brunch
60 $ non-alcoholic Soft Drinks
90$ + Alcoholic Beverages
FOR RESERVATIONS :
0750 207 0038
DECEMBER 31st
OPEN BAR
Dips Salad & Cold Meats
Selection Of Cold Cuts Meat
Salmon Counter
Assorted Sushi & Sashimi
Pass Around Delight Hot Canapé
Bubbly Toast At Midnight
$95
Live Music Band
HAPPY NEW YEAR
2016
all prices are exclusive of %10 service charge


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حليب

رووداو
ژنان
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4



## کچێک خۆی دەخنکێنێ

**رووداو- سلێمانی**

لە گەڕەکێکی شاری سلێمانی کچێکی تەمەن 20 ساڵ بە پەت خۆی دەخنکێنێ، باوکیشی دەڵێت نەخۆشیی دەروونی هەبووە. بەپێی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە سەرلەبەیانی رۆژی 2016/1/2 کچێکی تەمەن 20 ساڵ کە قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووە لە گەڕەکی مەلا داود لە ماڵی خۆیان بەپەت خۆی هەڵواسیوە و گیانی لەدەستداوە. راگەیەندراوەکەی پۆلیس لەزاری باوکی کچەکەوە دەڵێت "کچەکە نەخۆشیی دەروونی هەبووە. لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە".

# پێنج ژن لەسەر بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر سزادەدرێن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی ئاماری چاکسازییەکانی ژنان و منداڵان لە هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو پێنج ژن بە تاوانی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر سزادراون، 11 ژنیش هەر بەو هۆیەوە راگیراون، بەڵام ژمارەی راگیراوان بەراورد بە ساڵی 2014 زیادی کردووە.

عەمید جەلال ئەمین، بەڕێوەبەری بەشی مادده هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، ساڵی رابردوو زیاتر لە 100 کەس بە تۆمەتی بازرگانی و کێشانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون لە نێویاندا 4 ژن هەبووە کە هەم بازرگان و هەمیش بەکارهێنەر بوون. بەڵام ساڵی 2014 کەمتر لە 100 کەس بەو هۆیەوە دەستگیرکرابوون و تەنیا یەک ژنیان لەنێودا بووە.

سەبارەت بەو ماددانەشی بەکاریان هێناوە، یان بازرگانییان پێوە کردووە، عەمید جەلال گوتی "بەگشتی تریاک و حەشیش و هێرۆیین و شیشە بووە، بەڵام شیشە ماددەیەکی زۆر ترسناکە، بەداخەوە لە ساڵی 2014دا دادگای تەمیز ئەو ماددەیەی لە هۆشبەرەوە کرد بە ماددەی 240ی سەرپێچی، بەو هۆیەشەوە خەڵکانێکی زۆرتر روویان تێکرد، چونکە لە ماددەکە نەدەترسان و بە کەفالەت ئازاد دەکران، بەڵام خۆشبەختانە لە دوو مانگی کۆتایی 2015دا ئەو ماددەیە کرایەوە بە یاسای ژمارە 14ی ماددەی هۆشبەر".

### پێنج ژن سزادراون

بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازیی ژنان و منداڵان لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک دراونەتە (رووداو)، دەرکەوتووە ژمارەی سزادراوانی ژنان لەسەر ماددەی هۆشبەر لە ساڵی 2015 بەراورد بە 2014 یەکسانن، بەڵام راگیراوان لە چاکسازیی هەولێر بەراورد بە ساڵی 2014 زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری چاکسازیی ژنان و منداڵانی سلێمانی، ساڵی رابردوو سێ ژن بەپێی یاسای ژمارە 14ی تایبەت بە مادەی هۆشبەر سزادراون و هەرسێکیشیان بەکارهێنەر بوون، بەڵام هیچ راگیراوێکیان لەلا نەبووە. لە ساڵی 2014دا چوار سزادراویان هەبووە کە یەکێکیان بازرگان بووە، لەگەڵ یەک راگیراو.

بەڵام بەپێی ئامارەکانی چاکسازیی ژنان و منداڵانی هەولێر، ساڵی 2015 دوو ژنی سزادراویان هەبووە کە یەکێکیان بازرگان بووە، لەو دوو سزادراوەش یەکێکیان خەڵکی ئێران بووە و بۆ تەواوکردنی حوکمەکەی رەوانەی وڵاتەکەی کراوەتەوە، بەڵام 11 راگیراویان هەبووە. ساڵی 2014یش بەهەمانشێوە دوو سزادراویان هەبووە کە بەکارهێنەر بوون، لەگەڵ سێ راگیراوی بەکارهێنەر. لە چاکسازیی ژنان و منداڵانی دهۆکیش ساڵی رابردوو تەنیا ژنێک سزا دراوە کە بازرگانی مادەی هۆشبەر بووە.

ئومێدە محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵان لە سلێمانی ئامارەکەی خۆیانی بە "ئاسایی" ناوبرد بەراورد بەو تاوانانەی دیکە کە لەلایەن ژنانەوە دەکرێن. ئەو گوتی "ژمارەکە یەکسانە بەوەی ساڵی 2014، چونکە کەمبوونەوەی سزادراوێک مانای رێژەیەکی گەورە نییە و رەنگە لە بەشی گرتن و گواستنەوە ژنی دیکەش هەبن و لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بن".

هەروەها دیمەن محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵانی هەولێر زۆریی ژمارەی راگیراوانی 2015ی بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان گەڕاندەوە و گوتی "زۆربەی راگیراوەکان ئێرانین، یاخود ئەوانەن کە لە ئێران هاتوونەتەوە، جگە لەوەش ژنانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و سووریاشی تێدایە، بەڵام خەڵکی هەرێمی کوردستانی کەم تێدایە".



### کێ تووشی کردوون؟

ئومێدە محەممەد پێیوایە تێوەگلانی بەشێک لەو ژنانە لەگەڵ ماددەی هۆشبەر بەهۆی ئەوەیە کە هەندێکیان پیاوەکانیان بازرگان یاخود بەکارهێنەری ئەو ماددانە بوون و دواتر ئەوانیشیان فێر کردووە، بەڵام دڵخۆشە بەوەی تائێستا ژنانی بازرگان و بەکارهێنەری ئەو ماددەیە زۆر نین و گوتی "هەم ژنانی بازرگان و بەکارهێنەریش تەنیا حاڵەتن و نەبووەتە دیاردە".

دیمەن محەممەدیش گوتی "هەندێکیان لەرێگەی هاوڕێکانیان لە کاتی ئیشکردن، یاخود لە خێزانەکانیانەوە فێر بوون".

عەمید جەلال پشتڕاستی کردەوە کە هەندێک لەو ژنانە بەهۆی مێردەکانیانەوە فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بوون، گوتیشی "بەڵام هەندێک لەو ژنانە دوای ئەوەی زانیویانە مێردەکانیان ماددەی هۆشبەر بەکاردێنن، دەزگا ئەمنییەکانیان ئاگادار کردووەتەوە".

دیمەن محەممەد هۆشداری دەدات لە ئەگەری زۆربوونی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر و گواستنەوەیان بۆ ژنانی دیکەی کۆمەڵگە "ئەگەر رێژەکە زۆرتر بێت مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە زیاتر دەبێت و دوور نییە ژنانی دیکەش فێر بکەن، بۆیە پێویستە ژنانی دەرەوەی چاکسازی لەرێگەی میدیاکان و تەنانەت بەرهەمهێنانی فیلمەوە لە مەترسی زیاتری ئەو ماددەیە هۆشیار بکرێنەوە".

سزادانی ئەو ژنانە لە دوو ساڵی رابردوودا لە کاتێکدا بووە کە هەرێمی کوردستان بە قەیرانی سیاسی و ئابووریدا تێپەڕی. ئەوەش بەبۆچوونی عومەر ئەنوەر، توێژەری کۆمەڵایەتی، هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئەو ژنانە پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەو ماددانە ببەن و گوتی "رەنگە هەندێک لەو ژنانە بۆ دەربازبوونیان لەو دۆخەی تێیدان بەکاریان هێنابێت، دیارە بەشێکی دیکەشی پەیوەندی بە هاوسنووریمان لەگەڵ ئێران هەیە".

# لە دوو ساڵی رابردوودا تەرمی 11 ژنی بێ خاوەن دۆزراونەتەوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

لە ماوەی دوو ساڵدا تەرمی 11 ژن لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی دۆزراونەتەوە کە کەسوکاریان دیار نین. نۆ لەو تەرمانە لەلایەن شارەوانییەوە نێژراون، یەکێکیان لەلایەن رێکخراوەکانی ژنان و تەرمێکیش هێشتا لە پەیمانگەی دادپزیشکییە.

بەپێی ئاماری پەیمانگەی دادپزیشکیی هەولێر کە دراوەتە (رووداو)، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا تەرمی حەوت ژنی نەناسراو دۆزراونەتەوە کە هەموویان کورد بوون و رەوانەی پەیمانگەکەیان کراون، ساڵی 2014 سێ تەرم و ساڵی رابردووش چوار تەرم.

د.یاسین کەریم، بەڕێوەبەری پەیمانگەی دادپزیشکیی هەرێمی کوردستان، پێیوایە ئەو ژمارەیە زۆر نییە و گوتی "بەراورد بەو ژمارە زۆرەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر، ژمارەکە زۆر نییە، پێشبینیش دەکەم ساڵانی داهاتوو کەمتریش ببێتەوە".

بەپێی ئاماری پەیمانگەی دادپزیشکیی سلێمانی کە ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و رانیە دەگرێتەوە، لە دوو ساڵی رابردوودا تەرمی چوار ژن دۆزراونەتەوە کە خاوەنەکانیان دیار نین و دوایین تەرمیش تەرمی ژنێک بوو کە لە ناوچەی زرگوێز بە سووتێندراوی دۆزرایەوە و تاوەکو ئێستا لە پەیمانگەکەیە.

د.محەممەد نووری لە پەیمانگەی دادپزیشکیی سلێمانی ئەو ژمارەیەی بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بەلاوە زۆر نییە و بە (رووداو)ی گوت "ئەو رێژەیە کەمە بەراورد بەو دانیشتووانە زۆرە کە زیاتر لە 2 ملیۆن کەس دەبن، جگە لەوەش کوشتنی ئەو ژنانە بەو شێوەیە بەراورد بەو توندوتیژییانەی بەرامبەر ژنان دەکرێن کەمترە".

سنووری تەمەن 21 ساڵ کە پاش نیوەڕۆی رۆژی 2015/10/20 لە پارکی دایک لە شاری سلێمانی کوژرا، کەسوکارەکەی بە کوشتنی تۆمەتبار کران و کوشتنیشی دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس دەستگیر نەکراوە، سنوور هەرچەندە کەسوکاریشی ناسراو بوون، بەڵام ئامادە نەبوون تەرمەکەی وەربگرنەوە، بۆیە تەرمەکەی وەک بێخاوەن مامەڵەی لەگەڵدا کرا، دواتر لەلایەن رێکخراوەکانی ژنانەوە بەخاک سپێردرا.

لە گەرمیان لە دوو ساڵی رابردوودا هیچ تەرمێکی نەناسراوی ژنان نەدۆزراوەتەوە، (رووداو) هەوڵیدا ئاماری پزیشکی دادی دهۆکیش وەربگرێت، بەڵام بەڕێوەبەری پەیمانگەکە گوتی ئاشکراکردنی ئامارەکانی پزیشکی داد نهێنییە و ناتوانن بیدەنە میدیاکان.

بەپێی یاسای پزیشکی داوەری و توێکاری، هەر تەرمێکی بێ خاوەن دوو مانگ دەهێڵدرێتەوە، ئەگەر خاوەنی نەبوو، لەلایەن شارەوانییەوە دەشاردرێتەوە، بەڵام ئەگەر تەرم زۆر بوو یاخود کارەبا خراپ بوو، ئەوا بە وەرگرتنی رەزامەندیی دادوەر، پێش تەوابوونی دوو مانگەکە و لە گۆڕستانێکی تایبەتدا بەخاکی دەسپێرن.

بەبۆچوونی خانم رەحیم، بەڕێوەبەری رێکخراوی ئاسوودە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان، ئەو ئامارانە جێی سەرسوڕمان نین و گوتی "زۆربەی ئەو ژنانە لەلایەن کەسوکاریانەوە دەکوژرێن و دواتریش ئامادە نین تەرمەکانیان وەربگرنەوە".

سەرەڕای دۆزینەوەی ئەو 11 تەرمە نەناسراوە، بەڵام بەپێی ئاماری پۆلیسی هەولێر، لە دوو ساڵی رابردوودا کوشتنی ژنان لەو پارێزگایە کەمی کردووە.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، لە 2015 بەراورد بە 2014 کوشتنی ژنان 20% کەمی کردووە، بەو پێیەی ساڵی رابردوو 18 ئافرەت کوژراون، بەڵام لەساڵی 2014دا 27 ئافرەت کوژرابوون.





**سازان مەندەلاوی**

## مەلالا ئێزدییەکە

لەم رۆژانەدا تویتەر تەنراوە بە هەواڵ و ژمارەی کوژراوەکان، دیاردەی تیرۆریزم و ئەو توندوتیژیانەی جیهانی گرتووەتەوە. بەڵام تویتێکی رۆژنامەڤان هیوا عوسمان رایچڵەکاندم. وەکوو بریسکەیەک وابوو. بیرۆکەکەی ئەو وەکوو سروشێک بوو بۆ من کە ئەگەرچی پێشتر خۆم بیرم لێی نەکردبووەوە، بەڵام تەواو لەگەڵیدا هاوڕام.

دواجار وتارەکەی نادیە موراد لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تەزووی بە هەموو گیانمدا هێنا، لە ماڵەوە دانیشتم و هەستم بە بێتوانایی خۆم دەکرد کاتێک بینیم هیچمان نەکردووە بۆ ئەو کچە ئێزدییانەی رۆژانە دەمرن.

مەلالا یوسفزای کەسێکی ئیلهامبەخشە، نموونەیەکە بۆ ئەوەی سەیری بکەین، خەباتکارێکی راستەقینەی مافی پەروەردەی کچانە، ئەمەش نەک هەر لە پاکستان، بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا. بەسەرهاتی مەلالا لە پاسێکی قوتابخانە و لە رۆژی 9ی تشرینی یەکەمی 2012 دەستی پێکرد، کاتێک تاڵیبان تەقەیان لێکرد.

نادیە مورادیش لەم رووەوە هیچ جیاوازییەکی نییە، بەڵام رەنگە خۆزگەی خواستبێت هەزار جار گوللەیان بەسەرییەوە نابا و بە درێژایی ژیانی لە مافی پەروەردە بێبەش کرابا، بەڵام ماوەی سێ مانگ لەسەر یەک دەستدرێژی نەکرابایە سەری.

نادیەی تەمەن 21 ساڵ دەنگی هەزاران کچی ئێزدیی کپکراوە. ئەو باسی مافی ژیان دەکات، مافی بەسەربردنی ژیان لە ئاشتیدا، مافی کچان بۆ ئەوەی وەکوو کۆیلەی سێکس و بابەتی بازرگانی پێوەکردن بەکارنەهێنرێن، وەکوو دیارییەک بەکارنەهێنرێن لە دەستی کۆمەڵێک پیاودا کە وەکوو دێوەزمە وان.

نادیە بە کراوەیی و بێگوناهانە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە، یەک لەوانیش باسی لە دەستدرێژییەکانی چەکدارانی داعش کرد. بەسەرهاتی ئەو لە 3ی ئابی 2014 دەستی پێکرد و بۆ سێ مانگی رەبەق بەردەوام بوو. ئەمرۆکەش، ئەگەر تاڵیبان جارێکی دیکە مەلالا دەستگیر بکات، رەنگە چەند گوللەیەکی دیکەی پێوە بنێن، بەڵام بەجۆرێک تەقەی لێدەکەن، نەمرێ بۆ ئەوەی ئازارێکی لەبن نەهاتوو هەڵگرێت.

بە هەمانشێوە ئەمجارەیان ئەگەر چەکدارانی داعش دەستیان بە نادیە موراد رابگات، ئەوە هەتا ئەو کاتەی بێهۆش دەبێت دەستدرێژی ناکەنە سەری، بەڵکو هێرشە فیزیکییەکان و دەستدرێژییە بە کۆمەڵەکان هەتا ئەو کاتە بەردەوام دەبن کە دەمرێ، ئەمەش پاداشتی داعشە بۆ نادیە، لەبەر ئەوەی نادیە دەنگی هەڵبڕی.

هەم مەلالا و هەمیش نادیە درک بەمە دەکەن، لەڕاستیدا هەردووکیان ئەمە دەزانن، بەڵام نەدەکرا چیدی گوێی لێ بخەوێنن. ئەوەی نادیە و مەلالا پێکەوە دەبەستێتەوە، ئازایەتییانە. ئازایەتیی دەنگ هەڵبڕین و وەستان بە ناوی هەموو ئەو کەسانەی بە هەمان ئەزموونداا رۆیشتوون، بەڵام بێدەنگ کراون.

نادیە بەکگراوندێکی کۆنزەرڤاتیڤ و متەوازعانەی هەیە، بەڵام دیسانیش هەڵدەستێ و لەبەردەم جیهاندا بەسەرهاتی خۆی و دەستدرێژیی بە کۆمەڵ و تۆقاندنی و ئەشکەنجەی سێکسی دەگێڕێتەوە، ئەمەش درندەیی داعش دەردەخات، هەروەها تیشک دەخاتە سەر هەموو ئەو کچ و ژنانەی کە ژیانیان لەژێر دەسەڵاتی داعشدا لە مەترسیدایە. ئالفرێد نۆبڵ خەڵاتەکەی خۆی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە "سوودێک بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن".

لەم رۆژگارەی خۆماندا کە داعش مەترسییە بۆ سەر هەموو کەسێکی سەر ئەم گۆی زەوییە، ئەگەر نادیە موراد شایستەی کاندید بوون بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی نەبێت، ئیدی نازانم کێ شایستەیە.

ئەگەر نۆبڵ خۆی زیندوو بایە خەڵاتەکەی بە نادیە دەبەخشی، لەبەر ئەوەی چ خزمەتێک هەیە گەورەتر بێت لەوەی کەسێک بەرگری لە کچان و ژنانی بە کۆیلەکراو بکات و لە جیاتی ئەوان دەنگ هەڵبڕێ؟

رووداو
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4

## منداڵێک، گەنجێک دەکوژێت

**رووداو- کفری**

لە قەزای کفری، گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ، لە کاتی ناوبژیوانیدا لەلایەن منداڵێکەوە کوژرا. رائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند، ئێوارەی رۆژی 2016/1/3 لە گەڕەکی ئیمام ئەحمەدی قەزای کفری، ژمارەیەک گەنج و مێرمنداڵ بووەتە شەڕیان و یەکێک لە منداڵەکان کە تەمەنی نۆ ساڵ بووە چەکێکی کلاشینکۆفی لە ماڵەوە هێناوە و دەستی بە تەقەکردنی کردووە، بەو هۆیەشەوە گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ کە ناوبژیکەر بووە کوژراوە، دواتر بکوژەکە دەستگیرکراوە.



پێنجەم حاڵەتی خۆکوشتنی نێو کامپەکانە لەماوەی ساڵی رابردوودا

# گەنجێکی ئێزدی بە لەچکێک خۆی دەخنکێنێ



پشتیوان جەمال
رووداو- دهۆک

خەونی ناسر وەک زۆربەی گەنجەکانی دیکەی کوردی ئێزدی ئەوە بوو بگاتە وڵاتێکی ئەورووپا، بەڵام پارەی گیرفانی بەشی ئەوەی نەدەکرد قاچاخچییەک بیبەڕێنێتەوە بۆ ئەورووپا، بۆیە لە نێو خێوەتەکەیاندا لە کەمپێکی شاری دهۆک خۆی خنکاند.

ناسر سەعید، تەمەن 19 ساڵ، دوای داگیرکردنی قەزای شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی شاری دهۆک دەبن و لە کەمپی باعەدرێ نیشتەجێ دەبن. ناسر شەوی 2015 /12 /25 لەنێو خێوەتەکەیاندا بە لەچکێک خۆی خنکاند.

ئەوە پێنجەم کوردی ئێزدییە کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە کەمپەکانی شاری دهۆک خۆیان کوشتووە.

ئەلیاس خەڵەف، مامی ناسر بە (رووداو)ی راگەیاند، باوکی ناسر لە ژیاندا نەماوە و تەنیا خۆی و برایەکی و دایکی لەو خێمەیەدا دەژیان "ئەو شەوە لەگەڵ برا و چەند هاوڕێیەکی لە چایخانە نێرگەلەیان کێشاوە و پاشان کە هاتووەتەوە بۆ ماڵەوە، بینیویەتی دایکی و براکەی لە نێو خێمەکەدا نین، بۆیە فرسەتی هێناوە و بە لەچکێک خۆی خنکاندووە".

ئەلیاس هەروەها گوتی "ناسر کرێکاریی دەکرد، وەک زۆر گەنجی دیکە حەزی دەکرد بچێتە ئەورووپا، بەڵام بۆی نەدەگونجا، پێدەچێ هەر لەبەر ئەوەش خۆی خنکاندبێ".

دۆسیەی خۆکوشتنی ناسر لەلایەن بنکەی پۆلیسی باعەدرێ لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێ، پۆلیس دەڵێت ئەو گەنجە نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

رائید هێمن سلێمان ئەتروشی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک بە (رووداو)ی گوت "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، دەرکەوتووە ئەو گەنجە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی کوشتووە".

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، تەنیا لە ماوەی پێنج مانگی کۆتایی ساڵی رابردوودا پێنج کوردی ئێزدی خۆیان کوشتووە. کوڕ و کچێک کە خۆشەویستی یەکدی بوون، خۆیان کوشت. پێشمەرگەیەک دوای گەڕانەوەی لە سەنگەرەکانی شەڕ، ژنەکەی خۆی کوشت و پاشان خۆیشی کوشت. هەروەها گەنجێکی دیکەش کە دەگوترێ نەخۆشیی دەروونی هەبووە، خۆی کوشتووە. ناسریش لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردوودا خۆی خنکاند.

پۆلیس هیچ ئامارێکی لەلا نییە سەبارەت بە خۆکوشتنی ئێزدییەکان، بەڵام خەیری بوزانی بەڕێوەبەری کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "بەپێی زانیارییەکانمان ئەمساڵ چوار کەس لە کەمپەکاندا خۆیان کوشتووە و ئەو ژمارەیەش بەراورد بە ساڵانی رابردوو کەمترە، بەڵام بۆ ژمارەی خۆکوشتنەکانی دوای شەڕی داعش دەبێت دیراسە بکرێت، رەنگە هەندێکیان پەیوەندی بە لەدەستدانی کەسوکاریانەوە هەبێت".

قاسم حەلۆ، کارمەندی بنکەی تەندروستیی یەکێک لە کەمپەکانی دهۆک دەڵێت تێبینییان کردووە زۆربەی ئەو کوردە ئێزدیانەی دێنە بنکەکە، تووشی حاڵەتێکی دەروونی بوون. ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەهۆی شەڕی داعشەوە بەسەریان هات.

قاسم نموونەی مێرمنداڵێکی هێنایەوە و گوتی "18 کەسی لەلای داعش گیراون، دوور نییە پەنا بۆ خۆکوشتن ببات". گوتیشی "زۆر لە گەنجەکان حەز دەکەن بچنە دەرەوە، بەڵام پارەیان نییە، ئەوەش رەنگە تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپیان بکات".

ئەو کوردە ئێزدیانەی ئاوارە بوون لە 17 کەمپی پارێزگای دهۆک و دوو کەمپی هەولێر و دوو کەمپی سلێمانی نیشتەجێن، بەڵام حاڵەتەکانی خۆکوشتن تەنیا لە کەمپەکانی دهۆکدا بووە.

عەبدال شبلۆ، ئەنجومەنی کامپی ئاشتی لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت "هیچ ئێزدییەک لە سلێمانی خۆی نەکوشتووە، چونکە ژیانی ئێزدییەکان لە سلێمانی باشترە بەراورد بە شاری دهۆک، ژمارەیان کەمترە و ئیشیشیان زیاترە، بەڵام ئێزدییەکانی ئەوێ زۆربەی کەسوکاریان لای داعش گیراوە".

بەڵام خەیری بۆزانی رەتیکردەوە خۆکوشتنی ئێزدییەکانی دهۆک پەیوەندی بەوەوە هەبێت ژیانیان ناخۆشە و گوتی "دهۆک 17 کەمپی تێدایە و زۆربەی ئێزدیەکانیش لەوێن".

خەیری بۆزانی هۆشداری دا لە درەنگ گەڕانەوەی ئێزدییەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و گوتی "زیاتر لە مانگێکە قەزای شنگال ئازاد کراوە، بەڵام تا ئێستا ئاوارەکان نەگەڕاونەتەوە، ئەگەر بارودۆخیان بەوشێوەیەی ئێستا درێژە بکێشێ، دوور نییە رێژەی خۆکوشتن لە کەمپەکان بەرز ببێتەوە".

قاسم حەلۆ پێشنیازێکی هەیە و دەڵێت "تا ئەو کاتەی ئێزدییەکان دەگەڕێنەوە قەزاکەیان، پێویستنە چەند سیمینارێکیان لەلایەن پسپۆڕانی دەروونییەوە بۆ رێکبخرێ، بۆ ئەوەی پەنا بۆ خۆکوشتن نەبەن".

# ئاواتەکانی نەهاتنەدی و خۆی کوشت

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

محەممەد پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێ، پەیامێکی لەڕێگەی نامەوە جێهێشتووە و نووسیویەتی "مردنم حەقە و ئاواتەکانم نەهاتنەدی"، بەڵام کەسوکاری لای پۆلیس گوتوویانە کوڕەکەیان هیچ کێشەیەکی نەبووە.

(محەممەد.س) تەمەن 17 ساڵ، دانیشتووی یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی و قوتابی قۆناغی یازدەی ئامادەیی بوو، سەرلەبەیانی رۆژی 2015/12/28 دوو لەچکی لە یەکدی گرێداوە و لە نێو ماڵی خۆیاندا خۆی پێ هەڵواسیوە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو گەنجە لە ماڵی خۆیان بە دوو لەچک خۆی خنکاندووە، دوای خۆیشی نامەیەکی جێهێشتووە و نووسیویەتی: مردنم حەقە و ئاواتەکانم نەهاتنەدی".

گوتیشی: "کەسوکاری لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا تەنیا ئەوەندەیان گوتووە کە نازانن کوڕەکەیان بۆچی خۆی خنکاندووە، چونکە هیچ کێشەیەکی نەبووە".

محەممەد چەند رۆژێک پێش خۆکوشتنی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەند پۆستێکی داناوە، یەکێکیان گۆرانی برایەتی بووە کە لەلایەن چوار هونەرمەندی کورد گوتراوە. لە پۆستێکی دیکەشدا وێنەیەکی خۆی بە هەڵگەڕاوەیی داناوە و نووسیویەتی "دنیا... سەراو قون نییە، قوناو سەرە".

هاوڕێ نزیکەکانی محەممەد ئەو رووداوەیان بەلاوە سەیرە، چونکە قەت لەلای ئەوان نەیگوتووە کێشەی هەیە و رۆژێکیش بە دڵتەنگی نەیانبینیوە. یەکێک لە هاوڕێکانی کە دەڵێت نزیکەی پێنج ساڵە دەیناسێت و لە قوتابخانەش پێکەوە بوون، بە (رووداو)ی گوت "دوو شەو پێش رووداوەکە بینیم و پێکەوە پیاسەمان کرد، بەڵام هەستم بە هیچ نیشانەیەکی خەمباری و بێتاقەتی لە روخساریدا نەکرد و زۆریش پێکەنین".

بەگوتەی ئەو هاوڕێیەی، هەر لەو شەوەدا کاتێک ویستوویەتی محەممەد جێبهێڵێت و بڕواتەوە محەممەد پێیگوتووە مەڕۆ، ئەو گوتی "هەستم کرد دەیەوێت شتێکم پێ بڵێت، بەڵام هیچی نەگوت". ئەو هاوڕێیەی لە دوای رووداوەکە قسەی لەگەڵ هاوپۆلەکانیشی کردووە و ئەوانیش گوتوویانە نەمانزانیوە محەممەد کێشەی هەبووبێت.

بەپێی قسەکانی هاوڕێکەی، محەممەد لەبەرئەوەی تاقانەی چوار خوشک بووە، لە ماڵەوە نازی زۆر هەڵگیراوە و هەر شتێکی ویستبێت بۆیان جێبەجێ کردووە. هەروەها گوتی "جاروبار محەممەد مات دەبوو، جگە لەوەش زۆر کەم دەهاتە دەرەوە، کە دەشهاتە دەرەوە زوو دەڕۆیشتەوە ماڵەوە".

باوکی ئەو گەنجە شۆفێری تاکسییە و دایکیشی فەرمانبەر بووە و خوشکەکانی قوتابی بوون. بۆیە کاتێک هەموویان دەڕۆن بەلای ئیشی خۆیاندا، محەممەد خۆی دەخنکێنێ.

دراوسێیەکی ماڵی محەممەد بە (رووداو)ی گوت "زۆربەی بەیانیان باوکی محەممەد، کچەکانی و خێزانەکەی دەگەیاندنە فەرمانگە و قوتابخانەکانیان، ئەویش بۆ خۆی سەرقاڵی کاری خۆی دەبوو، محەممەدیش ئەو رۆژانەی دەوامی ئێواران بووایە، بە تەنیا لەماڵ دەمایەوە. ئەو بەیانییەش دوای چوونە دەرەوەی ئەوان، لە ژووری میوان خۆی خنکاندووە، باوکیشی لەبەرئەوەی باری تەندروستی باش نییە، گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی پێداویستییەکی پزیشکی بێنێ، بەڵام لە کاتی کردنەوەی دەرگاکەدا کوڕەکەی بە هەڵواسراوی بینیوە".

خۆکوشتنی ئەو قوتابییە لە سلێمانی لە کاتێکدایە دوو هەفتە لەمەوبەر قوتابییەکی دیکەش لە قەزای چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بەهۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە، خۆی خنکاند.

بەڵام مامۆستایەکی قوتابخانەکەی محەممەد دەڵێت "لەوە دڵنیاین خۆکوشتنەکەی پەیوەندی بە قوتابخانە و خوێندنەوە نەبووە، چونکە بەپێی نمرەکانی، ئاستێکی باشی هەبووە و کێشەی لەگەڵ مامۆستا و قوتابیاندا نەبووە".

خێزانی محەممەد لەلای پۆلیس گوتوویانە کوڕەکەیان هیچ کێشەی نەبووە و نازانن بۆچی خۆی خنکاندووە، بەڵام ئامادە نەبوون قسە لەسەر خۆکوشتنی بکەن.



# لەسەر ژمارە مۆبایلێک بە چەقۆ دەکوژرێت



پشتیوان جەمال
رووداو- سەیدسادق

بەهۆی داواکردنی ژمارەی مۆبایلی گەنجێکەوە، دەمەقاڵێ لەنێوان دوو گەنج دروست دەبێت، ئەو گەنجەی داوای ژمارە مۆبایلەکەی کردووە، چەقۆیەک لەسەر دڵی گەنجەکەی دیکە دەدات و دەیکوژێ. پۆلیس دوای رووداوەکە پێنج کەس دەستگیر دەکات، یەکێکیان دانی بە تاوانەکەدا ناوە.

ئەو رووداوە شەوی 2015/12/25 لە قەزای سەید سادق روویدا و قوربانییەکەش گەنجێکی تەمەن 16 ساڵان بووە بە نێوی سەفین عەلی کە قوتابی پۆلی چواری ئامادەیی بووە.

بە قسەی شایەتحاڵەکان، ئەو شەوە سەفین لەگەڵ چەند گەنجێک لە نزیک سەید سادق دانیشتوون. یەکێک لە گەنجەکان بەنێوی (د.س) داوای ژمارە مۆبایلی کەسێکی لە سەفین کردووە، بەڵام سەفین گوتوویەتی ئەو ژمارەیەی لەلا نییە، (د) سوور بووە لەسەر ئەوەی سەفین ژمارەکەی لەلایە، دواتر دەمەقاڵێ لە نێوانیان دروستبووە، (د) چەقۆی دەرهێناوە و چەقۆیەکی لەسەر دڵی سەفین داوە و کوشتوویەتی.

حەمەساڵح عەلی، برای سەفین بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو شەوە سەفین لە ماڵەوە بووە و دواتر کەسێک تەلەفۆنی بۆ کردووە، ئەویش چووەتە دەرەوە. حەمەساڵح گوتی "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، سەفین ئەو شەوە لەگەڵ هاوڕێیەکی بووە لەسەر پردەکەی ناو سەیدسادق، پاشان سێ کەسی دیکەش هاتوونەتە لایان، لەو کاتەدا بکوژەکە داوای ژمارە تەلەفۆنی گەنجێکی لێکردوون، سەفین گوتوویەتی لام نییە و ئەویش گوتوویەتی لای تۆ هەیە، بەو شێوەیە دەمەبۆڵێ لەنێوانیاندا دروستبووە و چەقۆی لە سەفین داوە".

وەکو حەمەساڵح باسی کرد، دوای هاتنە دەرەوەی سەفین لە ماڵەوە، دایکی پەیوەندی پێوە کردووە، بەڵام پۆلیسێک وەڵامی داوەتەوە گوتوویەتی: وەرن بۆ نەخۆشخانی شەهید شەوکەت، کوڕەکەتان بریندارە، بەڵام کەسوکاری سەفین لە نەخۆشخانە جەستەیەکی بێ گیان دەبینن.

موقەددەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق بە (رووداو)ی راگەیاند، بە تۆمەتی کوشتنی ئەو گەنجە شەوی رووداوەکە دوو کەس و رۆژی دواتریش سێ کەسی دیکەیان دەستگیر کردووە، یەکێک لە دەستگیرکراوەکان دانی بە تاوانەکەدا ناوە.

بەگوتەی موقەددەم حەکیم "بکوژەکە سەرخۆش بووە و بڕێکی زۆر مەیی خواردووەتەوە و ئاگای لەخۆی نەبووە".

سەبارەت بەهۆکاری کوشتنەکەش، ئەو بەرپرسەی پۆلیس گوتی "لە گوتەکانی تۆمەتباردا هاتووە کە داوای ژمارە تەلەفۆنێکی لێکردووە و کوژراوەکەش گوتوویەتی ئەو ژمارەیەم نییە، بەو هۆیەوە دەمەقاڵێ دروستبووە و کوشتوویەتی".

برای سەفین زانیویەتی کە بکوژی براکەی مەیی خواردووەتەوە، بەڵام رەتیکردەوە لەکاتی تاوانەکەدا سەرخۆش بووبێ "راستە بکوژەکە مەیی خواردووەتەوە، بەڵام ئاگای لەخۆی بووە و بڕوا ناکەم سەرخۆش بووبێت، لەڕێگەی پارێزەرەکەشمانەوە زانیومانە سەفین مەیی نەخواردووەتەوە".

وەکو ئەو برایەی روونیکردەوە، براکەیان پێشتر هیچ کێشەیەکی نەبووە و تەنانەت ئەو گەنجانەش ناناسن کە ئەو شەوە لەگەڵیدا بووە و گوتی "نازانین لەو گەنجانە کامیان هاوڕێی بوون، بەڵام سەفین هیچ کێشەیەکی نەبوو".

(س.ح)، باوکی تۆمەتبارەکە بێئاگایی خۆی لە رووداوەکە دەربڕی و بە (رووداو)ی راگەیاند "ئاگاداری ئەو رووداوە نەبووین و ئەو شەوە لە ماڵی خۆمان بووین، کوڕەکەم لە ماڵەوە بوو، پەیوەندیی پێوە کرا و رۆیشت، دواتر هاوڕێیەکی کوڕە گەورەکەمان پێیگوتین (د) شەڕی کردووە".

خێزانی قوربانییەکە ئامادە نین لە بکوژەکە خۆش ببن. برای سەفین گوتی "یاسا سەروەرە و دەبێت سزا بدرێت". باوکی تۆمەتبارەکەش ئەو قسەیەی بە دڵە و دەڵێت "ئەگەر کوڕی ئێمە ئەو گەنجەی کوشتبێت، ملمان لە موو باریکترە بەرامبەر یاسا، دادگا هەر سزایەکی بۆ دیاری بکات ئێمە پێی رازین، چونکە ئێمە ئەو ماڵە دەناسین و زۆر بەڕێزن، حەزم دەکرد کوڕەکەی خۆم بووایە، نەک کوڕەکەی ئەوان".

ساڵی 2015 بۆ بنەماڵەی سەفین، ساڵی نەهات بوو، چونکە لەسەرەتای مانگی ئابی رابردووشدا کوڕێکی دیکەیان لەسەر 400 دۆلار کوژرا.

# ئەوەی گووگڵ نەیکرد، کوردێک کردی

کاوە ئۆناتلی، دامەزرێنەری سایتی (egerin.com) بۆ گەڕانی ئینتەرنێتی دەڵێ گووگڵ و سایتەکانی دیکەی گەڕانی ئینتەرنێتی 40 ملیۆن کوردیان بە شایستە نەزانی تاوەکو زمانەکەی بۆ لیستی زمانەکانی خۆیان زیاد بکەن.

یەکەمین سایتی گەڕانی کوردی (egerin.com) بەردەوامی دەداتە کارەکانی بۆ مەبەستی پێشخستنی زمانی کوردی لە بواری تەکنۆلۆژیادا. بەڕێوەبەری گشتیی (egerin.com) لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (رووداو) زانیاری زیاتر لەبارەی ئەگەرین دەدات.

مەم وێرانی
رووداو – هەولێر






## جیاوازیمان لەگەڵ سایتەکانی دیکەی گەڕان ئەوەیە کە کوردی زمانی سەرەکییە

**رووداو: (egerin) چییە و کەی دامەزراوە؟**

**کاوە ئۆناتلی:** (egerin) سایتی گەڕان و یەکەی دەستخستنی زانیارییەکانە کە تایبەت بۆ زمانی کوردی دروستکراوە. دەتوانین بڵێین (egerin) ناوەندی ئینتەرنێتی کوردییە. (egerin.com) ساڵی 2014 بەشێوەی تێست دەستی بەکارەکانی کرد، دوای دروستبوونی پەیوەندییەکی زۆر، لەساڵی 2015 وەکو کۆمپانیایەکی تەکنۆلۆژی دامەزرا. وەکو گەنجێکی کوردپەروەر ویستم سوود بە گەلەکەم بگەیەنم. دیارە پێشخستنی زمانی کۆمپیوتەر پێویستییەکی زۆر گرنگە بۆ زمانی کوردی و کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی هەیە لە نێو گووگڵ و سایتی لێگەڕینی ئینتەرنێتی جیهانیدا زمانەکەی بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەو سایتانە 40 ملیۆن کوردیان شایستەی ئەوە نەدیت کە پەخشی خۆیان بە زمانی کوردی بکەن. بیرۆکەی دروستکردنی (egerin.com)یش لێرەوە دەستیپێکرد.

**رووداو: ئەو پرۆژەیە چ سوودێکی هەیە بۆ زمانی کوردی؟**

**کاوە ئۆناتلی:** زۆر سوودی هەیە و پێش هەموو شتێک زمانی کوردی دەبێتە زمانی تەکنۆلۆژیا. گەورەترین جیاوازیی (egerin.com)یش لە سایتەکانی دیکەی گەڕان ئەوەیە کە زمانی سەرەکیی کوردییە و ئەلفابێ و دۆکیومێنتی کوردی دەناسێت. هەڵبەت زمانی کوردی وەکو زمانی نەتەوەکانی دیکە یەکگرتوو نییە، بەڵام پێمانوایە ئێمە دەتوانین بەهۆی (egerin.com) ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین و بنچینەیەکی تەکنۆلۆژی بۆ زمانی کوردی دابنێین. (egerin.com) دەبێتە شوێنی بەیەکگەیشتنی خەڵکی کوردیئاخێڤ. ئێستا (egerin.com) لەنێو سایتی دیکەی گەڕاندا کاردەکات و بەو هۆیەوە زمانی کوردیش دەچێتە نێو زمانی نەتەوە گەورەکانی جیهانەوە.

**رووداو: جگە لە گەڕان، ماڵپەڕەکەتان چی دیکەشی تێدایە؟**

**کاوە ئۆناتلی:** لە (egerin)دا بێجگە لە گەڕان، هەروەها هەواڵی ئەگەرینیش هەیە کە هەواڵی رۆژنامە کوردییەکان پێشکەشی بەکارهێنەرانی دەکات. هەروەها لینکی ئەگەرین بۆ ئامێری ئایفۆن و ئاندرۆیدیش هەیە. لەگەڵ فەرهەنگی ئەگەرین کە زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی وەردەگێڕێتەوە سەر هەردوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی. هەروەها ئەگەرین تیڤیش هەیە کە پەخشی هەموو تەلەفزیۆنە کوردییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەکات.

**رووداو: خەڵک ئەگەرین چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کاوە ئۆناتلی:** زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ دەکەن و بە نامەناردن دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕن. ئەمەش جۆشێکی زیاترمان دەداتێ بۆ بەردەوامیدان بە کارەکەمان.

**رووداو: چ کارێک دەکەن بۆ پێشخستنی ئەگەرین؟ ئایا دەکرێ وەکو گووگڵ گەورە ببێت؟**

**کاوە ئۆناتلی:** ئێمە کارێکی بەردەوام دەکەین بۆ بەکارهێنانی رێبازی نوێی تەکنۆلۆژی بۆ بەرنامەکانمان، بەپێی پێویستی هەمیشە پرۆژەی تازەمان هەیە، بۆچی وەکو گووگڵ نابێت! منداڵی کورد و نەوەی نوێ لەگەڵ ئامێری گەورە و پێشکەوتووی تەکنۆلۆژی گەورە دەبێت. بێگومان ئەگەرینیش دەبێتە بەشێک لە ژیانی کورد و لە هەموو بوارێکدا لەلایەن کوردەوە بەکاردەهێنرێ.

**رووداو: ستافی ئەگەرین لە چەند کەس پێکدێت؟**

**کاوە ئۆناتلی:** ستافی کاری ئەگەرین لە چەند کەس پێکهاتووە و بەپێی کات و کار ژمارەیان دەگۆڕدرێت. دەمەوێ ئاماژە بەوەش بدەم کە من بە رەنج و ماندووبوونی خۆم، خەرجی ئەگەرین دابین دەکەم.

**رووداو: کورد لە ئەگەرین زۆرتر بەدوای چیدا دەگەڕێ؟**

**کاوە ئۆناتلی:** زۆرتر بەدوای میوزیک و ڤیدیۆ و هەواڵدا دەگەڕێن.

**رووداو: رۆژانە چەند کەس سەردانی ئەگەرین دەکەن؟**

**کاوە ئۆناتلی:** سەرەڕای کەم توانایی، بەڵام ئەگەرین رۆژ بە رۆژ گەورە دەبێت. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بەردەوام کاری بۆ دەکەین.



کاوە ئۆناتلی:

- ساڵی 1977 لە شاری ئێلەهی باکووری کوردستان لەدایک بووە.
- ماستەری ئابووری لە زانکۆی ئومیوی سویدی وەرگرتووە.
- جگە لەبەڕێوەبردنی ئەگەرین، وەکو راوێژکاری دروستکردنی بەرنامە بۆ کۆمپانیاکانی کۆمپیوتەر کاردەکات.

# تورکێک دەبێتە لێپرسراوی کورسییە زانستییەکەی تاڵەبانی

تورکێک کە زمانی کوردی بەباشی دەزانێت، دەبێتە لێپرسراوی کورسی زانستیی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانکۆی فلۆریدا. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.گونەش موراد تەزجور کە ئێستا لێپرسراوی کورسی زانستیی جەلال تاڵەبانییە لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستیی زانکۆی فلۆریدا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەڵێت ئامانجی ئەم بەشە بریتییە لە پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی و چالاکییە پەروەردەییەکانی تایبەت بەدۆزی کورد. پێداگری لەسەر ئەوەش دەکات کە سەرجەم ئەو ئەرک و کارانەی مام جەلال بۆ ناساندنی دۆزی کورد لە رێگەی ئەم بەشەوە دەیکرد، ئەویش دەیکات. گونەش موراد تەزجور، لەدایکبووی ئەنقەرەیە و لە ئیستەنبوڵ ژیاوە و لەساڵی 2005 دکتۆرای بەدەستهێنا. کەسایەتییەکی ئەکادیمییە و کاروچالاکییەکانی لە زۆربەی گۆڤارە ئەکادیمییە بەناوبانگەکانی دونیادا بڵاوکراونەتەوە. بەشی تورکی پۆرتاڵی (رووداو) لە رێگەی ئیمەیڵەوە ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ د.گونەش سازکرد.

رووداو – هەولێر

**رووداو: ئێوە لێپرسراوی کورسی زانستیی جەلال تاڵەبانین لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانکۆی فلۆریدا، ئەم زانکۆیە لەسەر چ بنەمایەک ئەم کورسییە زانستییەی بەخشیوە؟**

**د.تەزجور:** سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانکۆی فلۆریدا "UCF" کە بنکەی سەرەکی لە ئۆرلاندۆیە، لەسەر ئاستی ئەمریکا دووەم گەورەترین زانکۆیە و زیاتر لە 60 هەزار قوتابی هەیە. دامەزراندنی کورسی زانستی لەلایەن تاڵەبانی لە رێگەی هەوڵ و پەیوەندییە بەردەوامەکانی د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکەوە بوو. تاکە کورسی زانستییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لەسەر پرس و دۆزی کورد دەکات. د.نەجمەدین کەریم ساڵانێکی درێژ لە ئەمریکا بووە و نەشتەرکارێکی زۆر بەناوبانگی پزیشکییە لە بواری مێشک و کۆدەمار لە ئەمریکا. ساڵی 2008 هاوکارییەکی زۆری زانکۆی فلۆریدای کرد لە کاتی قەیرانی داراییدا، ئەمەش رێگەی خۆش کرد بۆ جێبەجێکردن و دامەزراندنی ئەم کورسییە زانستییە. رێکارەکان درێژەی خایاند بۆ دەستنیشانکردنی لێپرسراوێک بۆ ئەم بەشە گرنگە و منیش لە نزیکەوە کاری زۆرم لەسەر دۆزی کورد کردووە و پاش سەردانیکردن و پێشکەشکردنی سیڤیم، وەک کەسایەتییەکی ئەکادیمی بە یەکەم لێپرسراو "سەرۆک بەش" دەستنیشان کرام.

**رووداو: ئامانجی ئەم کورسییە زانستییەی تاڵەبانی چی بوو؟**

**د. تەزجور:** ئامانجی سەرەکیی کورسییە زانستییەکەی تاڵەبانی، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و پەرەپێدانی چالاکییەکانی پەروەردە و فێرکردنە لەسەر بەرزترین ئاستی ئەکادیمی. زانکۆی فلۆریدا لە رێگەی ئەم کورسییە زانستییەوە، دەتوانێت قوتابی توانا زانستییەکان وەربگرێت، کۆڕ و کۆبوونەوە، سیمینار، کۆڕبەند، سەمپۆزیۆم، توێژینەوەی مەیدانی، وەرگرتنی میوانی زانکۆکانی دیکە بۆ هەمان پرس ئەنجام بدات. ئەم کورسییە زانستییە دەتوانێت هەر لە مێژوو تا سەرجەم بوارە زانستییە ئەکادیمییەکان لەخۆبگرێت بۆ ئەوەی لەسەر بەرزترین ئاستی ئەکادیمی کاری بۆ بکات. ئەنفال و هەڵەبجە و کۆمەڵکوژییەکانی دیکە و ستەمە مێژووییەکان و سنوورەکان سەرجەمیان پرسی زۆر گرنگن لەم کورسییەدا.

**رووداو: چەند کورد لە ئەمریکا دەژین، دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییان چۆنە؟**

**د.تەزجور:** تا ئێستا ئامارێکی ورد و زانیاریی دروست و ژمارەی تەواوی کوردەکانی ئەمریکامان لانییە، بەڵام لە 25 ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆری کورد رووی لە ئەمریکا کرد و لەسەرجەم ویلایەتەکان هەن. بەشێکی زۆری ئەم کوردانە لەسەرەتای 1980 تا 1990 روویان لە ئەمریکا کرد و بەهۆی دۆخی ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەوە لە ئەمریکا نیشتەجێ بوون. زۆربەیان لە شاری ناشڤیل لە ویلایەتی تێنیسین، شیمانە دەکرێت ژمارەیان نزیکەی 10 هەزار بێت. هەروەها لە سان فرانسیسکۆ و نیویۆرک ژمارەیەکی زۆر کورد هەن. بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتییەکانی پەنابەران، کورد خاوەن لۆبییەک و تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی نییە لە ئەمریکا.

**رووداو: کورد کاریگەری بەسەر سیاسەتی ئەمریکاوە هەیە؟**

**د.تەزجور:** حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریی هەیە. بەڵام پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کورد کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی ئەمریکاوە زۆر کەمە. بەم دواییە هەدەپە چالاکییەکی زۆر لە ئەمریکا ئەنجامداوە و دەدات، بەڵام بێهودەیە و هیچ کاریگەرییەکی نەبووە.

**رووداو: کوردی دەزانن؟ کەسانی ئەکادیمی زۆر هەن کوردی نازانن، بەڵام کار لەسەر دۆزی کورد دەکەن و لەبارەیەوە قسە دەکەن. ئێوە چۆن هەڵیدەسەنگێنن؟**

**د.تەزجور:** زمانی دایکی من کوردی نییە. بەڵام لەساڵی 2012ەوە لە پەیمانگەی کوردی لە ئیستەنبوڵ وانەی فێربوونی زمانی کوردیم وەرگرت و ئێستاش کوردییەکی باش دەزانم بەشێوەزاری کرمانجی. دەخوێنمەوە و دەنووسم و قسە دەکەم، بەشێوەیەکی بەردەوام سەرقاڵی فێربوونی کوردیم بۆ ئەوەی زیاتر فێربم و گەشە بەم زمانە بدەم. بۆ من فێربوونی زمانی کوردی ئاسان بوو، چونکە پێشتر زمانی فارسیم خوێندبوو، هەردوو زمان لێکنزیکن لە رێزمان و چەمکەکاندا بۆیە ئەستەم نەبوو فێربوونی زمانی کوردی. زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندە و خاوەن کولتوورێکی قووڵە. بەڕای من هەر ئەکادیمییەک توێژینەوە لەسەر کورد بکات پێویستە بەر لەهەموو شتێک فێری زمانی کوردی بێت، ئەوسا لە شوناس و ناخی کورد تێدەگات و سەرجەم روانگەکانی دیکەی توێژینەوە ئەکادیمییەکان ئاسان دەبێت. بەکورتی وتەیەکی نیلسۆن ماندێلا وەبیر دێنمەوە کە دەڵێت "قسە لەگەڵ هەر کەسێک بکەیت بەزمانێکی هاوبەش، وشەکانت لە مێشکی دەچەسپێت. بەڵام قسە لەگەڵ هەر کەسێک بکەیت بەزمانی دایکی، وشەکانت لە دڵی جێگیر دەبێت".

**رووداو: بەشێوەیەکی چڕ لەسەر کام پرس کاردەکەن و چالاکییەکانتان چین؟**

**د.تەزجور:** بەگشتی لەسەر سیاسەتی کورد و تورکیا و ئێران، وتارێکی زۆرم هەیە لە رۆژنامە و گۆڤارە زۆر بەناوبانگەکانی جیهاندا. ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی کارکردنم لەسەر بابەتی ئەو کەسانەی پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە"وە دەکەن. دوای تەواوکردنی، لە گۆڤاری بەناوبانگی American Political Science Review ی ئەمریکی بڵاوی دەکەمەوە.

**رووداو: زانکۆکەتان، هەروەها ئەم کورسیە زانستییە کە ئێوە سەرۆکایەتی دەکەن چی دەبەخشێتە گەنجی کورد؟**

**د.تەزجور:** من لێرەدا بانگهێشتی سەرجەم گەنجی کورد دەکەم، ئەم کورسییە زانستییە دەتوانێت ماستەر و دکتۆراتان بۆ دابین بکات لە زانکۆی فلۆریدا. هەروەها ئەکادیمییەکانی کورد بۆیان هەیە سەردانمان بکەن و منیش میواندۆستیی خۆمیان پیشان دەدەم و سەرجەم کارئاسانییان بۆ دەکەم. دەتوانن لە رێگەی پەیوەندیکردنی راستەوخۆ بەمنەوە کاریان بۆ بکەم.

**رووداو: وێڕای پێشکەوتنی زانست لە سەرجەم بوارەکانەوە، کەچی بەشداریتان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەکردووە بۆچی؟**

**د.تەزجور:** پیشەی ئێمە دابینکردنی کارو چالاکییەکی ئەکادیمی هەمیشەییە. بۆ ئەوەی ئەم دروشمە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەین دەبێ زۆر ماندوو ببین و کارێکی زۆر بکەین و سڵ نەکەین. بەپێچەوانەی ئێمە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بایەخ بەدروشم نادات، بۆیە ئەگەر دەرفەتیشم هەبێت کەسێکی کارا نابم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.



## ستراتفۆر:

# ئێران و رووسیا لەڕێی بەغداوە کێشە بۆ پەیوەندیی ئەنقەرە و هەولێر دروست دەکەن



رووداو - رادیکاڵ

دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە ئەمریکا پێشبینییەکانی خۆی بۆ 2016 ئاشکرا کرد و رایگەیاند کە ئەمساڵ سوپای تورکیا بەبیانووی راوەدوونانی داعش و هێزە کوردییەکان ئۆپەراسیۆنێک لە باکووری سووریا (رۆژئاوای کوردستان) دەکات و ئەمریکاش چاوپۆشی لێ دەکات.

دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و ئەمنی (Strategic Forecasting) کە دەزگایەکی بەناوبانگی ئەمریکییە و زۆرجار بە سێبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی (سی ئای ئەی) ناوی دەهێنرێ، راپۆرتی پێشبینییەکانی خۆی بۆ ساڵی 2016 بڵاوکردەوە کە زۆربەی نیگاکانی راپۆرتەکە لەسەر تورکیایە.

دەزگاکە وا پێشبینی دەکات کە سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێک لەنێو خاکی سووریادا دەکات، ململانێی ئەنقەرە لەگەڵ ئێران توندتر دەبێت و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ رووسیا (کە بەهۆی خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی رووسی، گرژیی تێکەوتووە) ئاسایی نابنەوە.

### چاوپۆشیی ئەمریکا

لە راپۆرتەکەی دەزگای ستراتفۆرد-دا هاتووە، تورکیا لە 2016دا سنوور دەبەزێنێ. بۆ ئەوەی سنوورەکانی لەگەڵ سووریا لە داعش پاک بکاتەوە، ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکات. راپۆرتەکە ئاماژە بە ئامادەکاریی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک لە رۆژئاوای رووباری فورات لە دژی داعش دەکات، لەهەمان کاتدا پێیوایە ئەنقەرە هەوڵ دەدات ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات تاوەکو رێ لە جێگیربوونی هێزە کوردییەکان بگرێ.

راپۆرتەکە جێگیربوونی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە رۆژهەڵاتی فورات لە باکووری سووریا بۆ تورکیا بە گرنگترین مەسەلە ناودەبات، لەو باوەڕەشدایە کە تورکیا لەو ناوچەیە زۆر بەچڕی ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی ئەنجام دەدات.

ستراتفۆر، پێیوایە لەو کاتەدا ئەمریکا ئاستەنگ بۆ تورکیا دروست ناکات و بەپێچەوانەوە ئاسانکاری بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنەی ئەنقەرە دەکات.

### رووسیا.. ئاستەنگی بەردەم تورکیا

راپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە رووسیا لەناوچەکەدا گەورەترین ئاستەنگە لە بەردەم تورکیا تاوەکو پلانەکانی جێبەجێ بکات، مۆسکۆ پشتی رژێمی ئەسەد بەرنادات.

ستراتفۆر پێیوایە ئەگەری گفتوگۆی نێوان تورکیا و رووسیا بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان لەئارادایە، بەڵام دەڵێت گفتوگۆی ئەو دوو وڵاتە ئەگەری بەرپابوونی شەڕ لە نێوان هەردوو وڵات کەم ناکاتەوە. راپۆرتەکە دەشڵێت رووسیا لەوە زیاتر فشار ناخاتە سەر تورکیا، نەوەکو رووبەڕووی هێزەکانی ناتۆ ببێتەوە.

تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ رووسیا بۆ ئەمریکا و شەریکەکانی لە ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەورووپا دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی ئەنقەرە بەلای خۆیاندا رابکێشن. راپۆرتەکە دەڵێت: "بەتەواوی پچڕاندنی پەیوەندییەکان نە لە بەرژەوەندیی تورکیا و نە لە بەرژەوەندیی رووسیایە، بەڵام پەیوەندییە بازرگانییەکان و پرۆژەکانی وزە کە بایەخێکی ستراتیژییان هەیە، درەنگ دەکەون. لەبەر ئەمە تورکیا ناچارە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی لە وزە دابین بکات، بەخێرایی لە ئازەربایجان، هەرێمی کوردی لە عێراق پرۆژە بخاتەڕوو".

لە درێژەی راپۆرتەکەی دەزگا ئەمریکییەکەدا هاتووە "تورکیا بە ئامانجی پەیداکردنی پێدوایستی وزە بەشداری لە پرۆژەکانی رۆژهەڵاتی دەریای سپی کرد، بەڵام بۆ ئەوەی ئەنقەرە لەناو پرۆژەکانی وزە لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی جێیەک بگرێت، دەبێت پێشکەوتن لە گفتوگۆکانی یەکخستنەوەی قوبرس رووبدات".

**سوپای تورکیا دەچێتە باکووری سووریا و ئەمریکاش چاوپۆشی دەکات**

### هەرێمی کوردستان

لەو کاتەی تورکیا لە ناوچەکەدا لەوە زیاتر بەهێز دەبێت، ململانێی لەسەر خاکی سووریا و عێراق لەگەڵ ئێران زیاتر دەبێت. راپۆرتەکە ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئەو ململانێ نێودەوڵەتییەی لە سووریا هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت "لەو کاتەی رووسیا و ئێران پشتگیری لە حکومەتی ئەسەد دەکەن، هەوڵ دەدەن لە رێگای بەغداوە پەیوەندییە ئابووری و وزەییەکانی تورکیا لە باکووری عێراق ئاستەنگ بکەن و درز بخەنە پەیوەندیی نێوان ئیدارەی کوردی لە باکووری عێراق و تورکیا".

### هەژموونی رووسیا لە ناوچەکەدا

ستراتفۆر کە پێشبینییەکانی لەلایەن سەرکردەکانی جیهانەوە پشتیان پێ دەبەسترێ، باسی ئەوە دەکات کە رووسیا لە ساڵی 2016دا هەژموونی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ئەمریکا دروست بکات. ئەمەش، وەک دەزگاکە پێشبینی دەکات، وادەکات "هەردوو وڵات لە دانوستاندنەکانیاندا بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوخۆیی سووریا، بگەنە رێککەوتن".

بەڵام ستراتفۆر پێشبینی دەکات رێککەوتنەکە قابیلی جێبەجێکردن نەبێت و "رێی تێناچێت شتێکی وا لە رەوشی ئێستا بگۆڕێت". لەگەڵ ئەوەشدا، وەک دەزگا ئەمریکییەکە دەڵێت "مۆسکۆ پێشنیازی گەیشتنە رێککەوتن بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی وەکو نێوانگرێکی بەرپرسیار پیشان بدات".

ستراتفۆر پێشبینی دەکات ئەمریکا لە ساڵی 2016شدا درێژە بە ستراتیژی خۆی لە ناوچەکەدا بدات کە بریتییە لە خۆپاراستن لە ناردنی هێزی گەورەی سەربازی، پڕچەککردن و پشتیوانیکردن لە هێزە ناوچەییەکانی وەکو پێشمەرگە لە دژی داعش. ئەمەش وەک دەزگاکە دەڵێت "وادەکات سەرکەوتنەکان بەسەر داعشدا لەلایەن هێزە ناوچەییەکانەوە بەخاوی و ناهاوتەریب لەگەڵ یەکدی رووبدات".

دەزگا هەواڵگرییە ستراتیژییەکەی ئەمریکا بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی دەڵێت "2016 ساڵی تورکیا دەبێت و ئەنقەرە جێپێی سەربازیی خۆی لە باکووری سووریا و باکووری عێراق قایمتر دەکات. ئەمەش وادەکات تواناکانی داعش لە ناوچەکەدا رۆژ بە رۆژ بەرەو لاوازتر بچن و ئەو گرووپە ناچار بێت زۆرتر پەنا بۆ ئەنجامدانی هێرشی هاوشێوەی پاریس ببات نەک شەڕی بەرەیی".

### نەوتی سعودیە

سەبارەت بە نرخی نەوت و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیش، ستراتفۆر پێشبینی دەکات سعودیە ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خۆی نەهێنێتە خوارەوە و بەو هۆیەشەوە نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا گۆڕانکارییەکی وا بەخۆیەوە نەبینێ. ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداویش کە رێکخراوێکی تایبەت بە وڵاتانی کەنداوە، پشتیوانی ئەو سیاسەتەی سعودیە دەکەن و ئەوانیش ئامادەنین ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خۆیان کەم بکەنەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە خەرجیی سەربازیی گەورەیان بەهۆی شەڕی یەمەنەوە بۆ دروستبووە.

### یەمەن دابەش دەبێ

ستراتفۆر پێشبینی دەکات سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو بەردەوام بن لە دەستوەردان لە شەڕی یەمەن و بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی دیکە لە عێراق و سووریا، چونکە وەک ستراتفۆر دەڵێت، بەو هۆیەوە سعودیە ئاگری شەڕی جیهادییەکان لە خاکی خۆی دووردەخاتەوە و لە وڵاتانی دەوروبەردا دەیهێڵێتەوە. لەئەنجامی ئەو سیاسەتەشدا، ئەمساڵیش قەیرانی یەمەن بەردەوام دەبێت و رەنگە لەکۆتاییدا ئەنجامەکەی دابەشکردنی ئەو وڵاتە بێت.

---

# سووریا.. ئەو مەترسیانەی هێشتا نەبینراون

پۆل ئیدۆن

ئەبو محەممەد ئەلجۆلانی، سەرۆکی رێکخراوی بەرەی نوسرە کە بە باڵی قاعیدە لە سووریا دەناسرێ، بەم دواییە لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا لە کەناڵی ئۆریەنت، رەتیکردەوە ئامادەی هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و رژێمی سووریا بێت (لە چوارچێوەی ئەو دانیشتنانەی عەرەبستانی سعودیە بۆ دواڕۆژی سووریا میوانداریان دەکات). جۆلانی گوتی تاکە هۆکاری دانەمەزراندنی هێڵی دژەفڕین لە باکووری رۆژئاوای سووریا کە دەمێکە تورکیا خوازیاریەتی، ئەو هەماهەنگییە تایبەتەیە کە واشنتن لەگەڵ کوردی سووریا دژ بە داعش دەیکات، بەو هیوایەی کە جۆلانی لەم لێکدانەوەیەیدا راستی گوتبێت.

دیارە چیدی ئەوە نهێنی نییە کە تورکیا بە هاودەستیی قەتەر و سعودیە، زانیاری و هاوکارییان پێشکەشی سوپای (فەتح) لە سووریا کردووە کە بەرەیەکی ئیسلامی دژ بە رژێمە و نوسرە و ئەحراری شام لەخۆدەگرێت. سوپای فەتح بە هاوکاریی ئەم سێ دەوڵەتە توانی پارێزگای ئیدلیب لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئێستا نوسرە و داعش لە شوێنێکدا کۆبوونەتەوە کە سنووری نێوان کۆبانی و عفرینە. ئەمە رێک ئەو ناوچەیەیە کە تورکیا بەنیازە هێڵی دژە فڕینی تێدا دابمەزرێنێ، بەڵام پێناچێ ئەمەریکا ئارەزوویەکی وەهای هەبێت.

تورکیا هەر لەسەرەتاوە بۆیە نەهاتە ناو هاوپەیمانییەکەی ئەمەریکاوە، چونکە ئەم هێزە نێودەوڵەتییە نیازی ئەوەی نەبوو ئەسەد برووخێنێ. بە هەمان شێوەش، دانانی هێڵی دژەفڕین لە باکووری رۆژئاواش دژ بە رژێم و داعش، شتێک نییە جارێ واشنتن ملی بداتە بەر.

واشنتن وای پێ باش بووە کە تورکەکان لەرێگەی ناردنی هێزی زەمینییەوە، ئەوبەری سنووری خۆیان بەسەر داعشدا دابخەن و کۆسپی بۆ بنێنەوە. بەڵام تورکیا ئەمەی لە ئەستۆ نەگرتووە و رەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە دۆخێکی وەهادا ئەگەر سنوور دابخات چیدی ناتوانێت کۆمەک بۆ سوپای فەتح بنێرێت و ئەنقەرە جارێ ئەمەی پێ چارەسەر نییە. لە هەر حاڵێکدا، دانانی هێڵی دژەفڕین دواجار لە بەرژەوەندیی گرووپە ئیسلامییەکان تەواو دەبێت کە لە تەنیشت هەموو شتەکانی دیکەیانەوە، جار ناجارێک فیشەکێک بە عفرین و کۆبانێوە دەنێن و هەندێکیشیان وەک نوسرە سڵ لەوە ناکەنەوە پەلاماری کەمینەکانی وەک عەلەوی و درووز و کورد بدەن و لێیان بکوژن. ئەم گرووپانە بەڕاستی شایەنی پاڵپشتیکردن نین.

لە ناوەڕاستی ساڵی 2013دا تورکیا رێگەی بە داعش دا تا خاڵی سنووریی گرێ سپی کۆنترۆڵ بکات. هەر ئەوکات داعش فەتوایەکی دژ بە کورد دەرکرد و گوتی "کورد کافرن، کوشتنیان و بردنی ژنەکانیان و بە تاڵان بردنی ماڵیان و خاپوورکردنی خانووەکانیان کارێکی رەوایە". هەر دوای ئەم فەتوایەش هەڵمەتێکی راوەدوونانیان دژی کورد تاودا و هەندێکیان لێ کوشتن و ئەوانەشی مانەوە شاربەدەر کران.

رێک بە هەمانشێوە، کاتێک نوسرە لە ئایاری ئەمساڵدا ئیدلیبیان گرت، دەستبەجێ 20 درووزی شارەکەیان گوللەباران کرد. ئەگەر ئەم هێزانە بتوانن بۆ نموونە پارێزگای لازقیەش بگرن، بێ دوودڵی کەمینەی وەک عەلەوییەکان کە لە ئەسەدەوە نزیکن و بە لادەریان دەزانن، دەچەوسێننەوە و دەیانکوژن.

لەبەر ئەم هۆکارانە و هەروەها چونکە ئەم گرووپانە باڵێکیان هەموو کاتێک بە دەستی قاعیدەوەیە، دەبێ رێگە لە بەهێزبوونیان بگیرێت، تەنانەت ئەگەر ئەم رێگریکردنە بە باش بۆ رژێمەکەی ئەسەد بگەڕێتەوە.

لە چاوپێکەوتنێکی پێشووتری ئەلجەزیرەدا، جۆلانی بە ئاشکرا گوتی کە ئەگەر ئەمەریکاییەکان لوولەی تفەنگەکانیان بکەنە رژێمەکەی ئەسەد یان کاریان بە گرووپەکەی ئەوانەوە نەبێت، ئەوا ئەمریکییەکان ناکەنە ئامانجی هێرش. دیارە باوەڕکردن بە پیاوێک کە دەمێکە هەواداری قاعیدەیە، کارێکی شێتانەیە و رۆژئاوا نابێ پشت بکاتە بەڵێنەکانی خۆی لەمەڕ لەناوبردنی گرووپی ئاوها و پێویستە چی دەتوانێت بیکات بۆ ئەوەی رێگەیان لێ بگرێت.

جۆلانی لە چاوپێکەوتنەکەی تەلەڤزیۆنی ئۆریەنتدا گوتی "ئێمە رێگەی جیهادمان هەڵبژاردووە و دەبێ تەواوی بکەین و مەبەستمانە 80%ی خاکی سووریا رزگار بکەین." بە دڵنیاییەوە مەبەستی لە رزگارکردن، گرتنی خاکی سووریا و چەوساندنەوەی ئەو خەڵکەیە کە لەوێ لەژێر ئیمارەتی تاقینەکراوەی ئەواندا دەژین (راستییەکەی، نوسرە هەر خەلافەتەکەی داعشە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بچووکتردا). جۆلانی هەروەها گوتی کە ئەوان چ نزیک بن لە قاعیدەوە چ دوور، بەرەی نوسرە لە هیچ حاڵەتێکدا "دەستبەرداری پرەنسیپەکانی خۆی نابێت".

رۆژئاوا نابێ پشت بکاتە پرەنسیپە سەرەکییەکانی خۆی، بە تایبەت ئەو بەڵێنانەی کە پێوەندی بە رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزە تیرۆریستییانەوە هەیە لەهەر شوێنێک بن و چەندی لە توانایاندا بێت.



# هەولێر دەستی بە داخستنی سەنتەرەکانی مەساج کرد



ڕووداو- هەولێر

"ئەگەر هیممەتی وەزیری ناوخۆ نەبووایە، مەحاڵ بوو دابخرێن، چونکە کەسانی دەستڕۆیشتوویان لە پشت بوو". ئەوە قسەی موقەددەم فەخرەددین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانیی هەولێرە کە لە ماوەی ڕابردوودا لە ڕێگەی لێژنەیەکەوە 47 سەنتەری مەساجی لە شاری هەولێر داخست.

پێدەچێ خێرە زۆرەکەی سەنتەرەکانی مەساج، هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر لە سەنتەری مەساج لە شارەکانی کوردستان بکرێنەوە، چونکە بە گوتەی ئەو بەرپرسەی پۆلیس، داهاتی مانگێکی سەنتەرێکی مەساج نزیکەی 100 هەزار دۆلارە، بەڵام لە هیچ کام لەو سەنتەرانەی داخراون، ڕەچاوی ڕێنماییە تەندروستییەکانی تایبەت بە مەساجکردن نەکراوە.

موقەدەم فەخرەدین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە ماوەی ڕابردوودا گلەییەکی زۆریان لەلایەن هاوڵاتیان و سەنتەرەکانی چارەسەری سروشتی لەبارەی سەنتەرەکانی مەساجەوە بەدەست گەیشتووە، بۆیە لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ڕابردوودا لێژنەیەکیان پێکهێنا و لە ناوەڕاستی هەمان مانگدا دەستیان بە هەڵمەتی داخستنی سەنتەرەکانی مەساج کرد.

موقەدەم فەخرین دەڵێت "سەرەتا نزیکەی 7-8 سەنتەرێکمان داخست، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆر لە سەنتەرەکان کەسانی دەستڕۆیشتوویان لەپشت بوو، گوشارێکی زۆریان بۆ هێنایین، تەنانەت سەنتەر هەبوو دوای ئێمە یەکسەر قوفڵەکەی ئێمەی شکاند و دەستی بەکار کردەوە، بۆیە سەردانی بەڕێز وەزیری ناوخۆم کرد و بارودۆخەکەم بۆ شیکردەوە، ئەویش دەسەڵاتی تەواوی پێدام بۆ داخستنی ئەو سەنتەرانە".

ئەو هەڵمەتە تاوەکو کۆتایی مانگی ڕابردوو بەردەوام بوو. لێژنەکە لەو ماوەیەدا 47 سەنتەری مەساجیان داخست. موقەدەم فەخرەدین باسی هۆکاری داخستنی ئەو سەنتەرانە دەکات و دەڵێت "ئەو 47 سەنتەرە هیچیان مۆڵەتیان نەبوو، جگە لەوەش زۆربەی ئەوانەی مەساجیان دەکرد، کارتی تەندروستییان نەبوو، هەروەها شوێنی سەنتەرەکان شیاو نەبوون، پیس و پۆخڵ بوون، لە هەندێک سەنتەر ئەو زەیت و جێڵەی بۆ مەساج بەکاردەهات، ئێکسپایەر بوو".

لەو 47 سەنتەرانەی داخراون، 12یان لە شارۆچکەی عەنکاوە بوون و ئەوانی دیکەش لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر بوون.

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، مۆڵەت تەنیا بە هوتێلی چوار ئەستێرەیی و پێنج ئەستێرەیی دەدرێ سەنتەری مەساج بکەنەوە.

زۆربەی ئەوانەی لەو سەنتەرانە کار دەکەن بیانین، موقەدەم فەخرەدین دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی مەساج دەکەن ئافرەتی چینین، هەروەها فلیپینی، لوبنانی، بەرازیلی، عێراقی و تەنانەت ئافرەتی کوردیشیان تێدایە". بەڵام هیچ پیاوێک لەو سەنتەرانە کاری مەساج ناکات.

## لە سەنتەرەکان چ دەگوزەرا؟

ئەو سەنتەرانە هەر بە تەنیا گرفتی تەندروستییان نەبووە، بەڵکو وەک موقەدەم فەخرەددین دەڵێت "لە بەشێکی زۆریاندا کاری نەشیاو دەکرا" کە بەبڕوای ئەو، ئەو جۆرە کارانە ڕەنگە ببنە هۆکاری گواستنەوەی چەندین نەخۆشی.

ئەو نموونەی بە سەنتەرێک هێنایەوە کە 11 ئافرەتی چینی کاریان تێدا کردووە و گوتی "خاوەنی سەنتەرەکە هەڕەشەی لە ئافرەتەکان کردبوو ئەگەر لەگەڵ ئەو کەسانەی دێنە سەنتەرەکە سێکس نەکەن، دەریاندەکات. سێ لەو کچانە هاتنە لای ئێمە و سکاڵایان تۆمار کرد، بۆیە سەنتەرەکەمان داخست و خاوەنەکەشی درایە دادگا".

موقەددەم فەخرەددین دەڵێت ئەگەر ئێمە ڕەچاوی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەش نەکەین، دەبووایە هەر دابخرێن، چونکە هیچیان مەرجی تەندروستییان تێدا نییە. گوتیشی "ڕەنگە لە حاڵەتی سێکسکردن لەگەڵ ئەو ژنانە، نەخۆشی وەکو ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر، یان ئایدز بگوازرێنەوە".

ئەو دەڵێت "ئافرەتەکان بە جلی زۆر نەشیاو و نیمچەڕووتەوە مەساجیان بۆ خەڵک دەکرد، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی ئەو جۆرە جلانە بۆ مەساج ڕێگەپێدراو نین". گوتیشی "بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی ئەوانەی مەساج بۆ خەڵک دەکەن دەبێ بڕوانامەی ئەو بوارەیان هەبێ، بەڵام کەمیان بڕوانامەیان هەبوو".

زۆربەی ئەو سەنتەرانە تابلۆیەکیان هەڵواسیوە و نووسیویانە سەنتەری چارەسەری سروشتی، بەڵام بە گوتەی موقەدەم فەخرەین، ئەوانە هیچیان چارەسەری سروشتییان بۆ خەڵک نەکردووە، تەنانەت گرفتیان بۆ ئەو کەسانەش دروست کردووە کە سەنتەری چارەسەری سروشتییان هەیە و دەڵێت "خەڵک چووەتە سەنتەرەکانی چارەسەری سروشتی، پرسیاریان کردووە: ئایا ئافرەتی چینی، فیلیپینی، عەرەب، چیتان لەلایە".

## گواستنەوەی زیاتر لە 50 نەخۆشی!

پێشتر لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان دوای سەردانکردنی ناوەندەکانی مەساج لە سلێمانی و هەولێر، ڕایگەیاندبوو کە 80%ی ئەو سەنتەرانە لە کاری لەشفرۆشیدا تێوەگلاون، بەتایبەت ئەوانەی هەولێر.

پزیشکێکی پسپۆڕیش هۆشداری دەدات لەوەی سەنتەرەکانی مەساج لە مەترسیدارترین جێگاکانن بۆ گواستنەوەی ئەو نەخۆشییانەی لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە "ئەوانەی لەوێ کاردەکەن مۆڵەتیان بۆ مەساج وەرگرتووە نەوەک کاری دیکە، بەوەش لایەنی پەیوەندیداری تەندروستی ڕێوشوێنی پێویستی تێدا نەگرتوونەتەبەر بۆ ڕێگری لە نەخۆشییە گوازراوەکان لە ڕێگەی سێکسەوە".

د.عەبدولفەتاح هەورامی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی گشتی و مامۆستا لە سکوڵی پزیشکی زانکۆی سلێمانی وا دەڵێت.


وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، سێکسی نایاسایی هاوشێوەی لەشفرۆشی، ئەگەر ڕێوشوێنی توندی تەندروستی بەسەردا نەسەپێنرێ، ئەوە ڕێگە خۆشکەرە بۆ گواستنەوەی زیاتر لە 50 نەخۆشیی کورتخایەن و درێژخایەنی مەترسیدار، لەوانە: بالووکەی کۆئەندامی زاوزێ، گەڕی، سوزەنەک، زوهری، کلامیدیا، تامێسکی دەم و ئەندامانی زاوزێ، هەوکردنی جگەر، ئایدز و چەندینی دیکە.

### خۆپاراستن

باشترین ڕێگا بۆ خۆپاراستن بریتییە لە پابەندبوون بە تەنیا یەک هاوەڵ (یەک هاوژین) لە پەیوەندییە سێکسییەکاندا. بەڵام ئەگەر لەگەڵ چەند کەسێک سێکس دەکەیت، ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکە:

- بەکارهێنانی کۆندۆم
- دڵنیابە لەوەی کەسی بەرامبەر تووشبووی یەکێک لەو نەخۆشییانە نییە.
- ئەگەر یەکێک لە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەت هەستپێکرد، سەردانی پزیشک بکە.
- ماوە ماوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک شیکاری پێویست ئەنجام بدە، بۆ دڵنیابوون لەوەی تووش نەبوویت.
- ئەگەر ژنێکی سکپڕی و یەکێک لەو نەخۆشییانەت هەیە، سەردانی پزیشک بکە تا چارەسەرت بکات و لێنەگەڕێت نەخۆشییەکە بۆ منداڵەکەت بگوازرێتەوە.
- ژمارەیەکی کەم لەو نەخۆشییانە پێکوتەیان هەیە، بە ڕاوێژ لەگەڵ پزیشک بیر لە خۆکوتان بکەوە.

# ڕووداوە تەندروستییەکانی 2015 لە هەرێمی کوردستان



ڕووداو- سلێمانی

ساڵی ڕابردوو ڕووداوی ناخۆشی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ڕوویاندا، بەڵام هەندێک ڕووداوی تەندروستیش دڵخۆشکەر بوون، لەوانەش لکاندنەوەی دەستی قرتاوی منداڵێک، لێرەدا هەندێک لەو ڕووداوانەتان بەبیر دێنینەوە.

## دەرکەوتنی چەند حاڵەتێکی ئەنفلۆنزای باڵندە:

لە ئایاری 2015دا وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە سێ حاڵەتی ئەنفلۆنزای باڵندە لە چەند گوندێکی سەر بە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراون. عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ئەوکات گوتی "دوای ئەنجامدانی چەند پشکنینێک لەسەر چەند کێڵگەیەکی پەلەوەر لە ناوچەی پیرەمەگروونی پارێزگای سلێمانی، دەرکەوت چەند پەلەوەرێکی تووشبوو بە ڤایرۆسی H5N1 هەن".

## لیشمانیا لە کوردستان:

باشووری کوردستان ناوچەیەکی سروشتیی نییە بۆ مشەخۆری تووشکەری لیشمانیا و مێشوولە گوازەرەوەکەی، بەڵام بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لە سووریا و شارەکانی عێراقەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە حاڵەتی لیشمانیای پێست لەنێو ئەو ئاوارانە و هاووڵاتیانی کوردستان تۆمارکران. لانیکەم 500 کەس لە کوردستان تووشی ئەو نەخۆشییە بوون.

## دەرکەوتنەوەی سوورێژە لە کوردستان:

مانگی ئاداری ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان 109 تووشبووی نوێی سوورێژە تۆمارکران کە 37 حاڵەتیان لە هەولێر و 44 لە سلێمانی و 28ی دیکەیان لە دهۆک بوون.

## مردنی چەند هاووڵاتییەک بە ئەنفلۆنزا:

مانگی ئاداری 2015 وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە هەشت هاووڵاتی بەهۆی تووشبوونیان بە ئەنفلۆنزای جۆراوجۆر گیانیان لەدەستداوە.

## کۆلێرا گەیشتە باشووری کوردستان:

لە مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوودا کۆلێرا گەیشتە شاری دهۆک. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئازادی لەو شارە ئاشکرای کرد کە 23 حاڵەت لەو شارە تۆمارکراون.

## مووچە بۆ تووشبووانی ئایدز بڕایەوە:

مانگی ئابی ڕابردوو بۆ یەکەمجار بڕیاردرا هەر تووشبوویەکی ئایدز لە باشووری کوردستان مووچەیەکی مانگانەی بە بڕی 500 هەزار دینار بۆ ببڕدرێتەوە.

## لکاندنەوەی دەستی قرتاوی منداڵێک:

مانگی تەممووزی ڕابردوو لە نەشتەرگەرییەکی ناوازەدا لە سلێمانی کە 6 کاژێری تەواوی خایاند، توانرا دەستی منداڵێک بلکێنرێتەوە، دوای ئەوەی بەهۆی زەبرێکی توندەوە قرتابوو.

## چوار کەس تووشی ئایدز بوون:

ساڵی 2015 لە کوردستان چوار حاڵەتی نوێی ئایدز ئاشکرا کران و بەوەش ژمارەی تووشبووان گەیشتە 24 کەس کە بەمجۆرە لەنێوان پارێزگاکان دابەشبوون: 11یان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، 9یان لەهەولێر و 4 کەسیشیان لە پارێزگای دهۆک بوون.

# چەند هەڵەیەک لە چارەسەری هەڵامەتدا




ڕووداو-DW

ئەنفلۆنزا و هەڵامەت نەخۆشی ڤایرۆسیی کۆئەندامی هەناسەن، لە بڵاوترینی نەخۆشییە گوازراوەکانن و جۆرەها چارەسەری میللی و مۆدێرنیان بۆ دیاریکراوە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەبەست لە چارەسەرەکان سەرکوتکردنی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە نەوەک بنەبڕکردنی، چونکە دەرمانی دژە ڤایرۆسی تایبەت بەو حاڵەتە تاوەکو ئێستا دروست نەکراون، لەبەرئەوەی ڤایرۆسەکان ماوە ماوە شێوەی خۆیان دەگۆڕن.

**هەندێک هەڵە هەن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵامەت و ئەنفلۆنزادا کە ئەمانە هەندێکیانن:**

## 1 - دابەزاندنی تای کەم:

بەرزبوونەوەیەکی کەمی پلەی گەرمی لەکاتی تووشبوون بە پەتا ڤایرۆسییەکان شایانی نیگەرانی نییە، چونکە ئەو بەرزبوونەوەیە کۆئەندامی بەرگری چالاک دەکات و پرۆسەی زاڵبوون بەسەر ڤایرۆسەکاندا خێراتر دەکات. بەشێکی زۆر لە بەکتریا و ڤایرۆسەکان بەرگەی پلە گەرمییە زۆرەکانی جەستە ناگرن و دەمرن، واتە ئەو تایە ڕێوشوێنی خۆپارێزی و شەڕی دژە-میکرۆبە لەلایەن جەستەوە، بەڵام ئەگەر پلەی گەرمی لەش لە 39 پلە تێپەڕی، ئەوە دەبێت تایەکە دابەزێنرێ.

## 2 - زۆر بەکارهێنانی قەترە و سپرای لووت:

هەندێک کەس لەگەڵ تووشبوون بە ئەنفلۆنزا و هەڵامەت، قەترە و سپرای لووت بەکاردێنن، تاوەکو تەڕییەکەی لووتیان بەخێرایی نەمێنێ. بەڵام پسپۆڕان دەڵێن بەکارهێنانی ئەو ماددانە بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک و زیاتر لە سێ جار لە ڕۆژێکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی ناوپۆشی لووت بەشێوەی درێژخایەن بئاوسێت و کەسەکە لەسەر ئەو ماددانە ئاڵوودە بێت.

## 3 - بەکارهێنانی دژە-زیندەکان:

هەندێک کەس هەر کە تووشی تا بوون، ئیدی دەست دەکەن بە بەکارهێنانی کەپسوول و دەرزی و حەبی دژە-زیندە، ئەوە لەکاتێکدا ئەو دەرمانانە تەنیا دژە-بەکتریان دەکوژن و کاریان بەسەر ڤایرۆسەوە نییە. بۆیە ئەو دەرمانانە لە زیان زیاترت پێنابەخشن لەکاتی تووشبوون بە هەڵامەت و ئەنفلۆنزادا.

## 4 - هەڵەکردن لەکاتی پاککردنەوەی لووت:

ئەگەر بە توندی گوشار لە لووتت بکەی بۆ کردنە دەرەوەی تەڕییەکەی، لەوانەیە پاڵ بە چەندین ڤایرۆسەوە بنێی بۆ نێو گیرفانەکانی لووتت، بەوەش تووشی هەوکردنێکی توندتر و ئازارێکی زیاتر دەبی و درەنگتریش چاک دەبیتەوە. بۆیە وا باشە، دەستت لەسەر کونێکی لووتت بێ و بەهێواشی هێز لەوەی دیکەیان بکەی بۆ پاکبوونەوەی، پاشان ئەوی دیکە.

## 5 - دەرمانی جۆراوجۆر دەخۆی:


دەرمانێک دەخۆی، ئەگەر هەر زوو چاک نەبوویتەوە ڕوودەکەیتە جۆرێکی دیکە و بەوجۆرە چەندین کلاسی جیاوازی دەرمان دەخۆی کە ڕەنگە کارلێکی نەخوازراو لەنێوانیان ڕووبدات و جەستەت تووشی ماندووبوون ببێت و کاریگەریی نەخوازراو لەنێو جەستەت ڕووبدەن. باشترە بە ڕاوێژی پزیشک دەرمان بەکاربهێنی و ڕوونکردنەوەی لێ وەربگری سەبارەت بە چۆنێتی و چەندێتی کارکردنی دەرمانەکە.

## 6 - ساوناکردن!

کە دەڵێن پشوودان بۆ پەتاکان باشە، مەبەستمان ئەوەیە لەنێو جێگە پشوو بدەی تاوەکو جەستەت ماندوو نەبێت و ئاسانتر بەسەر ڤایرۆس و ماکەکانیاندا زاڵ ببێت، بەڵام ڕووکردنە ساونای گەرم کارێکی باش نییە، چونکە پلەی گەرمییەکەی گونجاو نییە و زیاتر لەشت تووشی داهێزران دەکات.



ڕووداو
ژمارە (390) دووشەممە 2016/1/4



ڕووداو- هەولێر

شەوکەت ئەمین کورکی، دەرهێنەری سینەمایی کورد، بۆ ئەمساڵ نوێترین فیلمی خۆی بەرهەم دێنێ، بەڵام ئامادە نەبوو ناوی فیلمەکە ئاشکرا بکات.

شەوکەت ئەمین ئێستا کار بۆ فیلمێکی نوێ دەکات و لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا ئامادەکاری بۆ وێنەگرتنی نوێترین فیلم دەکەم کە بەنیازم لە کۆتایی ئەمساڵ دەست بە وێنەگرتنی بکەم، بەڵام جارێ نامەوێت هیچ زانیارییەکی دیکە ئاشکرا بکەم".

فیلمی "بیرەوەرییەکانی سەربەرد"ی ئەو دەرهێنەرە لە چەندین فێستیڤاڵی جیهانیدا نمایش کرا و تاوەکو ئێستا زیاتر لە 20 خەڵاتی بەدەستهێناوە.

هەروەها پەڕینەوە لە غوبار، یەکەمین کورتە فیلمی شەوکەت ئەمینە کە لە فێستیڤاڵی فیلمی ڕۆتەردام لە ساڵی 2007 نمایش کرا.

# کارۆخ پرۆڤە بە کچی شەرفەددین دەکات



هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

کارۆخ ئیبراهیم، دەرهێنەری گەنج، دەستی بە پرۆڤەکردنی شانۆگەریی جۆکاستای کچی شەرفەددین کرد کە باس لە دوو سەردەم و دوو قۆناغی جیاوازی مێژوویی دەکات.

کارۆخ ئیبراهیم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە دەستمان بە پرۆڤەی شانۆگەریی جۆکاستای کچی شەرفەددین کردووە کە باس لە ئافرەتانی کوردی ئێزدی دەکات. بەشێکی دیکەشی باس لە شەڕی دەسەڵات لە کوردستان دەکات".

کارۆخ گوتیشی "دوو دەقم لە دوو سەردەم و قۆناغی جیاواز تێکهەڵکێش کردووە، بەڵام هەردووکیان باس لە یەک بابەت دەکەن، بۆ ئەم شانۆگەرییە سوودمان لە دەقی گریکەکان وەک ئۆدیب پاشا وەرگرتووە، لەگەڵ دەقێکی تازە تێکهەڵکێشمان کردووە، بەڵام گێڕانەوەی یەک بابەتە لە دوو سەردەمی جیاوازدا".

شانۆگەرییەکە بەرهەمی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێرە و بڕیارە لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا نمایش بکرێ. ستافی شانۆگەرییەکە لە 35 ئەکتەر و کۆمبارس پێکهاتووە.



# خاڵە سێوەیان بردە بەغدا

ڕووداو- هەولێر

گرووپێک لە میوزیکژەنان و گۆرانیبێژانی کورد بە هاوبەشی لەگەڵ سیمفۆنیای نیشتمانیی عێراقی، کۆنسێرتێکی گۆرانی لە شاری بەغدا پێشکەش دەکەن.

جێگر عەزیز، ئەندامی ئەو گرووپەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی ڕابردوو گرووپێک لە هونەرمەندانی کورد لە شاری بەغدا داوەتکراین بۆ ئەوەی لەگەڵ سیمفۆنیای نیشتمانیی عێراقی کۆنسێرتێک پێشکەش بکەین کە تێیدا من بە مەقامێکی خاڵە سێوە بەشداریم کرد".

جێگر گوتیشی "گرووپەکەمان لەوێ چەپکێک گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیی پێشکەش کرد". میوزیکژەنەکانی ئەو گرووپە پێکهاتبوون لە پەیام کاکل بە ئامێری دەف، ئەرشەد مەلازادە بە ئامێری جۆزە، شێروان سەلیم بە ئامێری نەی و باڵەبان.

# پەیوەند حەوت ساڵە سەرقاڵی گوڵێکە



هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

پەیوەند جاف، هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەڵێت ماوەی حەوت ساڵە سەرقاڵی ئەلبوومێکی گۆرانییە بەناوی (بۆ گوڵێ) و بەنیازە لەمساڵدا بڵاوی بکاتەوە.

پەیوەند جاف بە (ڕووداو)ی گوت "نزیکەی حەوت ساڵە خەریکی ئەو ئەلبوومەم، بڕیار بوو ساڵی 2015 بڵاوی بکەینەوە، بەڵام ڕێکنەکەوت، هیوادارم ئەمساڵ بەخت یاوەرمان بێت و بڵاوی بکەمەوە".

پەیوەند جاف گوتیشی "بەو ئەلبوومەوە زۆر ماندوو بوومە، هیوادارم بتوانم لە کاتێکی زۆر گونجاودا لە ساڵی 2016 بڵاوی بکەمەوە، چونکە لەم ئەلبوومەدا بە زۆر ستایل کارم کردووە و جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کارەکانی پێشووم هەیە".

# ڕەوا جەمال
# یەکلایی نەبووەتەوە



ڕووداو- سلێمانی

هونەرمەند دکتۆر ڕەوا جەمال عەبدول پێش بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی، دوو گۆرانی نێو ئەلبوومەکەی کلیپ دەکات کە لەلایەن بورهان موفتی زادەوە ئاوازیان بۆ دانراون.

ڕەوا جەمال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەمساڵ ئەلبوومێکی نوێ بڵاودەکاتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ ناوی ئەلبوومەکە و ژمارەی تراکەکانی یەکلایی نەبووەتەوە و گوتی "بەڵام پێش بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکە، دوو گۆرانییان بەشێوەی کلیپ بڵاودەکەمەوە".

یەکێک لەو گۆرانیانەی کلیپی دەکات بە "نێوی بۆ کوێ بڕۆم"ە کە لە تێکستی ئیسماعیل ساڵحە و عەلی شەریفزادە دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە. بەرهەمی دووەمیشی بەنێوی "وا مەزانە" لە تێکستی هێمن حەمەساڵح و دابەشکردنی ئەفشین شوکرییە. هەردوو بەرهەمەکەش بورهان موفتی زادە ئاوازی بۆ داناون.

"گەڕامەوە" دوایین ئەلبوومی دکتۆر ڕەوا بوو کە ساڵی 2013 بڵاوی کردەوە.

# سەقزی دەستپێدەکاتەوە



ڕووداو – سلێمانی

دوای ساڵێک دوورکەوتنەوە لە گۆرانی، هونەرمەندی میللی خالید سەقزی بڕیاری داوە دووبارە دەست بە گۆرانیگوتن بکاتەوە.

خالید سەقزی کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ساڵی ڕابردوو بەشداری هیچ ئاهەنگێکم نەکرد و قسەشم بۆ هیچ میدیایەک نەکرد، بەهۆی کۆچی دوایی دایکم، دواتریش هونەرمەندی هاوڕێم کاک ڕزگار ئیسماعیل کۆچی دوایی کرد، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەرم هەبوو، نەمدەتوانی لە کاتی گۆرانیگوتن چێژ بە هەوادارانم ببەخشم، بۆیە لە ساڵی 2015 وەستام و ئەمساڵ دەستپێدەکەینەوە".



# تاڵەبانی لە هەولێر کۆنسێرت دەکات

ڕووداو- هەولێر

شەهێن تاڵەبانی، هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆنسێرتێک لە شاری هەولێر ساز دەکات.

تاڵەبانی کە بەسەردان هاتووەتە باشووری کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی کۆنسێرتێکمان لە شاری سلێمانی سازکرد، بەنیازین ئەم هەفتەیە لە شاری هەولێر کۆنسێرتێکی خێرخوازی بۆ پشتگیری هێزەکانی پێشمەرگە ساز بکەین".

کۆنسێرتەکە بە سەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا بەڕێوەدەچێت. شەهێن تاڵەبانی داوا لە خەڵک دەکات لەم کۆنسێرتە ئامادەبن تاوەکو زۆرترین داهات بۆ پێشمەرگە کۆبکەنەوە و دڵی پێشمەرگە خۆش بکەن.

سەبارەت بە کاری تازەشی، تاڵەبانی گوتی "بۆ ئەمساڵ چەند کارێکی نوێم ئامادەیە و دەمەوێت کلیپیان بکەم، بەڵام دەخوازم سپۆنسەرێک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی کارەکانم ڕایی بکەم".

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ



لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستت بە گەشبینی هەیە، لەگەڵ هاوڕێیانت کاتێکی خۆش بەسەر بەرە دوور لەسەرقاڵیی کارکردن. خۆشەویستی ڕێگەی ڕاستی خۆی دەبینێتەوە و ئاسوودەیییەکی زۆرت پێ دەبەخشێ.

## گا



هەستەکانت لەنێوان خۆشی و ئاڵۆزی تێکەڵ بوون، ناتوانی ئەوە بە باشی دەربڕی، بەڵام هەنگاوەکانت بە ئاراستەیەکی باش دەچن. هێز و توانایەکی جەستەیی باشت دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانت.

## دووانە



لەڕووی ماڵ و خێزانەوە خۆتان ڕێکبخەنەوە و ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن. ئەو هاوکارییەت دەست دەکەوێت کە هەوڵی بۆ دەدەی. سەرکەوتوو دەبیت بەو مەرجەی لە هەموو هەنگاوەکانتدا هێمن بیت.

## قرژاڵ




دروستکردنەوەی پەیوەندییەکی ئەڤینداری قورسە، بەڵام ئەستەم نییە. ئەو کەسانەی لێت تێدەگەن دەتوانن هاوکاریت بکەن لە چارەسەرکردنی گرفتەکانتدا. لەتووڕەیی و هەڵچوونی کتوپڕ خۆت بەدوور بگرە.

## شێر



لەڕووی دەروونی بەهێز دەبیت و ئەوەش چەند کێشەیەکت بۆ چارەسەر دەکات. ڕێگایەکی نوێ دەبینیتەوە بۆ پێشخستنی پلانەکەت، هەنگاوە نوێیەکانت دەبنە کلیلی کردنەوەی چەند دەرگایەکی نوێی بەختەوەری.

## فەریک




دوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییەکی گەورە دێت. کەسانی بەرامبەرتان بەتەواوی سەرنجتان ڕادەکێشن. خەڵک حەز دەکەن لێت نزیک ببنەوە، ڕێگە مەدە کاتت بەهەدەر بڕوات.

## تەرازوو



دەروونت ئاسوودە دەبێت و سوود لەئەزموونی کاتە سەختەکانی ڕابردوو وەردەگریت. لەماندوویی ڕزگار دەبن و دەست بەئەنجامدانی کارەکانتان دەکەن. دەوروبەر دەخوازن کاریگەریت لەسەر دروست بکەن.

## دووپشک



بە ژیریی خۆت دەتوانی بەئاسانی لە شتەکان تێبگەیت. ئەگەر دەزانیت کەسێک دەیەوێت گرفتت بۆ دروست بکات، ئەوا هێمنانە ڕەفتاری لەگەڵ بکە. کارە ئاسایییەکانی ڕۆژانە زیاتر سەرقاڵت دەکەن.

## کەوان



دوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییەکی گەورە دێت. کەسانی بەرامبەرتان بەتەواوی سەرنجتان ڕادەکێشن. خەڵک حەز دەکەن لێت نزیک ببنەوە، ڕێگە مەدە کاتت بەهەدەر بڕوات.

## گیسک



گومانی ئەڤینداری لایەنەکانی دیکەی ژیانی ئاڵۆز کردووی. وا باشە کاتی زیاتر بەو کارانە بدەی کە دەبنە مایەی ئاسوودەیی ڕاستەقینە. لەم مانگەدا گرنگی بە وردەکاری دەدەیت وەک لە ڕووکەش.

## سەتڵ



پێویستە بڕیارێکی گرنگ بدەی بۆ ئەوەی کارەکەت بە باشی بڕوات. بیرکردنەوەت زیاد دەبێت و هەست دەکەیت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت پێویستیان بەگرنگیدان و فراوانکردنی زیاتر هەیە.

## نەهەنگ



زۆربوونی پەیوەندی لایەنی باش و خراپی هەیە و ڕێگە مەدە کەسانێک هەراسانت بکەن، هەوڵەکانت لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا چڕدەبنەوە. کارێکی زۆر دەکەیت و خۆت ماندوو دەکەیت بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامی کارەکانت بکەی.

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی




سەدیق سەعید ڕواندزی

مێژووی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، مێژوویەک بووە لە چەوساندنەوە و خوێنڕشتن و بێبەهاکردنی مرۆڤ وەک گەورەترین سەرمایەی ژیان. دیوێکی هەرە دیاری ئەو مێژووە، چەوساندنەوەی مرۆڤە لە سۆنگەی بیروڕای سیاسی، بە تایبەتیش لەژێر سایەی ڕژێمێکی وەکو بەعسدا. چیرۆکی نەهامەتییەکان و ئەو هەموو قەهر و دڵشکانەی مرۆڤ بەشێکە لەو مێژووە ناشرینەی ئەو وڵاتانەی پێ دەناسرێتەوە. شێوازەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ و پرۆسەی لە مرۆڤخستن کە تێیدا دەسەڵات بە چەندین شێوە دژ بە نەیارەکانی پیادەی دەکات، بەشێکە لەوە. ئەگەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئامرازێک بن بۆ خۆشگوزەرانیی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسایی، ئەوا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، دەسەڵات هێمایەکە بۆ چەوساندنەوە و کوشتنی هەموو دەنگێکی ئازاد، بۆیە کەم نین ئەو چیرۆک و ڕووداوە تراژیدیانەی دیوە شاراوەکانی ئەو دەسەڵاتانەمان بۆ دەگێڕنەوە، لە بێبەهاکردنی مرۆڤ و ستەم و چەوساندنەوە کە بێگومان زیندانیکردن و شێوازەکانی ئەشکەنجەدان و ئاخنینی مرۆڤەکان لە زیندان، بەشێکن لەو ئامرازانە. زیندان بۆ خۆی وەک شوێنێک هەڵگری ئاماژەیەکە بۆ ترس و تۆقاندن، چجای ئەوەی ئەو زیندانیکردنە لە ژێر سایەی ڕژێمێکی سیاسی وەک بەعسدا بێت. لە وڵاتە فاشی و نادیموکراسییەکاندا، زیندانیکردنی مرۆڤ، ئەزموونی لەمرۆڤخستنە، زیندان لەو وڵاتانەدا شوێنێکە بۆ داماڵینی مرۆڤ لە هەموو ئەو بەها ئینسانیانەی پێی دەناسرێتەوە. کەم نین ئەو چیرۆکانەی مێژووی خوێن و ئەشکەنجەدانمان بۆ دەگێڕنەوە. هەرگیز گێڕانەوەی ئازارەکان، وەک ئەزموونکردنی خودی ئەو ئازارانە نییە، چونکە زۆر ڕووداو و تراژیدیا هەن لەوە گەورەترن زمان بتوانێ گوزارشتیان لێ بکات. گوزارشتکردن لە کارەساتێک و تراژیدیایەک هەرگیز وەکو ئەو بەریەککەوتنە ڕاستەوخۆیە نییە کە تێیدا مرۆڤ بۆ خۆی کارەکتەری تراژیدیاکەیە. لێرەوەش بۆ ئەوەی لە ئازارەکانی زیندان بگەین، دەبێ خۆمان ئەو فەزا پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێیەمان بینیبێ. دەبێ هەموو ئەو دڵشکان و بێبەهاکردنانەمان ئەزموون کردبێت کە لە سەروبەندی زیندانیکردندا دەیبینین. چیرۆکەکانی زیندان، چیرۆکی تراژیدین کە گێڕانەوەیان ئەستەمە. ڕەنگە کاریگەرترین چرکەکانی بەریەککەوتنی زیندانیکراوێک لە چوارچێوەی زینداندا، ئەو ساتانە بێت کە تێیدا ڕوح بەر لە جەستە دەڕووخێت. کاتێ مرۆڤیش لەڕووی ڕوحی و دەروونییەوە تێکشکا، مەحاڵە بتوانێت بە ئاسانی ببێتەوە مرۆڤێکی ئاسایی. بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری ئەوانەی لە زیندانەکانی بەعس ئازاد بوون، هەرگیز نەگەڕانەوە دۆخی سروشتی و ئاسایی بەر لە زیندانیکردنیان. بیناکردنەوەی ڕوح و دەروونی تێکشکاوی مرۆڤێک ئاسان نییە. بەتایبەتیش ئەگەر ئەو مرۆڤە هەستی کرد، ئیدی ئەو هەمان ئەو کەسە ئاساییەی بەر لە زیندانیکردنی نییە، وەک پاڵەوانی ڕۆمانی (قەپێلک).

نووسینەوەی یاداشتەکانی زیندان و تۆمارکردنی ئەو چرکەساتانەی کە لە بیرچوونەوەیان مەحاڵە، وەک تێکست، بەشێکە لە لایەنە دیارەکانی نووسین و ئەدەب بەگشتی. کەم نین ئەو ڕۆمان و یاداشت و بیرەوەریانەی، ئەزموونی زیندانیکردنی مرۆڤێکمان بۆ دەگێڕنەوە. ئەزموونێک کە تژی لە ئازار و دڵشکان و تێهەڵدان و لەمرۆڤخستنە و ڕەنگە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر وشەیەکیدا، هەست بە ئازارێکی گەورەی دەروونی بکەین و شەرم لە مرۆڤبوونی خۆمان بکەین کە چۆن هاوشوناسی ڕەگەزێکین، ئامادەیە ئازاری مرۆڤێکی دیکەی وەک خۆی بدات. دەبێ گومان لە مرۆڤبوونی ئەوانە بکەین کە جگە لە جەلادێکی داماڵراو لە هەموو هەست و نەستێکی مرۆییانە، هیچی دیکە نین.

ڕۆمانی (قەپێلک) ئەو ڕۆمانەیە کە وێنەیەکی واقیعی و بەرجەستەکراوی مرۆڤە لە زیندانەکانی بەعسدا، بەڵام ئەمجارەیان لە سووریا، نەک عێراق. پێشتر ڕۆمانی (شەماعیە)ی ڕۆماننووسی عێراقی (عەبدولستار ناسر)م خوێندەوە کە باس لە زیندانی شەماعیە و چیرۆکی زیندانیکراوانی دەستی بەعس لە عێراقدا دەکات. ئەمجارەیان ڕۆمانێکی دیکە بەسەردەکەینەوە کە هاوشێوەی شەماعیە و زیاتریش، سەرگوزشتەکانی زیندان دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە سووریا کە نووسەری سووری (مستەفا خەلیفە) نووسیویەتی. ڕۆمانێک کە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر وشەیەکیدا، هەست بە ئازار دەکەین. ڕۆمانێک کە لە ناخەوە خوێنەر دەهەژێنێ.

ئەو ڕۆمانە هەموو ئەو دیمەن و وێنە دڵتەزێنانەی زیندانمان پیشان دەدات، لە لێدان و ئەشکەنجەدان و تەنانەت ئەتککردنی مرۆڤیش!. ڕۆمانێک کە دیوێکی شاراوەی دەسەڵاتمان پیشان دەدات لە ژێر سایەی بەعسی سووریادا. ڕۆمانێک کە تێیدا، بەهای مرۆڤ وەک گەورەترین سەرمایەی ژیان، لە وڵاتە عەرەبییەکاندا وەسف دەکات. ئەو وڵاتانەی لەڕێی ئازار و ئەشکەنجەی زیندان و گرتن و کوشتنەوە مرۆڤ دادەماڵن لە بەهای مرۆییانەی خۆی. ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانە، تۆمارکردنی یاداشتە ڕۆژانەییەکانی زیندانیکراوێکە کە خودی ڕۆماننووس خۆیەتی. ئەم ڕۆمانە، سەرگوزشتەی ژیانی سێزدە ساڵی مرۆڤێکمان بۆ باس دەکات کە لە زینداندا بەسەری بردووە و تەنیا بە گێڕانەوەی تاس دەمانگرێت، چجای ئەوەی مرۆڤ خۆی لەنێویدا بێت. ئەو ڕۆمانە، باس لە خەونی گەڕانەوەی مرۆڤێک دەکات کە خودی ڕۆماننووس خۆیەتی و دوای ئەوەی خوێندنی ئەکادیمی لە پاریس تەواو دەکات، بە ئامانجی خزمەتکردنی نیشتمانەکەی، پشت دەکاتە هەموو خۆشییەکانی پاریسی پایتەختی فەرەنسا و کەسوکار و خۆشەویستەکەی جێدێڵێت و دەگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی، واتە سووریا. بەڵام دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە، هەر لە فڕۆکەخانەوە، پیاوانی هەواڵگری دوای پشکنینی ناسنامەکەی، داوای لێدەکەن بۆ کارێکی بچووک لەگەڵیان بڕوات، ئیدی هەر ئەو کارە چەند خولەکییە سیانزە ساڵی تەواو دەخایەنێت.

پاڵەوانی ڕۆمانەکە، دوای گەڕانەوەی بە کۆڵێک خەونی جوانەوە، بە بیانووی ئەوەی کە سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (ئیخوان موسلمینە)، دەگیرێت و زیندانی دەکرێت. کارەساتەکە لە گرتنەکەدا نییە، لەو پاساوە کۆمیدی و گاڵتەجاڕیەدایە کە پێی زیندانی دەکرێت. پاساوێک کە دیوە کۆمیدیەکەی دەسەڵاتی دادگەریمان لەو وڵاتانە بۆ دەردەخات. نووسەر لە کاتێکدا بەو تۆمەتە دەگیرێت، کە خۆی بە ئایین مەسیحییە. واتە نەک هەر هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕێکخراوەوە نییە، بەڵکو ئایینەکەشی جیاوازە لەوان! بەڵام تۆمەت و پاساو بۆ گرتن و ئەشکەنجەدانی مرۆڤ لەژێر سایەی بەعسدا، کارێکی زەحمەت نییە. بیانوویەکی کەم بەس بوو بۆ ئەوەی کەسێکی پێ زیندانی بکرێت و لەسێدارە بدرێت. یاخود تا هەتایە لە زینداندا بمێنێتەوە.

پاڵەوانی ڕۆمانەکە، دوای ئەوەی بەو تۆمەتە دەگیرێت، ئیدی بۆ ماوەی سیانزە ساڵ لە زینداندا دەمێنێتەوە. لەو ماوەیەشدا هەرچی شێوازەکانی ئەشکەنجەدان هەیە، لە لێدان و تێهەڵدان و بگرە ئەتککردنیش، دەبینێت. لە زینداندا، دەکەوێتە ئەو گومانەی کە ئەو هەر لە بنەڕەتەوە مرۆڤ بێت. بۆیە بەگومانەوە لەخۆی دەپرسێت: (من چ جۆرە بوونەوەرێکم، ئایا مرۆڤم؟ ئاژەڵم چ شتێکم؟ لا 128). ئەو دیمەنە دڵتەزێن و ئەشکەنجە دەروونی و جەستەییانەی لە زیندان، چ خۆی و چ هاوشێوەکانی دەیبینن، ئەو گومانەی لا دروست دەکەن کە ئەو چ بوونەوەرێکە؟ چونکە هەرچی پەیوەندی و مامەڵەی نامرۆڤانە هەیە دەیبینێت. جەلادەکانی زیندان بەجۆرێک داماڵراون لە هەموو هەست و سۆزێکی مرۆڤانە کە تەنیا چێژ لە ئازاردانی بەرامبەرەکانیان وەردەگرن. یەکێ لە جەلادەکان بە زیندانیکراوێک دەڵێت: (ئێستا دەمەوێ وەک کەر بزەڕی. دەزەڕێت. لا 116 . ئێستا دەمەوێت وەک سەگ بوەڕیت و گاز لەوەی بەردەمت بگری. زیندانییەکە، هاوشێوەی سەگێک فەرمانی جەلادەکە بەجێ دەگەیەنێت و گاز لە قۆڵی زیندانیکراوێک دەگرێت. بە زیندانییەکی دیکە دەڵێن: تۆ مرۆڤی یان زەڕافە؟ بە یەکێکی دیکە دەڵێن: تۆ سێ ساڵە لێرە بەندکراوی، دەزانی ئەو سێ ساڵە ژنەکەت چی دەکات؟).

# ژن و ژن و ژن




زیاد نادر عاڵڵایی



نەرم نەرم..
وەکوو تنۆکەی باران دێ و
سەراپام لە ڕەنگ هەڵدەسوێ..
ئا ی ی ی لە ژن،
چەند شیرینە،
کاتێ ژنێک،
ڕووت و ڕۆمانسی،
لە باوەشی پیاوێکی عاشقدا دەنوێ!
***
نیگای شەراب و
ژووانی شەهد و
دووانی شەکر و
لێکئاڵانیشی ئێوە بڵێن..
ئاخۆ چ شەراب و شەهد و شەکرێک بێ!!
***
هەر ئەوەتە بیرم ماوە،
جارێک،
ژنێک گوڵەنێرگزی پەنجەکانی،
لە پاییزی پەنجەکانم ئاڵاند..
لەو ڕۆژەوە..
پەنجەکانم چرۆیان گرتووە و
بوونەتە چەمەنستان!!
***
شوێنێک نەما لەم شارەدا،
بۆت نەگەڕێم،
ئەرێ لەکوێی تەریوەژن؟
بۆ هاتی و
بۆ ئاوا بووی؟
لەیەک کاتدا،
ئاگر و
هەم ڕەشەبا بووی!!
خەم بۆ گەڕانەوەت ناخۆم،
حەسرەتی ڕۆیشتنت نیم،
ئەو نامانەم بنێرەوە،
کە لە نێو مەمکەکانتدا هەڵتگرتوون..
هەنگی ئەو ماچانە مەمرێنە،
کە عەبامێکە،
بە لیمۆی لێوەکانتەوە نیشتوون.
***
هەموو لەحزەیەک عاشقم و،
چواردەی دوو، بۆ من نییە..
ئاخۆ ئەو پیاوە چۆن دەژی ،
کە ڕۆحی کوورەخانەی ڤینی ژن نییە!!
***
ئەو بۆنە چییە مەست و حەیرانی کردووم و
نەست و ناخ و دەماغمی تەنیوە؟!
دەڵێن بۆنی ژنێکی ڕۆمانسییە و
قەدەرێکە بەو هەواوە تێپەڕیوە..
ئەرێ بۆنی ژن لە چی دەچێ؟
ڕەشە ڕەیحان،
یا گوڵەکێویلەی کوێستان؟!
***
عەییارە و
دەزانێ هەمیشە چۆلەکەی نیگام،
وێڵی دوای گوڵە گەنمی باڵای ئەوە،
ڕۆژێ سەدجار،
بە گوڵە گەنمی باڵای دەمسووتێنێ و
خۆڵەمێشەکەشم ئێوە خۆش!!
***
بەچاو گوتی: حەزم لێتە،
ئەی چاو،
نمایندەی ڕۆحە!!
***
دێت و
جوانانە دڵ دەسووتێنێ..
دەڕوا و،
لەو جوانتر،
ژیانم لە خم هەڵدێنێ..
***
وەک باڵندەی سەرمابردە،
لە نێو باوەشیدا مەست دەبووم و
دەمردم..
ئێستاش بیری باوەش و
هەرمێی ماچەکانی دەکەم..
ئێستاش کە جوانێکی وەکوو ئەو
دەبینم..
دەتاسێم و ڕادەچڵەکێم..
بەهەمان یاد و تاسەوە،
گڕ دەمگرێ و،
بە حەسرەتەوە دەسووتێم!!

# (قەپێلک)



جەلادەکان بەو دیمەنانە شادومان دەبن، چونکە داماڵراون لە هەموو هەست و سۆزێکی مرۆڤانە و بوونەتە ڕۆبۆتێک، ئیدی لە ئازاردانی ئەو زیندانییانە، نەک هەر چێژ دەبینن، بەڵکو هەست بە پاڵەوانێتی و سەرکەوتن دەکەن. بۆیە چەند دڕەندانەترین شێوەکانی ئەشکەنجەدان بەرامبەر بە زیندانییەکان تاقی بکەنەوە، ئەوەندە زیاتر هەست بە خۆشی دەکەن. تا ئەو ڕادەیەی هەرچی نزمترین ئاستی شکاندنی مرۆڤەکانە، بەزیندانیەکانی دەکەن.

پاڵەوانی ڕۆمانەکە، هەموو ئەو دیمەنە قێزەونانە دەبینێت کە مرۆڤەکان بەرامبەر بە هاوشوناسەکانیانی دەکەن، تەنیا لەسۆنگەی ئەوەی بە تۆمەتێک گیراون. تەنانەت هەندێکیان بێتاوانیشن، بەڵام سەلماندنی بێتاوانیی کەسێک لە زیندانەکانی بەعسدا چ بایەخێکی دەبێت؟

پاڵەوانی ڕۆمانەکە ناچارە هاوشێوەی زیندەوەرێک بچێتەوە نێو قەپێلکەکەی و ڕۆژانە بەدیار ئەو دیمەنانەوە، قێز لە مرۆڤبوونی خۆی بکاتەوە و بپرسێت: بەڕاست ئەو چ بوونەوەرێکە؟

گرفتی پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەر تەنیا ئەوە نییە کە پیاوانی ئاسایش تۆمەتێکی کۆمیدییان داوەتە پاڵی گوایە سەر بە (ئیخوان موسلمینە) و بەو هۆیەوە زیندانی دەکرێت، بەڵکو کارەسات لەوەدایە کە ئەو لە زیندانیش بەهۆی ئەوەی بە ئایین ئیسلام نییە، لەلایەن هاوزیندانیەکانییەوە دەچەوسێنرێتەوە، هەندێکیان بە سیخوڕ و هەندێکیان بەکافری دەزانن. تا ئەو ڕادەیەی لەلایەن ئەبو قەعقاعەوە، هەوڵی کوشتنی دەدرێت. بەڵام هەموو ئەو ترس و هەڕەشانە نابنە هۆی ئەوەی دەستبەرداری ئایینی خۆی بێت. لێرەوەش ئەگەر زیندانییەکانی دیکە جارێک بچەوسێنرێنەوە، ئەوا ڕۆماننووس دووجار دەچەوسێنرێتەوە. جارێکیان لەبەر بیروڕای سیاسی، جارێکی دیکەیان لەبەر جیاوازیی ئایین. لە کاتێکدا زیندانیەکان هەموویان یەک چارەنووس و یەک ژیانیان هەیە و وەکو یەک ئازارەکانی زیندان دەبینن، کەچی وێڕای ئەمەش پاڵەوانی ڕۆمانەکە باجی مەسیحیبوونی دەدات.

ڕۆماننووس کە وا بڕیار بوو، هەر تەنیا بۆ چەند خولەکێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئەو چەند خولەکە دەبنە سیانزەساڵی تەواو. سیانزە ساڵ لە زیندانێکدا ژیان دەباتە سەر کە هەرچی شێوەکانی ئەشکەنجەدان هەیە دەیبینێت. ئەمە وێڕای سەرما و برسێتی و گەرمای هاوین و لە هەمووشی ترسناکتر، کوشتن و لە سێدارەدانی زیندانییەکان کە هەموو بەیانییەکی ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە جێبەجێ دەکرێت بەبێ هیچ جۆرە ڕێوشوێنێکی دادوەرانە، بەڵکو هەر کاتێک مەبەستیان بوو، لیستێک لەناوی زیندانییەکان دەخوێننەوە و لە بەیانییەکی زوودا، فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێت. دادگاییکردنەکە، وەک پاڵەوانی ڕۆمانەکە باسی دەکات، زیاتر لە خولەکێک ناخایەنێت و لە زیندانییەکە دەپرسن: (تۆ فلانی کوڕی فلانی؟ بەڵێ گەورەم. ئیعدام). یەکێ لەو دیمەنە دڵتەزێنانەی ڕۆماننووس لەو ساڵانەدا بینیویەتی و لە ڕۆمانەکەیدا باسی دەکات، چیرۆکی خێزانێکە کە لە باوک و چەند کوڕێک پێکهاتوون و هەموویان پێکەوە بەند کراون. پیاوانی ڕژێم زۆر دڵڕەقانە داوا لە باوکەکە دەکەن خۆی سەرپشک بێ و ناوی کوڕەکانی بۆ لەسێدارەدان بڵێت. تا دواجار هەموو کوڕەکانی لەسێدارە دەدرێن و خۆیشی دواتر بەهۆی ئەو خەمە قووڵەوە، وێڕای تێکچوونی باری دەروونی، دەمرێت. ڕۆماننووس لەو ساڵانەی زینداندا، چەندین دیمەن و ڕووداوی دڵتەزێن، لە کوشتن و برسیکردن و لە سێدارەدان دەبینێت. بەم جۆرە سیانزە ساڵ بە دیار ئەو دیمەنانەوە دەباتە سەر. تا سەرئەنجام لەڕێی برا و خاڵەکانی و دوای هەوڵێکی زۆر بێ پاکانەکردن، لە زیندان ئازاد دەبێت. بەڵام ژیانی دوای زیندان بۆ ئەو هیچ جۆرە مانایەکی جیاوازی نییە لەگەڵ ژیانی زینداندا. بە پێچەوانەوە وا هەست دەکات لە زیندانێکی بچووکەوە بۆ زیندانێکی گەورە و لە قەپێلکێکی بچووکەوە چووەتە نێو قەپێلکێکی گەورە. دوای ئازادبوونی لە ماوەی ئەو سیانزە ساڵەدا، زۆر شت ڕوویانداوە: دایک و باوکی مردوون. ڕۆماننووس بە تاسەیەکی زۆرەوە، دوای ئازادبوونی دەڵێ: (نیوەی ژیانم دەبەخشم بەرامبەر بەوەی پێنج خولەک سەر بخەمە سەر سنگی دایکم لا 386) دوای ئازار و ئەشکەنجەی زیندان، پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەر ژیانی دوای زیندان دەکەوێت. بەڵام ئەو ژیانە بۆ ئەو دوای لەدەستدانی دایک و باوکی و ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی، هیچ مانایەکی نییە. بۆیە دوای ئازادبوونیشی هەمیشە هەست دەکات لە زیندانێکی گەورەتردایە. بە تەنیا دەژیت و گۆشەگیر دەبێت و دواڕۆژێک نابینێ. بۆیە دەڵێت: (هەمیشە وا هەست دەکەم، ئەوان دنیای خۆیان هەیە و منیش دنیای خۆم. من هەرگیز سەر بە دنیای ئەوان نیم).

ئەمە دەریدەخات کە زیندانیکردن لەو وڵاتانەدا، هەرگیز پرۆسەیەک نییە بۆ چاکسازیی زیندانییەکان و گێڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگە، بەقەد ئەوەی شوێنێکە بۆ لەمرۆڤخستن. ئەم ڕۆمانە، هەر تەنیا ڕادەی دڵڕەقی و بێبەزەیی کەسانێکمان نیشان نادات، بەڵکو دیوی گاڵتەجاڕانەی دادوەری لەو وڵاتانە و بێ بەهاکردنی مرۆڤ و ستەم و چەوساندنەوەی هاووڵاتیان لەبری خزمەتکردنیان دەردەخات. ئەو ڕۆمانە، دیوە ڕاستەقینەکەی ژیانی مرۆڤە لە سووریا. دیوێکی شاراوەی تژی لە دڵڕەقی و بێویژدانی و بێبەهاکردنی مرۆڤ.

*قەپێلک، ناوی ڕۆمانێکی نووسەری سووری (مستەفا خەلیفەیە) و لەلایەن (هەورامان وریا قانع) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ناوەندی ئەندێشە چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

# قابیل و ئینجیل



حەمەسەعید حەسەن

خۆسیە ساراماگۆ (1922 — 2010) کە 1998 نۆبێڵی لە ئەدەبدا وەرگرتووە و ڕەنگە بەناوبانگترین ڕۆمانی (نابینایی) بێت، گەلێک ڕۆمانیشی بە پشتبەستن بە ئایین و ئەفسانە نووسیوە، لەوانە (ئینجیل لەسەر زاری مەسیحەوە) کە بریتییە لە دووبارە گێڕانەوەی ژیاننامەی عیسا، بە شێوازی تایبەت بە خۆی کە عیسای وەک ئینسانێکی ئاسایی وێنە کێشاوە، ئینسانێک کە هەم خواست و ئارەزووی هەیە و هەم ترس و دڵەڕاوکێ. ساراماگۆ لەو کارەیشیدا ڕۆمانی نووسیوە، دیرۆکی نەگێڕاوەتەوە، لایەنی ئینسانی گرتووە، نەک (سەروەر) بایەخی بەم دونیا و بە زەوین داوە، نەک بە غەیب و بە ئاسمان.

ساراماگۆ کە کۆمۆنیستێکی دژە جیهانگیری بوو، لە ڕۆمانی (لەسەر زاری مەسیحەوە)دا، بە دوو باڵی خەیاڵ و دیرۆک، دەفڕێت و قەڵای بیر و بۆچوونە جێگیرەکان دەڕووخێنێت، پرسیار و گومان دەورووژێنێت و ئەو ڕابردووە ڕیسوا دەکات کە بە ناوی ئایینەوە ئەو هەموو خوێنە ڕژاوە، ئاخر لای ئەو ئینسان بۆ ئەوە نەخوڵقاوە لە پێناوی ئیماندا بکوژرێت، بۆ ئەوە هاتووەتە دونیاوە، بژی و چێژ لە خۆشییەکانی ژیان وەربگرێت.

ساراماگۆ لە ڕۆمانی (ئینجیل لەسەر زاری مەسیحەوە)دا، لەنێو بەلەمێکی ڕاودا، بۆ ماوەی چل ڕۆژ، لە ناوەندی زەریایەکدا، مەسیح و شەیتان و سەروەر کۆدەکاتەوە. سەروەر هەوڵ دەدات مەسیح بەوە قایل بکات کە بە چارەنووسی خۆی ڕازی ببێت، چونکە تەنیا بەو قەدەرە، شکۆمەندی و نەمریی مسۆگەر دەکات. لە (گوتوبێژ)ەکاندا، ئەوە تەنیا سەروەرە دەپەیڤێت، بەڵام مەسیح تەنیا پرسیاری لێ دەکات، پرسیاری ئاسایی و ئینسانی، لەو پرسیارانەی هەر مرۆڤێکی ئاسایی ئەم سەر زەوینە دەیکەن، وەک:

(ئایا دوای لە خاچدانی من، چی ڕوو دەدات؟
بۆ سەرکەوتنی ئایین، چەند جەنگ و چەند ڕووباری خوێن پێویستن؟)

شەیتان کە گوێی لە ڕووباری خوێن دەبێت، دەترسێت و بە سەروەر دەڵێت: (من ناتوانم ئۆباڵی ئەو هەموو خوێنە وەئەستۆ بگرم، بۆیە پێشنیار دەکەم، من بسڕنەوە و لە بوون فڕێم بدەنە دەرەوە!) پێشنیارەکەی شەیتان، بەو پاساوەی شەیتان و سەروەر دووانەیەکن، لێک جیا ناکرێنەوە و بزربوونی هەر یەکێکیان بزربوونی ئەوەی تریشیانە، ڕەت دەکرێتەوە. لای جوولەکە و گاور، سەروەر بە مانای لە هەر کوێ ستەم هەبێت، (لەوێ دەبم) دێت، کە مەسیح لە خاچ دەدرێت و سەروەر بە هانایەوە ناچێت، وا هەست دەکات فریو دراوە و دەڵێت: (خەڵکینە لە سەروەر ببوورن، ئاخر نازانێت خەریکی چییە!)

کە ئەو ڕۆمانە سەرەتای ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو بڵاو دەبێتەوە، کاردانەوەی توندی بە دوادا دێت، هەم لە لایەن کەنیسەوە، هەم لە لایەن کۆنپارێزانەوە و هەم لە لایەن دەسەڵاتدارانی پورتوگالیشەوە، ئیدی ساراماگۆ وەک دەربرینی نارەزایی، بۆ تاراوگە، بۆ یەکێک لە دوورگەکانی کەناری، هەڵدێت و تا کۆتایی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە.

(نیکۆس کازانزاکی)یش (1883 — 1957) ڕۆمانێکی هەیە، ناوی لێ ناوە: (دوا فریودانی مەسیح،) جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕۆمانی (ئینجیل لەسەر زاری مەسیحەوە)ی ساراماگۆدا ئەوەیە، کازانزاکی لە هەوڵی ئەوەدایە، مەسیح بەرەو ڕەها، بەرەو ئاسمان و بەرەو لای خودا ببات، بەڵام ساراماگۆ سەرقاڵی ئەوەیە، مەسیح بکاتەوە بە ئینسانێکی ئاسایی، بەرگی پیرۆزیی لە چیرۆکە ئایینییەکان دابماڵێت و سەرلەنوێ دایانبڕێژێتەوە. تەقەلای ساراماگۆ بۆ ئەوەبوو، ئینسان لە هەژموونی وەهم ڕزگاری ببێت و ئاکاری دونیایی کە ڕێز لە ئینسان بگرێت، جێی ڕەوشتی ئایینی، کە ئینسان بە کۆیلە دەکات، بگرێتەوە.

قایین، کە لای ئیسلام بە قابیل ناوی هاتووە، ڕۆمانێکی دیکەی ساراماگۆیە، (گێڕانەوەیەکی جیاوازە) بۆ تەورات و باس لە وێڵبوون و بزربوونی قابیل دەکات کە لە دوای کوشتنی هابیلی برایەوە، بەر نەفرەتی خوداوەند دەکەوێت. قابیل لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا، ئەبراهام دەبینێت کە خەریکە ئیسحاقی کوڕی بکاتە قوربانی بۆ سەروەر. ئیسحاق کە ڕزگاری دەبێت، لە بابی دەپرسێت: کە هیچ زیانێکم بۆ تۆ نەبووە و کوڕی تاقانەی تۆم، بۆچی دەتویست وەکوو بەرخ سەرم ببڕیت؟ کوڕم ئەوە خواستی من نەبوو، هیی (سەروەر)مان بوو کە دەیویست لە پتەویی باوەڕ و لە گوێڕایەڵی و ملکەچیم دڵنیا ببێت. ئەو سەروەرە کێیە کە داوا لە باب دەکات، کوڕی سەرببڕێت؟ باوکە من لەو ئایینە تێناگەم. کوڕم تێبگە، چونگە ڕێگەچارەیەکی ترت نییە.

نووسەر کە لایەنی ئینسان دەگرێت، مێژوو وەک ململانێی نێوان خەڵک و سەروەر پیشان دەدات کە لەگەڵ یەکدا ناگونجێن و لە یەکتری حاڵیی نابن. خەڵک قوللەی بابل ڕۆ دەنێن تا پێی بگەنە ئاسمان، سەروەر دەیڕووخێنێت، خەڵک لە بناری چیای (سینا)دا، گوێرەکەی زێڕین دەپەرستن، بەر نەفرەتی سەروەر دەکەون، خەڵک شوورە بە دەوری شاری ئەریحادا ڕۆ دەنێن، سەروەر شوورەیان دەڕووخێنێت، شاریان وێران و خۆیان قڕ دەکات. ئەوەیش بۆ خۆی پارادۆکسێکە، قابیل لەسەر کوشتنی تاقە کەسێک، توندترین سزا دەدرێت، کەچی لە پێناوی ئیماندا، ڕووباری خوێن هەر هاژەی دێت!

لە (قایین)دا، کار لەسەر دووانەی گوناە و سزا دەکرێت. ڕۆمانەکە پشتی بە گێڕانەوە گەورەکان قایمە، بەڵام نەک وەکوو لە سەرچاوە دێرینەکاندا هاتوون، بەڵکوو بە فۆرمی نوێ و ناوەڕۆکی جیاوازەوە، ئاخر ساراماگۆ لە داروپەردووی کەلاوەکانی مێژوو، تەلاری مۆدێرنی ڕۆناوە. لە ڕۆمانی (قایین)یشدا خەیاڵ سوریالییانە دەخرێتە گەڕ و وەک زۆر لە ئیشەکانی دیکەی، کۆمێدیای ڕەش و بە تەوسەوە پەیڤین، پانتاییەکی بەرینیان داگیر کردووە.

2016/1/1
هەولێر

(1) خوسیە ساراماغو، الإنجیل یرویە المسیح، ترجمە: سهیل نجم.
(2) خوسیە ساراماغو، قایین، ترجمە: صالح علمانی، دار دال ٢٠١١ دمشق.
(3) عبدالمجید الحسیب، المتخیل الدینی عند البرتغالی ساراماغو.

# فیلمی (خانە دختر) و گێڕانەوەیەکی جیاوازی کۆمەڵگەی ئێرانی

ڕووداو- هەولێر

فیلمی سینەمایی (خانە دختر) ، لایەنی شاراوەی ژیانی کچێک لە کۆمەڵگای ئێرانیدا ئاشکرا دەکات کە باسکردنی لە سینەمای ناوخۆی ئێراندا ڕێگەپێدراو نییە، بۆیە پەخشکردنی لە سینەماکانی ئێران لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەو وڵاتەوە قەدەغە کرا.

فیلمی (خانە دختر) لە فێستیڤاڵی ساڵانەی فیلمی فەجری ئێراندا مشتومڕی زۆری لەبارەوە هاتە ئارا و تەلەفزیۆنی ئێران لە ڕاپۆرتێکدا لەوبارەیەوە گوتی: "نزیکەی هەموو بینەرانی فیلمی (خانەی دختر) پێیانوایە ناوەڕۆکەکەی نائەخلاقییە و بە پێچەوانەی دابونەریتی کۆمەڵایەتیی ئێران و کۆمەڵگای ئیسلامییە".

فیلمی (خانە دختر) کە سیناریۆی پەرویز شەهبازی و دەرهێنانی شەهرام شاە حوسێنییە، بەهۆی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەیەوە کاردانەوەی زۆری بەدوادا هات.

(خانەی دختر) چیرۆکی کچێک دەگێڕێتەوە کە ناوی بەهارە و لە منداڵیدا لەلایەن باوکی خۆیەوە دەستدرێژیی کراوەتە سەر. بەهار دەیەوێت لەگەڵ کوڕێک زەماوەند بکات کە داوای لێ دەکات بەڵگەی کچێنی بۆ ببات و پێی بسەلمێنێ کە کچێنی لەدەست نەداوە، بەڵام بەهار لە ئاشکرابوونی مەترسیدارترین نهێنیی ژیانی خۆی دەترسێ.

فیلمەکە هەندێک دیمەن پێشان دەدات کە گوزارشت لە بوونی دەستدرێژی لەناو خێزانی ئێرانیدا دەکات .

لە بەرامبەردا، دەرهێنەری (خانەی دختر) هەر جۆرە تۆمەتبارکردنێکی ئەخلاقیی فیلمەکەی ڕەت دەکاتەوە و لە هەڤپەیڤینی لەگەڵ ئاژانسی ئیسنای ئێرانیدا دەڵێت: "بە پێچەوانەوە، فیلمەکەی ئێمە هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجە ئەخلاقییەکان" و داوا دەکات بەرهەمە سینەماییەکەی نەکرێتە قوربانیی باڵباڵێنی سیاسی لایەنەکان .

وێبسایتی (جیهان نیوز) کە سەر بە ڕەوتی موحافزکاری ئێرانە، لە وتارێکی ڕەخنەگرانەدا لەبارەی (خانە دختر) نووسیویەتی، فیلمەکە پێناسەی سینەمای ئەمساڵی ئێران لە سەرەولێژبوونی خێزان و کۆمەڵگەی ئێرانی دەخاتەڕوو، کۆمەڵگەیەک کە تیایدا پیاوەکانی هەوڵ دەدەن غیرەتی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن یان بە واتایەکی دیکە ڕاهێنانی وازهێنان لە غیرەت بکەن، لەو پێناوەیشدا خۆیان ڕوو دەکەنە بێدەنگبوون و داوای نەبیستنیش لە کەسانی دەوروپشتیان دەکەن کە قۆناغێکی دژوارە بۆ ئەو پیاوانە، قۆناغێک کە دەیانەوێت لەسەر حسابی پێگەی ژنی ئێرانی تێپەڕی بکەن".

(خانەی دختر) بۆ یەکەمجار لە مانگی کانوونی دووەمی 2015 لە فێستیڤاڵی فیلمی فەجری ئێراندا نمایش کرا، بەڵام ڕێگەی نەدرا بچێتە سەر شاشەی سینەماکان.





گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# تەمبەڵسازی

دوای چارەکە سەدەیەک لە حوکمڕانی و تەمبەڵسازی، ئیدی دەستدەکەین بە چاکسازی، بیست و پێنج ساڵە ئەم میللەتە فێری ئەوە دەکرێت دەست لە حکومەت پان بکاتەوە، تا حکومەت فلسی پێنەما و ئێستا حکومەت خۆی دەستی پان دەکاتەوە. چارەکە سەدەیەکە خێرەومەندێ نەبوو بڵێ با ئەم خەڵکە فێری کار و بەرهەم بکەین نەک مووچەی بندیوار. ئاخر خۆ دەرکەوت ئەو هەموو مووچەبەخشینە بۆ دەنگکڕینیش نەبوو، ئەی ئەوە نییە ئەنجامی هەڵبژاردن هەرچییەک بێ، میسقاڵە زەڕڕەیەک دۆخ و دەموچاوەکان ناگۆڕێ! لە ئەنجامی سیاسەتی حەکیمانەوە ئێستاکێ ئیتر خەڵک سەلاجەکانیان دەفرۆشن، حکومەتیش وەزارەتەکانی، ئاخر کە کاری سەرەکیی حکومەت دابەشکردنی مووچە و دەرماڵە بێ، خۆ ئەمە بە موحاسیبێکی دەرەجە چواریش دەکرا قەزاو لە من کەوێ.

سووریا داری بەسەر بەردییەوە نەماوە، کەچی هەنار و تەرەپیاز و دەرمان بە قاچاخ هەناردەی کوردستان دەکا. کوردستانیش کە دوو گێڕی مابوو دوبەی تێپەڕێنێ، گەنجەکانی خۆی بە قاچاخ رەوانەی ئەورووپا دەکا. باشترین هەلی کار بۆ دەرچوویەکی زانستگە لە کوردستانی ئاوەدان و نەوتداردا، فرۆشتنی کارتی مۆبایلە.

دوای چارەکە سەدەیەک لە حوکمڕانی، لەبری ئەوەی ئێمەش وەک ئەو خەڵکە سەری ساڵ بکەین، بنی مانگمان بەڕێ دەکرد. دەڵێن بەشێکی دیار لە بەرپرسانی کورد، قومارچین، زۆر جاران ئەم و ئەویان لەم و لەو گازینۆ بینیون، باسیش لە ملیۆن و شتی وا دەکەن، تەبعەن بە دۆڕان، کەوابێ ئێمە لە هەناردەکردنی سێ شت بۆ دەرەوە دەستی باڵامان هەیە: نەوت و گەنج و پارە.
ژمارەی دانیشتووانی جۆرجیا تازەکی گەیشتووەتە چوار ملیۆن و نیو، یانی شتێ لە ئێمە کەمتر، ئەوانیش ساڵی نەوەت و یەک لە سۆڤیەتستان سەربەخۆ بوون، یانی شتێ لەبابەتی ئەوەی ئێمە. هەندێکیان نەوت و غاز هەیە، ئەویشیان هەر شتێ لە ئێمە کەمتر. بانکی نێودەوڵەتی، لە ریزبەندی ئەو وڵاتانەی چاکسازیی ئابووری پەیڕەو دەکەن، ژمارە یەکی بە جۆرجیا بەخشیوە. ئاخر ئەوان تەنیا لە ماوەی یەک ساڵدا، وەک وڵاتێک بۆ ئاسانکاریی هەلی کار لە 112ەوە بوون بە 18هەمین. بە هەندێک رێکخستنەوەی باج و ئابووری، لە 2004دا داهاتی نێوخۆییان چوار هێندە زیاد کرد و کورتهێنانی بودجەیان گەیاندە ئاستێک داهات لە بودجە پتر بوو.
ئەو جۆرجیایە ناوی (گورج) ستانە، ئاخر گورجوگۆڵانە وڵاتەکەیان دروست کرد، ئەزموونەکەی ئێمەش تەمبەڵستانە و لە ئەزموونەکەی گورجستانیش تا ئێستا هەر چاومان لە مەساجەکەیەتی.



عارف قوربانی

# داعش روو دەکاتەوە کوردستان

بەشی زۆری ململانێی ئێستای زلهێزەکان، لەسەر سەرچاوەکانی ئابووریی جیهانە. ئەگەر سەدەی رابردوو ململانێ لەسەر کۆنترۆڵکردنی نرخ و بازاڕ بوو، مۆدێلی ئێستا دەستگەیشتنە بەخودی سەرچاوەکان. یەکێک لەو کەرتە گرنگانەی زۆرترین سەرنجی لەسەرە، کەرتی وزەیە کە بۆ ئەمڕۆ بووەتە پێویستییەکی ژیان و پێویستییەکی جیهانی. بەڵام سەرچاوەکانی ئەم کەرتە زۆر و بەرفراوان نین، بەڵکوو لە چەند زۆنێکی گۆی زەوی کۆبوونەتەوە.
ئەمە وادەکات کێشە و ململانێکان بەرەو ئەو زۆنانە ببرێن کە سەرچاوەی سەرەکیی وزەن لە جیهاندا. لەلایەک بۆ کەڵک وەرگرتن لێیان و لەلایەکیش وەک کارتی گوشار و هەڕەشە لە ململانێکانی نێوانیاندا بەکاردەبرێ.
هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوەندە گرنگانەی جیهان کە وزەیەکی ئێجگار زۆریان تێدا کۆبووەتەوە و بە باشترین جۆرەکانی نەوت و غاز دادەنرێن و بەشی پێویستیی چەند دەیەیەکی هەموو جیهان دەکات. بۆیە هەرێمی کوردستان لە ئایندەی هاوکێشە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکان و لە ململانێ و شەڕ و ناکۆکییەکاندا جەمسەرێکی گەورە دەبێت.
بە هاتنە ناوەوەی رووسیا لە کێشەو ناکۆکییە ناوخۆییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات، سەرلەنوێ دابەشبوونەوەی جیهان بەسەر دوو جەمسەردا رەنگیداوەتەوە و لە داهاتووی نزیکدا ئەم دابەشکارییە زیاتر پەرەدەسێنێ و هەر وڵاتە و رەنگی خۆی وەردەگرێت، تا ئەو ساتەش کە وڵاتەکان بە تەواوی یەکلایی دەبنەوە، ناکۆکییەکان و پەلهاویشتن بۆ پچڕینی زۆرترین پشک لەو دابەشکارییە زیاتر دەبن.
بوونی ئەو عەمبارە گەورەیەی وزە (غاز) لە هەرێمی کوردستان و ساغنەبوونەوەی کوردستان وەک پشکی کام لایەن لەم دوو جەمسەرە، وادەکات هەرێمەکەمان بەیەکێک لە سەرنجڕاکێشترین زۆن تەماشا بکرێت لەم هاوکێشە تازانەدا و زۆرترین ململانێکان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبن. چونکە سەرچاوەکانی کەڵەکەبوونی ئەم پێویستیە جیهانییە کە لانیکەم سەرچاوەی ململانێکانی نیوەی ئەم سەدەیە دەبن، لە چەند ناوچەیەکی جوگرافی دەرکەوتوون کە لەدوای رووسیا و ئێران و قەتەر، کوردستان کێڵگەیەکی دەوڵەمەندی دەستلێنەدراوە.
رووسیا بە دەستگرتن بەسەر یەکێک لە دەوڵەمەنترین سەرچاوەکانی غازی جیهان لە (ئۆکراینا)، لەلایەک خۆی کرد بە سەرچاوەیەکی بەهێزی دەستەبەری وزەی جیهان، وەک بنەمایەک بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئابووری بازاڕێکی زۆری بۆ ساغکردنەوەی ئەم سەرچاوەیە دەستەبەر کردووە و لەلایەکیش لەڕووی سیاسییەوە دەستی خستووەتە بینەقاقای ئەورووپا، لەدوای کێشەکانی لەگەڵ تورکیا بەهۆی سووریاوە، ئابڵوقەی خستووەتە سەر تورکیا. هەروەها بەهۆی ئابڵوقەی جیهانەوە لەسەر ئێران، رووسیا دەیەوێ ئەگەر تاکە سەرچاوەی دابینکردنی غاز نەبێت، لانیکەم سەرچاوەی یەکلاکەرەوە بێت.
لە بەرامبەر ئەوەدا، ئەورووپا بەدوای بەدیلی تردا وێڵن، چاویان بڕیوەتە هەرێمی کوردستان، یەکێک لە هۆکارەکانی پشتیوانیی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان بۆ شەڕی دژ بە داعش، ئەو ئومێدەیانە بۆ پێویستیی ئارامی و سەقامگیری لە سەرچاوەی وزە لەم ناوچەیە. لەم دۆخەدا بەبێ خواستی خۆمان کوردستان دەکەوێتە بەردەم دوو شەپۆل کە یەکیان دەیەوێ سەقامگیری و ئاسایشی ئەم ناوچەیە پارێزراو بێت، وەک ناوەندێکی جێی ئومێد بۆ دەستەبەری سەرچاوەی وزەی بەدیل. ئەوی دیکەیان بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت لە دروستکردنی کەشێکی نائارام تا رۆژئاوا دەستی بەم سەرچاوەیە نەگات. ئەم دوو شەپۆلە هەردووکیان لە چوارچێوەی تاکتیک و سیاسەتی دەوڵەتیدان و دەکەوێتە سەر ژیرانە مامەڵەکردنی کورد خۆی کە چۆن مامەڵە دەکات لەگەڵ ئەم هاوکێشە تازەیە، لەکوێدا بە قازانجی بەهێزکردنی پێگەی خۆی بەکاری دەبات و لەکوێ تەسلیم بە قەدەری ناکۆکیەکان دەبێت.
بەڵام ئەوەی لێی دەترسم و رەنگدانەوەی مەترسیداری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، بەشداریی داعشە لەو ململانێ و ناکۆکی و جەمسەربەندیانە کە روو لە ناوچەکەی ئێمەن. ئەگەر راستەوخۆ و بە هەماهەنگیش نەبێت، دڵنیام داعش خۆی لەو هاوکێشە تازەیە هەڵدەقورتێنێ و بۆ لێدان لە ستراتیژی رۆژئاوا لەم ناوچەیە و بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان جەمسەرەکان، هەوڵی ئەوە دەدات ئەویش دەستی بە سەرچاوەکانی وزە بگات، یان بەشی ئەوە ناسەقامگیری دروست بکات کە هەرێمی کوردستان نەتوانێ ببێتە جێی ئومێدی ئەو خەونەی رۆژئاوا. بەدوور نازانرێت لە ئێستا بەدواوە لەگەڵ قووڵبوونەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و زیاتر ئاڵۆزبوونی ئەم ناوچەیە، داعش پەلامارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئەو ناوەندانەی سەرچاوەی وزەن لە کوردستان، زیاتر بکات. بەتایبەتیش لە دەوروبەری کەرکوکەوە تا کێڵگەی شێخان.
بۆیە لێرەوە دەخوازم هەرێمی کوردستان دوو شت بکات، یەکەمیان بەهێزکردنی پێگەی خۆیەتی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانە کە بەرهەمهێنەری ناسەقامگیرین لە کوردستان. بێگومان رێکخستنەوەی ناوماڵی کورد مەرجێکی سەرەکیی سەرکەوتنێتی، دەبێت پێش هەر شت ئەو درز و کەلێنانە نەهێڵین کە لەناو ماڵەکەی خۆمان هەن. دووەم ئەرکی پێویست ئەوەیە زوو وڵاتە هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان لەو مەترسیە بەئاگابێنێتەوە کە ئەمساڵ دۆخێکی هەستیار دەبێت بۆ ئەوانیش، دەبێت رۆڵی زیاتر بگێڕن لە بەهێزکردنی پێگەی کورد و یارمەتیدەرمان بن لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و رەوینەوەی هەر مەترسییەک کە بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. چونکە بە تێکشکانی هەرێمی کوردستان، یاخود قبوڵکردنی واقیعێکی ناسەقامگیر لەم زۆنە، رۆژئاوا دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی تاک جەمسەریی لە دەستەبەرکردنی سەرچاوەی وزەی جیهانی. لێکەوتەو کاریگەرییەکانی ئەو پابەندبوونەش لە هەڕەشە و مەترسیەکانی راستەخۆی تیرۆر بۆ سەر ژیانی رۆژئاواییەکان کەمتر نابن. بۆیە ئەرکی سەرەکیی ئەمریکا و ئەورووپا لەم قۆناغەدا پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستانە بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و گەیشتن بە دەستەبەری یاسایی و نێودەوڵەتی لە پاراستنی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی وزەبەخش، کە پشتیوانیکردنە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بەمەرجی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژی لەگەڵ رۆژئاوا.



ناکۆ محەممەد

# کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی کوردستان

داعش بە هێرشی لەناکاو و زۆر بەخێرایی ، بە مرۆڤکوژییەکی زۆر لە سەردەمی خێرایی گەیاندن و ڤیدیۆدا، هەموو جیهانی شڵەژاند و ترساند. بەشێوەیەک لەماوەی یەک ساڵدا ترس لە داعش هەموو ماڵێکی جیهانی گرتەوە، بەتایبەتی کە نیوەی خاکی سووریا ، سێ لە گەورەترین پارێزگاکانی عێراقی گرت، هێرشەکانی گەیشتنە ئوسترالیا ، فەرەنسا و ئەمریکا و زۆر شوێنی دیکەی جیهان ، هەروەها لە لیبیا ، یەمەن و زۆر شوێنی دیکەی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست شوێنپێی خۆی کردەوە . ئەوەی ئەو ترسەی شکاند ، پێشمەرگە بوو، بەڵام رەوشی خراپی پێشمەرگە مایەی شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ جیهان .
هاوینی ساڵی رابردوو کاتێک لە پەرلەمانی ئەورووپا ، ئەندامێکی پەرلەمانی ئەورووپا، دوای گوێگرتن لە باسێکی رەوشی ژیانی پێشمەرگە و کەم چەکییەکەی، هەستایە سەرپێ و گوتی " ئەوە سکانداڵێکی گەورەیە بۆ ئەورووپا " . ئەوە گوزارشتێکی راست بوو لە بەرامبەر هەڵوێستی ئەورووپا و جیهان بەگشتی ، لە ئاست ئەوەی لەنێوان جیهان و کوردستاندا دەگوزەرێت .
فرۆکە جەنگییەکان و یارمەتییە دیاریکراوەکانیش بە چەک و شارەزایی سەربازیی بۆ پێشمەرگە ، رۆڵێکی گرنگیان هەبوو بە وەرەبەخشینەوە بە پێشمەرگە و یارمەتیدەرێکی گرنگی سەرکەوتنی پێشمەرگە بوون لە شکاندنی داعشدا ، بەڵام ئەوەی داعشی بەڕاستی لەسەر زەوی شکاند پێشمەرگە بوو، ئەو شکاندنە تائێستا بە خوێن و گیانبەخشینی 1300 پێشمەرگە لە باشووری کوردستان و خوێنێکی زۆرتری شەڕڤانانی کورد بووە لە رۆژئاوای کوردستان .
راگرتنی هێرشی داعش لە باشووری کوردستان ، ئینجاش تێکشکاندنی لەلایەن پێشمەرگەوە ، بەتایبەتیش لە زوممار و دواتریش لە شنگال بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە ، وەرەی بەخشییە ئەو سوپایەی عێراق کە یەک ساڵ بوو نەیدەتوانی شارۆچکەی بێجی بگرێتەوە نەک شاری رومادی، وەرەی داعشی لە کۆبانێ تێکشاند و لە سووریاش هەروەها و سەرنجڕاکیشیی داعشی لەلای بەشێکی زۆری گەنجە موسڵمانە ئەورووپا و ئەمریکانشینەکان نەهێشت ، کە ببوونە بۆمبی تەوقیتکراو بۆ تەقینەوە بە جیهانی رۆژئاوادا .
ئەوەی هەناسەیەکی ئارامی دایەوە بە جیهان پێشمەرگە بوو، کە بە چەکێکی کەم و کۆن ، بە گیرفانێکی بەتاڵ و مووچەیەکی 500 دۆلاری بەری لەو هێزە گرتووە کە لەلای کەرکووک هاواریان دەکرد " خۆت بگرە رۆما و پاریس هێزی دەوڵەتی ئیسلامیت پێدەگات " . هەر ئێستاش پێشمەرگە بەر لە داعش بەربدات یاخود لەبەرامبەر داعشدا بشکێت ، بەیەک رۆژ داعش دەتوانێت تکریت و رومادی بگرێتەوەو ببێتەوە بەوهێزەی مەترسییەکەی هەموو جیهان دەتەنێتەوە .
بەهۆی باشیی رەوشی ئابووریی هەرێمی کوردستان و زۆریی دەرفەتەکانی کار و دروستبوونی شەڕ لە سووریا و رۆژئاوای کوردستان و ناکۆکی و شەڕی تایفی لە عێراقدا و دواتریش هێرشەکانی داعش ، یەک ملیۆن و هەشتسەت هەزار ئاوارە پێش شەڕی داعش و لەگەڵ شەڕەکەدا روویانکردە هەرێمی کوردستان ، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق لەمانگی شوباتی 2014ەوە بودجەی لە هەرێمی کوردستان بڕیوە ، نرخی نەوتیش بۆ خراپترین ئاستەکانی دابەزیوە ، ئابووریی حکومەت و گوزەرانی خەڵک لە هەرێمی کوردستان بۆ خراپترین ئاستی دابەزیوە ، هەموو شارەزایانی ئابووریش کۆکن لەسەرئەوەی ئەو دابەزینەی نرخی نەوت چەندی بەهۆکاری ئابووریی بێت، ئەوەندەشی بە هۆکاری سیاسییە ، لەونێوەشدا هەرێمێک لەنێودەچێت کە چاکەی بۆ هەموو جیهان هەیە و لەبەرەی دژایەتیکردنی هیچ هاوپەیمانییەکیشدا نییە ، هەرچەندە بەکردەوە لەنێو هاوپەیمانێتی رۆژئاواییدا بێت بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا .
کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و دەتوانێت لەسەرپێی خۆی بوەستێت ، بەڵام لەو رەوشەدا بەبێ پشتیوانی ناتوانێ لەو تەنگژەیە دەربازبێت . دەربازکردنی هەرێمی کوردستان بە 10 ملیار دۆلار دەکرێت. لەکاتێکدا لە حوزەیرانی 2013ەوە تائێستا 30 ملیار دۆلار تەنیا لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە دراوەتە دەسەڵاتدارێتی سیسی لە میسر وەکو یارمەتی . هەروەها بۆ جاری سێیەم ساڵی رابردوو 86 ملیار یۆرۆ بە قەرز درایە یۆنان و 80 ملیار دۆلار بە قەرز دراوەتە لوبنان .
هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ رۆڵێکی زۆر سەرەکیی دەگێڕێت لە پاراستنی ئاسایش و بەرگریکردن لە جیهاندا ، خوێن و بودجەیەکی گەورە لەشەڕی داعشدا خەرج دەکات ، هەروەها یەکێکە لەو شوێنانەی جێگەی بۆ زۆرترین ئاوارە و پەنابەری شەڕ کردووەتەوە، بۆیەش یارمەتیدانی ئەرکێکی ئەخلاقی و ئاسایشپارێزیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە . ئەو ئەرکە بە بەستنی کۆنفراسێک لەلایەن ژمارەیەک دەوڵەتی گەورە و بەخشەرەوە بۆ یارمەتیدانی کوردستان بە تەواوی جێبەجێ دەبێت .
دابەزینی نرخی نەوت ، هەرێمی کوردستانی بەتەواوی خستووەتە تەنگژەیەکی زۆر مەترسیدارەوە کە وڵاتانی دیکەی نەوتی تێینەکەوتوون . هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کرد کە دابەزینی نرخی بەسەرداهات ، بەڵام بۆ نموونە سعودیە 700 ملیار دۆلاری یەدەگی نەختینەی هەیە ، ئیمارات 87 ملیاری هەیە ، جەزائیر 185 ملیاری هەیە ، جگە لە یەدەگەکانی دیکەیان ، بەڵام هەرێمی کوردستان هیچ یەدەگێکی نییە .
دەستقەپاتیی جیهان لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان ، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ هەستی زۆر خەڵکی جیهانیشدا یەکناگرێتەوە کە هەست بە گرنگیی رۆڵی جیهانپارێزانەی کوردستان دەکەن . برادەرێک ئەم سەری ساڵە بۆی گێڕامەوە کە شەوی 2015/1/1 لە پەنەما لە دووکانێکدا دەستی بە دەستی کەسێک کەوتووە و بە ئینگلیزی پێیگوتووە ببوورە ، ئەویش پێیگوتووە تۆ بە ئینگلیزی قسە دەکەی خەڵکی کوێی (زمانی فەرمیی پەنەما ئیسپانییە)، برادەرەکەشم پێیگوتووە کوردم ، گوتی سێ جار پرسیاری لێکردم بەڕاستی کوردیت ، ئینجا باوەشی پێداکردم و پێیگوتم بەڕاستی ئێوە جیهان دەپارێزن . بەڕاستی کاتی ئەوەیە دەوڵەتانی جیهانیش وەک خەڵکەکەی هەست بەو رۆڵەی کوردستان بکەن.



پۆل دەیڤیس

# ئایا کوردستان سەربەخۆیی پێ رادەگیرێت؟

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل پێشتر داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد کردبوو، ئایلێت شاکید، وەزیری نوێی دادی ئیسرائیل و ئامۆس یادین، ژەنەراڵێکی پێشووی هێزی بەرگریی ئەو وڵاتەش بەم دواییە رایانگەیاند کە کاتی سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنی کوردستان و ئیسرائیل هاتووە. شتێکی سروشتییە هاوسۆزییەک لە نێوان ئیسرائیل و کوردستاندا هەبێت، چونکە هەردوو گەلی کوردستان و ئیسرائیل بەرەوڕووی جینۆسایدی دڕندانە بوونەتەوە. هەردوو گەل لە ناوچەیەکدا دەژین هیچ دۆست و هاوپەیمانێکی سروشتییان نییە. ئێستاش رادیکالیزمی ئیسلامی و تیرۆریزم کە لەلایەن دوژمنانی کوردستان و ئیسرائیلەوە پشتگیری دەکرێت، بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە.
سەرۆکی هەرێمی کوردستان ماوەیەکە گفتوگۆ لەگەڵ پارتە پێکهێنەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و پێدەچێت گشتپرسی بەڕێوەبێت، بەڵام کۆمەڵێک کێشە لەئارادان کە دەبێت کوردستان تێیانپەڕێنێ، گەورەترینیشیان کێشەی ئابوورییە.
جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە ئیسرائیل ئابوورییەکی گەشەسەندووی هەیە و لەگەڵ جیهاندا لە پەیوەندیدایە، بەڵام کوردستان وڵاتێکی مووچەخۆرە و تاکە سەرچاوەی داهاتەکەشی نەوتە، ئەگەر کوردستان بیەوێت سەرچاوەی دیکەی داهاتیش دروست بکات، دیسان کۆمەڵێک کێشە لەبەردەمیدا دەمێننەوە، سەرەکیترین کێشەش ئەوەیە چۆن بەرهەمەکانی بگەیەنێتە بازاڕەکان. ئەگەرچی کوردستان نەوت هەناردە دەکات، بەڵام بۆ ئەمەشیان وابەستەی لوتفی تورکیایە کە رێگە دەدات نەوتەکە بە خاکەکەیدا بڕوات. کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ تورکیا دروست بکات و ئەو پەیوەندییە بپارێزێ.
ئەڵتەرناتیڤی تورکیا بۆ کوردستان تێکەڵکردنەوەی نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستانە لەگەڵ عێراق و قبووڵکردنی هەژمارکردنەکەی عێراق و وەرگرتنی 17%ی بەشە بودجەیە کە لە یاسای بودجەی عێراقدا هاتووە. ئەم ئەڵتەرناتیڤە لە رابردوودا عەمەلی نەبووە و لەم بارودۆخەی ئێستاشدا پێناچێت عەمەلی بێت. عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندایە و دەتوانێت نەوتی خۆی دەربکات و بە هەرزانیش بیفرۆشێت. داعش هەتا ئێستاش ناوچەیەکی زۆری لەژێر کۆنترۆڵدایە، یان هەر هیچ نەبێت هەڕەشەیە بۆ سەر ناوچەیەکی بەرفراوان و ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت داناوە. تورکیا لەگەڵ دانیشتووە کوردەکانی خۆی لە شەڕدایە و هەڕەشەکانی بۆ سەر کوردی سووریا بەردەوامە. سووریا گیرۆدەی جەنگی ناوخۆییە و ئەوەشی ماوەتەوە لەگەڵ داعشدا دەجەنگێت. ئەگەر رووسیا بۆ ئەم کۆکتێلە زیاد بکەین، ئەوە دەبینین ئەم وڵاتەش کێشەی هەناردەکردنی نەوتی هەیە و چاوەڕێش دەکرێت هەناردەکردنی نەوت تووشی سەختیی دیکە ببێتەوە.
ئەی باشە کوردستانی سەربەخۆ چی بەسەردێت؟ ئیسرائیل دەڵێت پێویستە هاوکاریی کورد بکرێت، بەڵام ئایا ئێستا کاتی ئەوەیە؟ ئەگەر سەربەخۆیی رابگەیێنرێ، ئەمریکا و ئەورووپا چی دەکەن؟ ئەو دوو وەڵامەی دەکرێت چاوەڕێیان بکەین، ئەوەیە کە یان ئەوەتا وەکوو بەشێک لە عێراق بمێننەوە و ئاواتی باشترین ئەنجام بخوازن، یانیش سەربەخۆیی رابگەیەنن و هیوای باشترین ئەنجام بخوازن. کوردستانێکی سەربەخۆ زیاتر لە ئێستا وابەستەی تورکیا دەبێت. کێشانی سنوورەکان هەتا ئەو ئاستەی بەشێک لە ناوچە کوردییەکانی سووریاش بگرێتەوە، دەشێت دەرفەتە ئابوورییەکانیش فراوان بکات، بەڵام ئەمە نایانگەیەنێتە دەریا، مەگەر ئەوەی سنوورەکانی هەتا لازقیە درێژ بکاتەوە، ئەمەش پردێکی لە رادەبەدەر دوور و درێژە، هەڵبەت ئەمە لکاندنی بەشێک لە خاکی تورکیا بە کوردستانی نوێوە دەگەیەنێت، بەڵام ئەمە جەنگێکی قورس لە ناوچەکەدا هەڵدەگیرسێنێ کە کورد ناتوانێت تێیدا براوە بێت.
باس و گفتوگۆ و تەنانەت دەمەقاڵەی زۆریش لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت چی بکرێت؟ ئەم پرسیارەش وەڵامدانەوەی ئاسان نییە. حکومەتی هەرێمی کوردستان تووشی تەنگژە بووە، لە کاتێکدا پشتی بە نەوتێک بەستووە کە نرخەکەی لە بازاڕەکانی جیهاندا تادێت دادەبەزێت، لە رەوشێکی ئاوادا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بیر لە دروستکردنی سەرچاوەی نوێی داهات بکاتەوە.
لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بیناسازی و کەرەستەی بیناسازی لەپاڵ کشتوکاڵدا بەشێکی بەرچاو لە سەرچاوەکانی داهات بوون، وەکوو چۆن بەرهەمهێنانیش دەکرێت سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بێت، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرمایەی بیانی بۆ نێوخۆ رابکێشێت. بانکداریش بوارێکی دیکەیە کە دەتوانێت بیری لێ بکاتەوە، ئایا هەولێر ناتوانێت ببێتە سویسرایەکی نوێ؟ ئەوانە دەکەونە داهاتوو، بەڵام بۆ ئێستا دوو شت هەیە ئەملاو و ئەولای تێدا نییە، یەکەمیان ئەوەیە پێویستە پارە لە هەموو جیهانەوە بڕژێتە نێو هەرێمی کوردستانەوە. دووەمیش هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە پەیوەندییە باشەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا بپارێزێت، بەڵام دۆخی ئەمنیی ناوچەکە کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە. تورکیا، داعش و ئێران ناوچەیەکیان کردووە بە ئاگر، لەم دۆخەشدا بزنس ناتوانێت کاری خۆی بکات.
کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆ هەرێمی کوردستان باشتر وایە سەربەخۆ بێت یان وەکوو بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە؟ وەکوو پێشتر گوتم، عێراق دەوڵەتێکی فاشیلە و لە باشترین حاڵەتدا هەرێمی کوردستان دەشێت وەکوو یەکەیەکی جودا لەژێر فۆرمێک لە فۆرمەکانی عێراقێکی فیدراڵدا بمێنێتەوە. ئەمە باشترین بژارە نییە بۆ هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی کورد نەتەوەیەکی جیاوازە و دواجار ئەمە بۆ کورد خۆی دەگەڕێتەوە کە بڕیار بدەن ئاخۆ دەتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو لەناو وڵاتێکی سەربەخۆی خۆیاندا بژین یان نا. کاری خەڵک و حکومەتی کوردستانە کە گەرەنتی ئەوە بکەن ئابوورییەکی کارا دروست بکەن. ئەوەی پەیوەندی بە بەشەکانی دیکەی جیهانەوە هەیە ئەوەیە دڵنیایی بدەن کە ئەم وڵاتە نوێیەش، وەکوو ئیسرائیل، دەتوانێت بێتە بوون. گشتپرسی دەستپێکی پرۆسەکەیە، بەڵام ئەم دەوڵەتە نوێیە دەبێت لە لایەن زلهێزەکانەوە قبووڵ بکرێت. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت یەکەم دوو وڵات بوون کە دانیان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نا. ئێستاش هەموو شتەکان کەوتوونەتە سەر ئەوەی ئاخۆ سیاسەتکار و دیپلۆماتکارانی کوردیش وەکوو پێشمەرگەکان ئازا و نەترسن؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بەدیلی بارزانی

1

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی ساڵی نوێی زاینییەوە، بە تایبەتیش ئەو پەرەگرافەی کە باسی چارەسەری گرفتەکانی پرۆسەی سیاسیی کوردستان دەکات، ئەگەر بە سەرێکدا کردنەوەی دەرگای چارەسەری بێت بۆ قەیرانی سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئەوا بە سەرێکی دیکەدا، بێمنەتکردن و سەرپشککردنی هێزە سیاسییەکانە لە دۆزینەوەی چارە بۆ ئەو دۆخە.

بارزانی لە پەیامەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خۆی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، گەڕێکی تازە لە گفتوگۆ لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەت و پارلمان دەست پێدەکات. بەڵام گرفتی سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا هەموو حیزبەکان (بە گۆڕانیشەوە) بەشدار دەبن؟ یان ئەگەر بەشدار بن، لەسەر چ ئاستێک دەبێت؟

لە ماوەی ڕابردوودا، بزووتنەوەی گۆڕان لە مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا، خۆی کردە تەرەفی هەرە سەرسەختی پارتی و ئەوەی لێکەوتەوە کە هەمووان دەیزانن و ئەوەش دەرهاوێشتەی ئەوە بوو کە نەتوانرا یان ئیرادەیەک نەبوو بۆ ئەوەی شەخسی یەکەمی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا و بارزانی پێکەوە کۆبنەوە و لەسەر سیغەیەک ڕێکبکەون. ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە لە مێژووی کاری هاوبەشی سیاسی و ئیداریی نێوان مام جەلال و کاک مەسعوددا زۆرن. لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە مەکتەب سیاسییەکانی پارتی و یەکێتی دەیانگەیاندە مریشکەڕەشە، ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنا.

دیوەکەی دیکەی ئەوەیە کە کۆبوونەوەکان هیچیان لێ شین نەبێت، هەر بۆیە بارزانی لە پەیامەکەیدا، وێڕای ئەوەی کە جەخت لە دووبارە دەستبەکاربوونەوەی پەرلەمان "لەسەر بنەمایەکی نوێ" دەکاتەوە! سێ بژارەش دەخاتە بەردەم حیزبە سیاسییەکان.

ئەم بژارانە پێشتریش هەبوون، بەڵام دوای ڕووداوەکانی مانگی حوزەیران، ئاب و تشرینی یەکەم، بارودۆخ شتێکی دیکەیە. واتا حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هەموو جۆرە دەرفەتێکیان خراوەتە بەردەم بۆ ئەوەی چیدی موزایەدەی سیاسی نەکەن.

یەکەم: دەتوانن بە گفتوگۆ لەگەڵ دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، یاسای سەرۆکایەتی هەموار بکەنەوە و پرۆژەیەکی تازەی بۆ ئامادە بکەن کە خودی سەرۆکایەتیی هەرێم پشتیوانیی لێ بکات.

دووەم: بڕیاری هەڵبژاردن بدەن، بەپێی یاسای بەرکاری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، جا ئەوکاتە بارزانی یان خۆی کاندید دەکات، یان کاندیدی دەبێ و پشتیوانیشی لێ دەکات.

سێیەم: بگەڕێن بزانن دەتوانن بەدیلی بارزانی بدۆزنەوە (کە وا نیشان دەدرێت زۆر ئاسانە؟).

چوارەم: ڕازیبوون بەو بارودۆخە تا هەڵبژاردنی داهاتوو.

# خۆسەری و قوربەسەری!

3

لانیکەم لە حوزەیرانی 2015 وە کە پەکەکە، ئاگربەستی درێژخایەنی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا شکاند، ئەو ڕێکخراوە چەکدارە باجی هەڵە و کەموکوڕییەکانی بە خەڵکی کوردستانی باکوور بەتایبەتی و، باشوور و ڕۆژئاواش دەدات. ئەگەر لە نەوەدەکاندا، دەوڵەتی تورک بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەوڵی ڕاگواستنی خەڵکی لە کوردستانی باکوورەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکیا هەبووبێ، نەهامەتیی ئەمجارە بەشێکی زۆری ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی پەکەکەیە. لە 10 ساڵی ڕابردوودا، پەکەکە لە چەندین مانۆڕی چارەنووسسازدا (لە سیاسەت و لە شەڕ) شکستی هێناوە و باجەکەشی خەڵکی باکوور داویانە.

ئەمڕۆ کە پەکەکە وەک دوا چارەسەر، شەڕی بردووەتە ناو کۆڵانەکانی باکوور و پێیوایە بەو شێوەیە دەگاتە ئامانج، وێڕای ئەوەی دەبێ پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی باکوور بکرێت، دەبێ پەکەکە بچێتە بن بەرپرسیارێتی ئەو هەنگاوەشەوە. گەل لە کوردستانی باکوور ڕانەپەڕیوە (جارێ هەر وا شارەکان چۆڵ دەکەن) و ئەوەی شەڕ دەکات پەکەکەیە و داواکاریکەشی خۆسەریی دیموکراتییە نەک قەوارەیەکی نەتەوەیی، شتێک وەکو لامەرکەزیەتی پارێزگاکانی سەردەمی پۆل بریمەر!

بۆیە ئەگەر لەم هەنگاوەشیدا شکست بێنێت، ئیتر خەڵکی باکووری کوردستان، باجی هەڵە یان تاکتیکەکانی ئەوان نادەن. ئەوان بە کوشتنی دوو پۆلیس، سەرلەبەری دەستکەوت و پرۆسەی سیاسییان کردە قوربانی و گەل لە باکوور ئەمجارە پێش ئەوەی دەست بەڕووی تورکەوە بنێت، دەست بەڕووی ئەوانەوە دەنێت.

# قەیرانی سەرۆکایەتیی هەرێم لە 2017

2

دەرفەتێک هاتووەتە پێش و قوفڵی دەرگای چارەسەری کێشەکان خەریکە دەکرێتەوە. هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان (کە مەرکەزی کێشەکەیە) شتێکی ئەستەم نییە، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنێکی سیاسی لەسەر نەکرێت و نەکرێتە یاسا، هەمان ئەو کێشەیەی ئێستا لە 2017 یش بەرۆکی کوردستان دەگرێتەوە. هەندێک لایەن لە کوردستان (بە پارتیشەوە)، لەگەڵ بە سەفسەتەکردنی ئەم مەسەلەیەن و لای ئەوان بەردەوامیی قەیرانەکە زەمینەی کار و کەرەستەی بانگەشەی سیاسییە.

چونکە بۆ زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکان، خودی بارزانی، نەک پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم، ئامانجی سیاسین. بۆ پارتی دەستگرتن بەو ئامانجە و سیاسەتکردن لە پشت ئەو ڕەمزەوە و بۆ ئەوانی دیکەش تێکشکاندنی ڕەمزەکە، ئامانجە. دەبێ هێزە سیاسییەکان ئەوەیان بۆ سەلمابێت کە حەزفکردنی بارزانییەکان نەک هەر لە هاوکێشەی سیاسیی کوردستاندا، بگرە لە هی ناوچەکەشدا کارێکی زەحمەتە و بۆ پارتیش سەلمابێت کە وجودیان وەکو حیزب بەوەوە بەستراوەتەوە.

بۆیە پارتی و حیزبەکانی کوردستان، دەبێ واز لە بارزانی بێنن کاری خۆی بکات. چونکە ئەو ڕەمزێکە کە نە ئەوان دروستیان کردووە و نە ئەوانیش پێیان دەشکێنرێت.

لە دەرەوەی ئەو باسە، ئەگەر حیزبەکان ئامانج و دەستمایەی دیکەی سیاسی (کە لەمڕۆی کوردستاندا زۆر و زەبەندن و خۆیانی لێ نادەن) بدۆزنەوە، دەتوانن نەک هەر یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، بگرە بە هەفتەیەک دەستووریش بۆ کوردستان بنووسنەوە و بیخەنە ڕیفراندۆمەوە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# تورکیا پێویستی بە کوردستانە

دەزگای ستراتفۆری ئەمریکی پێشبینی دەکات ساڵی 2016 ببێتە ساڵی هەستانەوەی تورکیا. تورکیایەک کە بە دەستێک لەگەڵ هەولێر تەوقە دەکات و بە دەستەکەی دیکە بڕیاری شەڕ لە ئامەد دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەکان پیشانی دەدەن کە ئەمساڵ زۆرتر لە هەر ساڵێک ئەنقەرە پێویستی بە هەولێرە. ئەمەش، ئەگەر زانیمان بەکاریبهێنین، بە قازانج بۆ کوردستان دەشکێتەوە.

ئەگەر ئەو پێشبینییانە ڕاست دەربچن، تورکیا هەم لە باشووری کوردستان و هەم لە ڕۆژئاواش دێتە نێوەوە و بە بیانووی شەڕی دژی داعش سنوورێک بۆ فراوانبوونی دەسەڵاتی پەکەکە لەو دوو بەشەی کوردستان دادەنێت. کاتی هاتنەکەشی سیمبۆلیکە. چونکە سەت ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆدا تێدەپەڕێت.

ئەو ئەزموونەی ئێستا لە باشووری کوردستان هەمانە و ئومێدمان بە سەربەخۆبوونی هەیە، داری هیواکانی لەسەر سەربەخۆیی ئابووری لەڕێگەی نەوتەوە ئاودراوە. وا تێگەیشتووین ئەو نەوتەی لە سایکس-بیکۆدا ئێمەی سووتاند، ئێستا ئەوانە دەسووتێنێت کە نایانەوێ سەربەخۆ بین. بۆیەش دەنگمان بەرامبەر بەغدا زوڵاڵ بوو و دامانا بودجە بڕینەکەی مالیکی و درێژەپێدانی لەلایەن عەبادییەوە زۆر بڕنەکات. بەڵام هاتنی داعش و ئەو گوشارە گەورەیەی لەسەر کوردستان دروستبوو، پیشانی دا لە حیساباتەکانماندا کورتبینیی تێدا بووە.

جاران کێشەی گەورە ئەوە بوو کە مالیکی بودجەی بڕیوە و دەبێ حکومەتی خۆمان مووچە و بودجەی خۆی دابین بکات. دڵمان بە پڕۆژە تەواونەکراوەکانمان لە بواری وزەدا خۆش بوو، دەمانزانی بەزوویی ئەو خۆشگوزەرانییەی لە کابینەکانی نێچیرڤان بارزانیدا نەخشەیان بۆ دانرا و وردە وردە جێبەجێ دەکران، پاش تەواوبوونی ئەو پرۆژانە درێژەی دەبێت. داعش هات، لێشاوێکی گەورەی پەنابەران هات، بودجەیەکی زەبەلاحی باربووکردنی جەنگمان کەوتە سەرشان و لەجیاتی ئەوەی تەنیا خەمی مووچەمان بێت، کێشەی پێشتر چارەسەرکراوی کارەباش دیسان سەریهەڵدایەوە. لەوەش خراپتر قەیرانێکی سیاسی و یاساییش لە کوردستان دروستبوو. لەوەش ناخۆشتر نرخی نەوت هێندە دابەزی کە کەڵکی ئەوەی نەما لە کورتخایەندا ئومێدت هەبێ بە پارەکەی بتوانیت قەیرانە دووقاتبووەکانی کوردستان چارەسەر بکەیت.

ئەو هەواڵانەی لە دەرەوەی کوردستانەوە سەبارەت بە نەوت دەگەن دڵخۆشکەر نین. ئێران لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا دیسان چالاکانە دەگەڕێتەوە بازاڕی فرۆشتنی نەوت. لە ڤەنزوێلا گۆڕانکاریی سیاسی ڕوویداوە و ڕەنگە کاریگەریی هەبێت لەسەر زۆرتربوونی ئاستی ناردنی نەوت بۆ بازاڕ. ئەمریکاش دەستی بە هەناردەکردن کردووە. لەو نێوانەدا سعودیە کورتهێنانی بودجەی خۆی بە هەناردەکردنی زۆرتری نەوت بۆ بازاڕ قەرەبوو دەکاتەوە. ئەنجامەکەی بۆ ئێران و زۆر وڵاتی دیکە کارەساتبارە. بۆ ئێمەش ئەو نەوتەی دامانابوو هێندە گران بیفرۆشین کە داهاتەکەی بۆ نەوەکانی دواڕۆژیش بخەینە سندووقەوە، بەشی ژیانێکی سادەی نەوەی ئێستاش ناکات.

هەڵبەت نابێ نائومێد بین. ئەمساڵ تورکیا و ڕووسیا لەسەر دۆسیەی سووریا کێبڕکێی زۆرتریان دەکەوێتە نێوان. ئەوەش وادەکات پرۆژە وزەییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دوابکەون و لەجیاتی ئەوە، ئەنقەرە زۆرتر پێویستی بە باشووری کوردستان و ئازەربایجان بێت. بەوهۆیەشەوە ناچار بێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزەی خۆی وەبەرهێنانی زۆرتر لە نەوتی باشووری کوردستاندا بکات. ئەمە پێگەی هەولێر بەهێز دەکات. چونکە لەلایەکەوە وادەکات ژێرخانێکی بەهێزتری بەرهەمهێنانی نەوت دروستبکات و ئاستی وەبەرهێنانی، وەکو نموونەی سعودیە بەرزتر بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانێت بۆ ئەمساڵ پارەی زۆرتر لە تورکیا و وڵاتانی دیکەی کڕیاری نەوت وەربگرێت و کێشەی بێپارەیی پێ چارەسەر بکات. بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە تەنانەت ئەگەر باری ئابووریی کوردستان بشگەڕێتەوە بۆ قۆناخی بەر لە هاتنی داعش، هێشتاش پرۆژە چاکسازییەکەی حکومەت و چاوخشاندنەوە بە پاشاگەردانی لە سیاسەتی دارایی ئەو حکومەتەدا، پێویستە و نابێ لێی پەشیمان بێتەوە.



عادل باخەوان

# پارتی بۆچی یارییەکەی تێکدا؟

کێڵگەی سیاسی بریتییە لەو ڕووبەرەی کە چەندین ئەکتەری جیاواز، بە چەندین کێبڕکێی جیاوازەوە، خۆیانی تێدا دەبیننەوە. لەنێو ئەم ڕووبەرەدا، کاڵا سیاسییەکانی وەک پرۆگرامی سیاسی، ڕوانین، شرۆڤە، بۆچوون، چەمک، ڕووداو بەرهەم دەهێنرێن و هاووڵاتی ئاساییش دەخرێتە بەردەم یەک بژارەوە کە بریتییە لە "ئیستیهلاک"ی ئەوەی ئەوان بەرهەمی دێنن.

لەنێو کێڵگەیەکی سیاسیی جێگیردا، هەمیشە سیستمێک هەیە کە پێگەکان بەسەر دوو دیودا دابەش دەکات: دیوی هەژمووندارەکان و دیوی هەژموون لەسەرکراوەکان. نۆرم و بەرژەوەندی و ڕێکخستن و ستراتیژییەکانی سیستمی کێڵگە، هەمیشە لەلایەن هەژمووندارەکانەوە دەنووسرێنەوە و دەستنیشان دەکرێن و دواتر بەسەر هەموو پێگەکانی دیکەدا دەسەپێنرێن.

لە سیستمێکی دیموکراتیکدا، ئەم پێگانە هەمیشەیی نین، هەڵبژاردنەکان دەتوانن هەژمووندارەکانی ئەمڕۆ بکەن بە هەژموون لەسەرکراوەکانی دوێنێ. بەڵام لەو سیستمانەدا کە لەسەر "ئۆتۆریتاریزمی دیموکراتیک" دامەزراون، هەڵبژاردنەکان هەمیشە لێرەن بۆ ئەوەی پێگەی هەژمووندارەکان چەند بارە بسەلمێنن.

لە کوردستاندا (مەبەست لە باشووری کوردستانە)، ئێمە کێڵگەیەکی سیاسیمان هەیە بە سیستمێک لە نۆرم و ستراتیژی و بەرژەوەندی و گرەوی مێژووییەوە کە لەلایەن دوو ئەکتەری هەژمووندارەوە بەرهەمهێنراون (پارتی دیموکراتی کوردستان بە پلەی یەک و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پلەی دوو) و پاشان بەسەر تەواوی پێگە هەژموون لەسەرکراوەکانی دیکەدا (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و وردە حیزبەکانی دیکە) فەرزکراون.

لەنێو ئەم کێڵگەیەدا، ئەوە هەژموون لەسەرکراوەکان نین کە دەستنیشانی ئەولەویەتەکان، پرۆگرامە گەورەکان، بەرژەوەندییە باڵاکان، هێڵە سوورە نیشتمانییەکان، یاخود قەواعیدی یارییەکە دەکەن، بەڵکو هەژمووندارەکانن کە هەر یەکێک لەم شتانە دیاری دەکەن و دواتر وەک پرسی نیشتمانی پیرۆز دەخرێنە سەر شانۆکان.

تراژیدیاکە لەوەدایە، جەستەی کێڵگەی سیاسی لە کوردستاندا لەژێر زەبری چەندین "پاتۆلۆژی/نەخۆشی" ترسناکدایە کە ئێمە لە وتارێکی کورتی ئاوادا ناتوانین ئاماژە بەهەموویان بدەین و لەسەریان بوەستین (کارێکی وا تەنیا بەتوێژینەوەی زانستی دەکرێت)، بەڵام دەتوانین بەخێرایی تیشک بخەینە سەر کوشندەترینیان.

بەلای منەوە مانەوەی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان لە دەستی حیزبدا یەکەم نەخۆشیی کوشندەی ئەم کێڵگە سیاسییەیە، چونکە دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان و پاراستنی هەژموونی ئەکتەرێک و درێژەدان بە چیرۆکی پەیوەندییەکانی هێز لە نێوان ئەکتەرەکاندا بەکاربهێنرێن. ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردووی کوردستان یەکێکن لەو ئاماژانەی کە بەئاسانی دەمانبەنەوە سەر واقیعیەتی ئەم بۆچوونە.

نەخۆشییەکی کوشندەی دیکەی ئەم کێڵگەیە بریتییە لە پرۆسێسی (بەلاستیکیکردنی قەواعیدەکانی یارییەکە)، بەو مانایەی کە لە خەیاڵدانی کۆلێکتیڤی کورددا، هەر نۆرمێک لەو نۆرمانەی سیستمی کێڵگەی سیاسی کوردستان بەڕێوەدەبەن، لە هەر چرکەساتێکدا قابیل بە کشان و دەستکاریکردن و جێگۆڕکێین. ئەم نەخۆشیە کوشندەیە وا دەکات کە بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیان گومان لە هەموو کاڵایەکی کێڵگەی سیاسی بکەن.

لە پەنای ئەم دوو نەخۆشیە کوشندەیەدا، نەخۆشییەکی دیکە هەیە کە دەکرێت وەک دەرئەنجامی دووەکەی دیکە وێنای بکەین و من ناوی دەنێم: سەرەتانی دەزگای دادوەری. هەر کێڵگەیەکی سیاسی "سەربەخۆی دیموکراتیک"، پێویستی بە ئامادەییەکی بەهێزی دەزگایەکی دادوەریی سەربەخۆی کارا هەیە. ئەم دەزگایە لەیەک ئاستدا و بە یەک میتۆد مامەڵە لەگەڵ تەواوی ئەکتەرەکانی کێڵگەی سیاسیدا دەکات و لەو شوێنەدا کە ئەوان دەگەنە بنبەست، ئەم دێتە پێشەوە و دەرگاکانیان لێ دەکاتەوە. پاش بیست و پێنج ساڵ لە تەمەنی کێڵگەی سیاسی کوردستانی، ئەم جەستەیە تائێستاش بەدەست سەرەتانی ناسەربەخۆبوونی دەزگای دادوەرییەوە دەناڵێنێ.

لەپەنای ئەم سێ نەخۆشییە کوشندەیەدا، لیستێکی درێژی دیکە لە نەخۆشی هەن کە وادەکەن، کێڵگەی سیاسی کوردستانی ڕووبەرێکی "جێگیر لەنێو زەمەندا"ی نەبێت و ئەکتەرەکانی نێو ئەم ڕووبەرە، هەر لە پارتییەوە تا دەگاتە یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، هەر یەکە و لە ئاستی خۆیدا و بەپێی بەرژەوەندی و خەیاڵدانە سیاسییەکەی، یاری بە نۆرمەکانی کێڵگەکە بکەن، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە ببنەوە.

لەم تایپە لە کێڵگەی سیاسیدا، ئێمە ناتوانین باس لە ئامادەیی سیستمێکی "تۆتالیتێر" یان "دیکتاتۆر" بکەین، چونکە چەندین حیزبی سیاسی، بە چەندین خەیاڵدانی سیاسی جیاواز و بەرژەوەندی و ستراتیژی جیاوازەوە ئامادەن. لەهەمانکاتدا ناتوانین باس لە سیستمێکی "دیموکراتیک" بکەین، چونکە هەر هیچ نەبێت ئەو سێ گەورە نەخۆشیە کوشندەیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدان، لە هەر شوێنێک ئامادەبوون، دیموکراسی لەو شوێنەدا نابێت!

بۆیە پێموایە باشترین چەمکێک کە دەتوانێت ئێستا و ئێرەی کێڵگەی سیاسی کوردستانیمان بۆ پێناسە بکات، بریتییە لە "ئۆتۆریتاریزمی دیموکراتیک" کە لە چەندین جێگای دیکەدا بەدرێژی باسم کردووە. لەم سیستمەدا هەڵبژاردن هەیە، بەڵام بۆ جێگۆڕکێی پێگەکانی دەسەڵات نییە، بەڵکو بۆ سەلماندنی پێگەکانی دەسەڵاتە، لەم سیستمەدا نۆرم هەیە، بەڵام بۆ ناچارکردنی هەموو ئەکتەرەکانی نێو کێڵگەکە نییە، بەڵکو بۆ یادهێنانەوەی ڕۆڵەکانیانە وەک هەژموونداران و هەژموون لەسەرکراو!

بێهودە نییە کە لەو کێڵگە سیاسیانەی لەسەر "ئۆتۆریتاریزمی دیموکراتیک" بیناکراون، تێکدانی کۆی یارییەکە و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی لە سفرەوە هەمیشە ئامادەیە، باشترین نموونەش میسر و کوردستان و بەحرەینە. لە هەر یەکێک لەم سێ ڕووبەرەدا، لە ماوەیەکی کورتدا یارییەکانی کێڵگەی سیاسی تێکدران و سەرلەنوێ، لە سفرەوە دەستپێکرانەوە.

خاڵی لاوازی "ئۆتۆریتاریزمی دیموکراتیک" بریتییە لەوەی کە دیوارێکی پۆڵایین لەنێوان دیموکراسی و کۆمەڵگادا دروست دەکات: کۆمەڵگا هەتا ماوە دەبێت لە چاوەڕوانیی دیموکراسیەکدا بێت کە هەرگیز ناگات! بەڵام خاڵی بەهێزی ئەم سیستمە لەوەدایە کە هەر کاتێک بیەوێت تەواوی یارییەکە تێکدەدات و دواتریش لە سفرەوە دەستپێدەکاتەوە، وەک ئەوەی پێشتر هیچ ڕووی نەدابێت، لەکاتێکدا ئەوەی پێشتر ڕوویداوە ڕەنگە تراژیدیای گەورە بووبێت.

بەهێزیی ئەم سیستمە لەوەدایە کە تراژیدیاکان ئاسایی دەکاتەوە تا ڕادەی لەبیرچوونەوە و لەبیربردنەوە! کێ لە ئێستادا باس لە قەڵاچۆی برایانی موسوڵمان لە میسر، کۆمینۆتێی شیعە لە بەحرەین دەکات؟ کێ دەزانێ کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، حیکایەتی دکتۆر یوسف محەممەد و ناردنەوەی بۆ سلێمانی لەبیرناچێتەوە؟



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# ئایندەی ئیسلامی سیاسی

هەرچەندە هاوڕێیانمان لەناو پارتە ئیسلامییەکان بەکارهێنانی دەستەواژەی ئیسلامی سیاسییان پێ خۆش نییە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە ناچارییەکی ئەکادیمیە بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوەی ئەو باسەی لەبارەیەوە قسە دەکەین.

ئیسلامی سیاسی زاراوەیەکی تایبەتە و بۆ ئەو پارت و لایەنە سیاسیانە بەکاردێت کە پاشگری ئیسلامییان هەڵگرتووە و لەچوارچێوەی بانگەواز و سیاسەت و حیزبایەتیدا هەوڵ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەدەن.

پێشتر ئەم پێناسەیە ڕاشکاوانەتر دەکرا و ئیسلامی سیاسی بەهەموو ئەو پارت و هێزانە دەگوترا کە هەوڵیان بۆ بە ئیسلامکردن "اسلمە"ی هەموو شتێک دەدا، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانە ڕێژەییەی بەسەر ستراتیژ و بیرکردنەوەی ئەم پارتە سیاسیانەدا هاتووە لە 10 ساڵی ڕابردوودا -وەک قبوڵکردنی دیموکراسی- دەشێت ئەو پێناسەیە تارادەیەک بووبێتە پێناسەیەکی کلاسیک.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا لە ساتەوەختی ئێستادا و بە تێڕوانین بۆ داهاتوو و گوزەرکردن بەرابردووی و نزیک و دووردا، چارەنووسی سیاسی ئەم هێزانە بەکوێ دەگات و دەتوانن چی بکەن؟ ئایا ئیسلامی سیاسی داهاتوویەک چاوەڕوانی دەکات؟

دەتوانم ڕێگە بەخۆم بدەم تەمەنی ئیسلامی سیاسی بۆ سەرهەڵدانی تەوژمی ئیخوان موسلمین لە میسر و لە جیهاندا و (الجماعە الاسلامیە)ی ئەبو ئەعلای مەودودی لە پاکستان بگەڕێنمەوە.

ئەم تەوژمە ڕاستەوخۆ لەپاش کەوتنی خەلافەت یان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەرهەڵدەدات، هەر بۆیەش تایبەتمەندێتی سیاسی و دەوڵەتیی زیاتر بەسەر ئەم تەوژمەوە زاڵە، چونکە لە پەرچەکرداری دارمانی ئەو ئیمپراتۆریەتەوە هات کە وەک نوێنەری ئیسلام لە جیهاندا تا ساڵی 1922 پایەدار و بەرقەرار بوو.

ئەگەر سەرەتاکانی ئیسلامی سیاسی بۆ ئەوکاتە بگەڕێنینەوە، کەواتە تەمەنی ئەم تەوژمە نزیکەی یەک سەدە دەبێت، لەهەندێک کاتدا بەتەواوی گەشەو نەشونمای کردووە و لەهەندێک کاتیشدا بەتەواوی لە سستی و لاوازیی داوە، وەک زۆربەی تەوژمە سیاسی و فیکرییەکانی دیکە.

ئەوەی جێی سەرنجە، لەماوەی ئەم سەد ساڵ تەمەنەدا ئەزموونی ئیسلامی سیاسی-میانڕەو- نەیتوانی بۆ یەکجاریش لەیەکێک لە زێدەکاندا بگاتە لووتکەی دەسەڵات و دەسەڵاتی تەواوی و فەرمی بگرێتە دەست، جگە لە بەشێکی فەلەستین، واتە لە کەرتی غەزە.

ئەگەر لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئیسلامی سیاسی نەیتوانیبێ هیچ جۆرە ئەزموونێکی حوکمڕانی تاقی بکاتەوە- لەبەر دەیان هۆکاری خودی و بابەتی- ئاخۆ بارودۆخی ئێستا و گۆڕانەکان بەتایبەت لە پاش بەهاری عەرەبییەوە هیچ چانسێکی لەناوخۆیدا بۆ ئەم جۆرە لە گوتار و لە سیاسەتکردن هەڵگرتووە؟

کەمبوونەوەی چانس لەبەردەم ئیسلامی سیاسیدا هۆکارە سەرەکیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیسلامی سیاسی لەسەر دوو پانتایی سەرەکی ئیشی دەکرد و ئێستا هەردوو ئەو پانتاییە لەلایەن هێزی دیکەوە داگیر کراون.

یەکەمیان: پانتایی نارەزایی جەماوەری لە حوکم و دەسەڵاتە گەندەڵەکانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی کە ئێستا لە پاش بەهاری عەرەبی، دۆخی بەرهەڵستکردنی ئەم دەسەڵاتانە بەشێوەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئیسلامی سیاسی- باڵە میانڕەوەکەی- وەک نەیاری پلە یەک تەماشا ناکرێت، بەڵکو چەندین هێز و گرووپی دیکە سەریان دەرهێناوە کە بەرهەڵستی دەسەڵاتە گەندەڵەکان دەکەن، بێ ئەوەی ئایین و سیاسەت تێکەڵ بکەن.

بەهاری عەرەبی چانسێکی دایە ئیسلامی سیاسی و پاشان لێی سەندەوە، بەهۆی باردۆخی نادیموکراتیانەی کۆمەڵگاکانی بەهاری عەرەبی و هەروەها سروشت و پێکهاتەی پارتە ئیسلامییەکان کە لێرەدا ناتوانین بچینە سەر درێژەی شیکردنەوەی ئەو سروشتە، بەڵام ئەوەی بەسەر ئیخوان موسلیمیندا هات لە میسر، ئەزموونێکی گەورە بوو بەسەر میتۆدی ئیشکردنی پارتە ئیسلامیەکاندا هات.

دووەم: پانتاییەکی دیکە کە ئیسلامی سیاسی ئیشی لەسەر دەکرد، نوێنەرایەتیکردنی ئایین و مەزهەبی گەلانی موسوڵمان بوو لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، بەڵام ئێستا گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی نێودەوڵەتی و توندبوونەوەی ململانێ هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان بەشێوەیەکە، خودی دەوڵەتان و حوکمڕانەکان ئەم ڕۆڵە پڕدەکەنەوە و ئەوان نوێنەرایەتی خودی ئایین و کولتوور و مەزهەب و ترادیسیۆنی ئەو ناوچەیەش دەکەن کە حوکمی دەکەن.

سستبوونی ڕۆڵی بەرهەڵستکارانەی پارتە ئیسلامییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئێستادا خودی دەوڵەتان لە جەنگێکی تائیفی و مەزهەبی و ئاینیدان و پارتە ئیسلامییەکان ناچارن پشتگیری دەوڵەتەکانیان بکەن، یان لانیکەم لەم قۆناغەدا بەرهەڵستییان نەکەن، ئەمەش لەسەر قورسایی جەماوەریان دەکەوێت.

کەواتە چ ڕۆڵێک بۆ ئیسلامی سیاسی ماوەتەوە جگە لەوەی پارتەکانیان وەک هەر پارتگەلێکی سیاسیی دیکە خەباتی مەدەنی و سیاسی بکەن، چ بۆشاییەکیش لە دەوڵەتدا ماوەتەوە کە ئەوان پڕی بکەنەوە جگە لەوەی بەشدارییەکی ڕەمزی لە پشتگیری و بەهێزکردنی دەوڵەتەکانی خۆیاندا بکەن؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## تەرزە عەبدوڵڵا
## دەیەوێت ببێتە خێرخواز


« 11


**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قڕگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



Empire
Building the Future World




Call:
0750 640 8811
0750 640 8822
0750 640 8833

www.empireiraq.com